تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

م. ئە. حەسرەتیان

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

یاسا دەستوورییەکانی
تورکیا و کورد
لەسەردەمی نوێدا

وەرگێڕانی لە رووسییەوە

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَا الثقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَا الثقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

حکومەتی هەرێمی کوردستان
مەڵبەندی کوردۆلۆجی

یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد
لە سەردەمی نوێدا

م. ئە. حەسرەتیان
وەرگێڕانی لە روسییەوە
د. دلێر ئەحمەد حەمەد

چاپی یەکەم
سلێمانی ٢٠٠٧

کتێب : یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا
بابەت : مێژوویی
نووسینی : م. ئە. حەسرەتیان
کۆمپیوتەر : ئەڤین عوسمان ئەحمەد
هەڵەبڕی و وردبینی: مژدە ئەحمەد حەسەن
دیزاین : ڕەوەند ئەحمەد کەریم
پێداچوونەوەی زمانەوانی: د.کەمال عەلی
بەرگ : سۆران عەلی ئەمین
ژمارەی سپاردن : (١٠٣٢) ی ساڵی ٢٠٠٧
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار

مەڵبەندی کوردۆلۆجی (٦)
ناونیشان: گردی ئەندازیاران- گەڕەك: ١٠٥ کۆلآن: ٢٥ ژ.خانوو: ٤ ژمارەی پۆست: ٩٥
بەرامبەر ئوتێل بابل- کوردستان . سلێمانی - ژ.تەلەفون: ٣١٩٣٠٩٣ — ٣١٩٣١٧٥

ناوەرۆك

توركیا: دەستووری ئایدیۆلۆجیا و ئایدۆلۆجیای دەستوور ــ ــ ــ (٧)

پێشــــــەكی ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ (١٥)

بەشــــی یەكــــەم : یاسا دەستوورییەكانی توركیا و رەوشی كورد لە ساڵانی بیستەكان و سییەكاندا ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ (١٧)

بەشــــی دووەم : یاسا دەستوورییەكانی توركیا و كورد لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ (٦٣)

بەشــــی ســــێیەم : یاسا دەستوورییەكانی توركیا و كورد دوای كودەتای میللیتارلیزمی ساڵی ١٩٨٠ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ (١٠٣)

ئەنجــــام ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ (١٤٩)

ســــەرچاوەكان ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ ــ (١٥٥)

تورکیا : دەستووری ئایدیۆلۆجیا و ئایدۆلۆجیای دەستوور

د. رەفیق سابیر

١

دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک، لە ساڵی(١٩٢٤) دا لەسەر وێرانەی ئیمپراتۆریای عوسمانی دامەزرێندرا. ناسیۆنالیزمی تورک هەر لەسەرەتاوە پرۆژەی دەوڵەتێکی داڕشتبوو کە لە سایەیدا جگە لە تورک و زمانی تورکی هیچ رەگەز و زمان و کولتوورێکی تر مافی بوون و ژیانی نەبێت. تورکبوون، تەنیا بناغەی ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی تورک نەبوو، بەڵکو دواتر کرایە پێوەری هاووڵاتیبوون و تورکیزمیش گۆڕدرا بە تاکە کولتووری سیاسیی زاڵ و ئاینی نوێی دەوڵەت.

ئاشکرایە ئەم پرۆژەیە لە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمان و فرەئاین وفرە مەزهەبی وەک تورکیادا، کە ئەو کاتە تورک لە نیوەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە نوێیە کەمتر بوون، کارێکی سەخت و تەنانەت مەحاڵیش بوو. بەڵام دەوڵەتی تورکیا، بە رابەری (مستەفا کەمال) هەموو توانایەکی تەرخان کرد تا "باخچەی تورکیا" بەو جۆرە رێک بخات کە ئایدیۆلۆجیستانی ناسیۆنالیزمی تورک نەخشەیان بۆ کێشابوو. بۆیە بە پێی "تیئۆری باخچە" غەیرەتورک کرانە ئەو گژوگیا بێفەڕەی کە بۆ رێکخستن و جوانکردنی "باخچەکە" دەبوو لەناو ببردرێن، تورکیایش گۆڕدرا بەو جیوگرافیا بەرتەسکەی کە جگە لە تورک جێگای هیچ رەگەزێکی تری تێدا نەبێتەوە.

تورکەکان پێشتر، لە ساڵی (١٩١٥)دا، لە کوشتاری ئەرمەندا زیاتر لە ملیۆنونیوێک کەسیان لەناو برد بوو، کەچی بێ سزا دەرباز بوو بوون. ئەوان بە غرور و بڕوابەخۆبوون و توندوتیژییەکی کەموێنەوە دەستیان بە جێبەجێکردنی سیاسەتی بەتورککردن و لەناوبردنی گەلانی نێو تورکیا کرد. بەڵام ئەم سیاسەتە دەبوو لە سەرەتاوە رواڵەتێکی دەستووری و "رەوا"ی پێ بدرێت و بە یاسا پشتئەستوور بکرێت. یەکەمین دەستووری تورکیا، کە لە (٢٠) ی نیسان (ئاپریل) ی ساڵی (١٩٢٤)دا لە لایەن ئەنجومەنی بەرزی نەتەوەیی تورکیاوە پەسند کرا، پوختەی ناوەرۆکی ئایدیۆلوجیا و ئامانجی ناسیۆنالیزمی تورکی تێدا چەسپێندرا. بە پێی ئەو دەستوورە،بۆ نمونە: *هەموو تورکێک بە ئازادی لە دایک دەبێ (مادەی ٦٨). هەموو تورکەکان بەرامبەر بە یاسا یەکسانن (مادەی ٦٩). هەموو دانیشتوانی تورکیا بە بێ جیاوازیی ئاینی و نەژاد، گشتیان تورکن (مادەی ٨٨).*" * دوای ئەم مادانە و چەندین مادەی تری دەستووری و یاسایی جۆراوجۆر، کە ناوەرۆکێکی رەگەزپەرستانەیان هەبوو، ساڵی (١٩٣٠) پوختەی سیاسەتی رەسمیی دەوڵەت، لە زمانی وەزیری داد (مەحموود عیزەت بێگ) بەم جۆرە راگەیەندرا: "*تورک گەورەیە، تاقە خاوەنماڵی وڵاتە، ئەوەی بە رەگەز تورکێکی خاوێن و پاک نەبێ تەنها یەک مافی لەم وڵاتەدا هەیە ئەویش ببێتە خزمەتکار.*" *

پاش ئەوەی بە پێی یاسا کوشتنی زمان و کولتووری نەتەوە غەیرە تورکەکان رەوا کرا، نۆرەی سەپاندنی زمانی تورکی و یاساخکردن و کوشتنی زمانانی تری نێو تورکیا هات. هەر جۆرە بەرهەڵستییەکی ئەم سیاسەتە بە توندترین شێوە وەڵام دەدرایەوە. لە کوردستاندا، کە خەڵک داکۆکی لە زمان و کولتووری خۆی دەکرد، لەشکری تورکیا دەستی بە کوشتاری بە کۆمەڵی کورد کرد و سەدان هەزار خێزانی کوردیشی بە زۆرەملێ بۆ دەرەوەی کوردستان راگوێزا، تا لەناو کۆمەڵی تورکدا بتوێنەوە. سیاسەتی زمانی و نەتەوەیی دەوڵەتی تورک و تاوانەکانی لە کوردستاندا تیژ و مۆدێلێکی نوێیان بۆ دنیا خستە روو، کە

پوختەی ئەوەیە: سنووری نێوانی کوشتنی زمان و کولتوورێک (کولتوور ساید) و نێوان جینۆ سایدی نەتەوەیەک تەنیا هەنگاوێکە. ئەوانەی بڕیار دەدەن زمان و کولتووری نەتەوەیەک بکوژن، دەشتوانن، ئەگەر گەیشتن بەم ئامانجە بخوازێت، نەتەوەکەیش جینۆساید بکەن. ، ئەم مۆدێلەی تورک بۆ چارەسەری کێشەی ئەرمەن و کورد دای هێنا، بیست ساڵیک دواتر نازیستەکانی ئەڵمانیا بەرامبەری جولەکە و قەرەجەکانی ئەلمانیا و ئەوروپا دووبارەیان کردەوە.

ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک، لە بنەڕەتدا پشت بە ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم دەبەستێت، کە ئایدۆلۆجیایەکی رەگەزپەرستانە (راسیستانە)یە.

رەگەزپەرستی لە دوو فۆرمدا خۆی دەردەخات: بایۆلۆجی و کولتووری. فۆرمی بایۆلۆجیی رەگەزپەرستی، باوەڕی بە قەدەرییەتی بایەلۆجی هەیە (چارەنووسی ئێمە لە لایەن بایالۆجیاوە دیاری کراوە)**، بۆیە بە گوێرەی ئەم مۆدێلە مرۆڤ و گەلان بە پێی رەگەزەکانیان پۆلێن دەکرێن و جیاوازی لە نێوانیان و لە مافەکانیاندا دەکرێت. رەگەزی سپی، لە هەموو رەگەزەکانی تر، بە گرنگتر و بالاتر و داهێنەرتر دادەندرێت. ئەم جۆرە رەگەزپەرستییە وەک ئایدیۆلۆجیا، سەرەتا لە ئەوروپادا، دەرکەوت. پرۆسیسی کۆلۆنیالیزم لە ئەوروپادا پێویستی بە ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسی و بەهانەیەکی ئەخلاقی و کولتووری هەبوو تا بتوانێت رەوایی بە خۆی بدات. بەهانەکەیش ئەوە بوو ئەو گەلە کۆلۆنیلکراوانە، کە سەر بە رەگەزی تر بوون و رەنگی پێست، یان فۆرمی جەستەیان جیاواز بوو، بە دواکەوتوو و دڕندە وێنا کران، چەوسێندرانەوەو ئەو جۆرە مافانەیان پێ رەوا نەبینرا کە پێست سپییەکان (ئەوروپاییەکان) هەیان بوو. لە هەمان کاتدا پرۆسەی کۆلۆنیالیزمیش وەک کارێکی شارستانی، کە دەیەوێت ئەو گەلانە فێری شارستانی و مەدەنییەت بکات، وێنا کرا. ئەم دیاردەیە لە ئەوروپادا، دوای تێکشاندنی نازیزمی ئەڵمانیا، لە شەڕی دووەمی جیهاندا، دوایی هات. لە سەرەتای نەوەتەکانیش، دوا قەلای رەگەزپەرستیی بایەلۆجی لە

باشووری ئەفریقادا هەرەسی هێنا. کەچی رەگەزپەرستیی کولتووری، گەلان و مرۆڤەکان بە پێی جیاوازیی ئێتنیکی و کولتووری پۆلێن دەکات و جیاوازیی لە مافەکانیاندا دەکات. لە هەمان کاتدا زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنی کولتوور و زمانێک و لەناوبردنی کولتوور و زمانێکی تر بە رەوا دادەنێت. نووسەر و توێژەری فینلەندی (تۆڤێ سکوتناب کانگاس) ئەم جۆرە رەگەزپەرستییە بە ئێتنیسیزم (Ethnicism) و لینگڤیسیزم (Lingvicism) ناو دەبات و دوڵەتی تورک بەوە تاوانبار دەکات کە ئەم شێوە رەگەزپەرستییە بەرامبەری کورد و زمان و کولتووری کوردی پەیڕەو دەکات.***

٢

ناسیۆنالیزمی تورک (کەمالیزم) کە هێشتا ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی تورکە، بە درێژایی ئەو ماوەیە نەیتوانی نە نەتەوەیەکی هۆمۆجین و نە پێناسە (ئایدێنتێتی)یەکی نەتەوەیی یەکگرتوو دروست بکات. ئیمڕۆ تورکیا، وەک هەشتا ساڵ پێش ئێستا، رووبەڕووی قەیرانی پێناسە بۆتەوە. تورکیا هێشتا بە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەکولتوور و فرەزمان ماوەتەوە. زۆرن ئەوانەی هێشتا تورکبوون بۆ ئەوان، کە بە زەبری ئایدیۆلۆجیا و قامچی بە سەریاندا سەپێندراوە، نەک هەر مایەی بەختەوەری و شانازی نییە، بەڵکو سەرچاوەی بەدبەختی و مایەی نەفرەت و نەگبەتییە. ئیمرۆ ئەو کولتوور و زمانە جیاوازانە، وەک نوێنەری نەتەوەکانی نێو تورکیا، لە پێش هەموویانەوە کولتوور و زمانی کوردی، هەوڵ دەدەن ناوەرۆکێکی سیاسی بە خۆیان بدەن و پێناسەی نەتەوەیی ئەو خەڵکانە دەربڕن کە هەشتا ساڵە پێناسەی نەتەوەییان دەکوژرێت.

قەیرانی پێناسە و قەیرانی کولتووری و سیاسیی دەوڵەتی تورکیا لە کەمالیزمەوە، کە ئایدیۆلۆجیایەکی رەگەزپەرستانەیە بەرامبەر نەتەوە غەیرەتورکەکان، سەرچاوەیان گرتووە. دوژمنایەتیی ئەم ئایدیۆلۆجییایە لە گەڵ

ئاینی ئیسلام و کولتووری ئیسلامی و هەر کولتوور و ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسیی جیاوازدا، رواڵەتێکی تری رەگەزپەرستیی کەمالیزم دەردەخات. ئایدیۆلۆجیایەکی لەم جۆرە ناتوانێت فاشیستی نەبێت.

بەڵام ئیمڕۆ پرسی کورد و نەتەوەکانی تر و پێناسەی ئیسلامیی کۆمەڵی تورک، بۆ دەوڵەتی تورکیا، وەک برینی (پاژنەی ئەشیل)یان لێ هاتووە و بە توندی تەحەدای ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم دەکەن و پێناسە و یەکبوونی تورکیایان خستۆتە ژێر پرسیارەوە. ئایا ئەو دەوڵەتەی کەمال ئەتاتورک دروستی کرد، وەک ئیمپراتۆریای عوسمانی، لە لم و لە سەر لم هەڵچندراوە و سەرەنجام هەرەس دەهێنێت، یان شتێکی ترە؟ بە رای من سیاسەتی لەمەودوای دەوڵەتی تورکیا خۆی دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. ئایا تورکیا بە راستی دەیەوێت تێکەڵاوی ئەوروپا و دنیای مۆدێرن ببێت و دیاردەی فرەکولتووری و فرەزمانی و فرە نەتەوە و ئاینی قبووڵ بکات و بە مایەی دەوڵەمەندیی کولتووری و شارستانیی دابنێت، یان وەک رابردوو سەروەری و بوونی خۆی لە کوشتنی ئەو نەتەوە و زمان و کولتوورانەدا دەبینێتەوە؟

ئیمڕۆ تورکیا، وەک تاکە قەڵا و دوا قەڵای رەگەزپەرستی لە دنیادا ماوەتەوە. ئایا لە دنیای ئیمڕۆدا، کە مافی مرۆڤ و ئازادیی زمانی و کولتووری بوونەتە بەهای گەردوونی، دەکرێت دەوڵەتێک بە ئایدیۆلۆجیایەکی رەگەزپەرستانەوە داهاتووی هەبێت. باوەڕ ناکەم. چونکو رەگەزپەرستی، بایۆلۆجی بێت، یان کولتووری و زمانی، تاوانێکە بەرامبەری مرۆڤایەتی و لەوە زیاتر نە گەلانی نێو تورکیا و نە جیهان دەتوانن قبووڵی بکەن.

٣

ئێستا لە تورکیادا هێزی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەرکەوتوون و چاویان لە گۆڕانکاری و داهاتوو بڕیوە. هەڵبژاردنەکانی هاوینی ساڵی(٢٠٠٧)و ئەنجامەکانی، هێز و ویستی ئەو هێزە نوێیانەی نێو تورکیا پێشان دەدەن. ئەم

هەڵبژاردنانە، بە رای من، تەنیا دەنگدانێک نەبوو بۆ هەڵبژارنی ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا و سەرۆک کۆمار، بەڵکو راپرسییەکیش بوو لە بارەی کەمالیزم و داهاتووی کەمالیزم. سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان لەو هەڵبژاردنەدا، خۆی لە خۆیدا، هەڵاتنی زۆرینەی گەلی تورک و گەلانی تری تورکیایە لە کەمالیزم. چونکو تەنیا گەلانی غەیرەتورک لە دۆزەخی کەمالیزمدا نەسووتێندراون، بەڵکو گەلی تورک خۆی قوربانییەکی دیکەی کەمالیزمە.

هەشتا ساڵە کەمالیزم وەهم و خورافە و لوتبەرزیی نەتەوەیی لە کۆمەڵی تورکیادا دەچێنێت، هەشتا ساڵە کەمالیزم خەڵکی تورک فێری رەگەزپەرستی و رقبوونەوە لە غەیرەتورک و بەسووکڕوانین بۆ زمان و کولتووری لە خۆی جیاواز دەکات. من نەتەوە و کۆمەڵێک ناناسم هێندەی تورک هەستی شۆڤێنیستی لە نێودا بەهێزبێت. ئەو تورکانەی کە تەنانەت لە ئەوروپا دە ژین قبووڵ ناکەن مرۆڤ کورد بێت. منداڵانی تورک، کە لە ئەوروپا لە دایک دەبن، زۆرینەیان هەر لە ساڵی یەکەمی خوێندنیانەوە، بە گژ ئەو منداڵە کوردانەدا دەچنەوە کە، لە پۆلەکانیاندا، کوردبوونی خۆیان رادەگەیەنن. شەڕی نێوان منداڵانی تورک و کورد، لەسەر پێناسەی (ئایدێنتیت)ی کوردبوون، لە نێو منداڵانی هەندێک قوتابخانەی ئەوروپادا، هێندەی شەری ئەمریکا و ئەلقاعیدە ناسراوە!! بە کورتی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم و پرینسیپەکانی بە جۆرێک تێکەڵاوی ژیان و پەروەردەی تاک و کۆمەڵی تورک و ژیانی سیاسی و کولتووریی تورک بوون کە کۆمەڵی تورکی گۆریوە بە کۆمەڵێکی نەخۆش، کۆمەڵێک کە ناتوانێت پێداویستییەکانی ئەندامانی، لەوانە پێداویستیی زمانی و کولتووری، دەستەبەر بکات و مافی ژیان و ئازادی بە خەڵکی غەیرەتورکی وڵاتەکەی بە رەوا بزانێت.

پێدەچێت، ئیمڕۆ، زۆرینەی گەلی تورک بە دوای هێزێکی سیاسیی عەقڵانیدا بگەڕێت کە لە رێگای سیاسەتێکی مۆدێرن و عەقڵانییەوە لە وەهم و بەڵای کەمالیزم و کولتووری رەگەزپەرستی و دژەئیسلامی رزگاریان بکات. ئایا

پارتی داد و گەشە پێدان دەتوانێت ئەو (گۆدۆ) چاوەڕوانکراوەی گەلی تورک بێت؟

بەڵام شکستهێنانی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم، وەک ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت، بە تەنیا ناتوانێت گەلی تورک لە پەتای شۆڤێنیزم رزگار بکات و ئەو راستییەیان لەلا بچەسپێنێت کە گەلانی تری تورکیایش، وەک تورک، مافی ژیان و ئازادیی زمان و کولتووریان هەیە. چونکو کەمالیزم و پرینسیپەکانی بوونەتە بەشێکی هێندە گرنگ لە بیرکردنەوە و تێڕوانی کۆمەڵی تورک و بە جۆرێک بە ژیانی سیاسی و کولتووریی تورکیادا رۆچوون کە بە ئاسانی رێشەکێش ناکرێن. بۆیە لە داهاتوویشدا دەتوانن، بەم یان بەو شێوەیە، درێژە بە خۆیان بدەن و لە فۆرم و شێوەی نوێدا دەربکەونەوە.

بە رای من گرنگترین قەڵای ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم دەستووری تورکیایە، بۆیە سەرەتای شکستهێنانی راستەقینەی کەمالیزم بە گۆڕینی دەستووری تورکیا دەست پێ دەکات. چونکو ئەم دەستوورە، پێچەوانەی دەستووری هەر دەوڵەتێکی مۆدێرن، دەستوورێکی ئایدیۆلۆجییە و لە بنەڕەتدا لە کەمالیزمەوە سەرچاوەی گرتووە. دەستووری تورکیا خۆی رۆحی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم، لە فۆرمێکی یاساییدا، بەرجەستە دەکاتەوە. دەستووری تورکیا واتا کەمالیزم، کەمالیزمیش واتا دەستووری تورکیا. ئەو کەسەی گومانی لەم بۆچوونە هەیە دەتوانێت ئەم کتێبەی م. ئە. حەسرەتیان (یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد) بخوێنێتەوە کە هاوڕێم د. دلێر ئەحمەد، راگری کۆلێجی زانستییە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی، لە رووسییەوە کردوویەتی بە کوردی.

وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ کوردی لەمڕۆدا کارێکی گرنگە بۆیە دەستخۆشی لە وەرگێر دەکەم. نووسەری ئەم کتێبە، کە کوردناسێکی ناسراوی رووسیایە و شارەزای تورکیایشە، بە وردی لە دەستوور و یاساکانی تورکیای کۆڵیوەتەوە و بە تایبەت لەو مادە و بەندانە راماوە کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە. باسی ئەو ئەنجام و عاقیبەت و تاوانانە دەکات کە، لە تورکیادا، بە ناوی دەستوور و یاساوە

دژی کورد کراون. نووسەر لەم رووەوە زانیاری و ئاگاداریی فراوان و بە نرخ لە بارەی ناوەرۆکی دەستووری تورکیا و سروشتی دەوڵەت و ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتەکە بە خوێنەران دەدات. هەروا ئەم کتیبە لە کاتێکدا کراوە بە کوردی و بڵاو دەکرێتەوە کە تورکیا لەبەردەم گۆڕانکاری دایە و پەرلەمانی تورکیا و حکومەتی (رەجەب تەیب ئەردوگان) پرۆژەی دەستوورێکی نوێ بۆ تورکیا ئامادە دەکەن. ئایا دەستووری نوێی تورکیا تا چەند دەتوانێت نائایدیۆلۆجیانە و مۆدێرن و دیموکراتانە بێت؟ تا چ ئەندازەیەک پرینسیپەکانی ئازادی و مافی مرۆڤ و ئازادیی زمانی و کولتووری و نەتەوەیی گەلانی دیکەی تورکیا لەخۆ دەگرێت؟

تورکیا هێشتا دەوڵەتێکی نیمچە میلیتارییە و عەسکەر ئەکتەرێکی گرنگی سیاسییە، بۆیە مرۆڤ ناتوانێت، لەمڕۆدا، چاوەڕێی دەستوورێک بکات کە لە کولتوور و ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم شۆرابێتەوە. بەڵام دەستووری نوێی تورکیا چەند لەم کولتوور و ئایدیۆلۆجیایە دوور بکەوێتەوە، هێندە گەلی تورک روو لە ئازادی و پێشکەوتن و پشت لە شۆڤێنیزم و کولتووری رەگەزپەرستی دەکات.

---

*ئەم قسەیەی وەزیری دادی ئەو سەردەمەی تورکیا و دەقی مادەکانی دەستووری تورکیا لەم کتێبە (یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد) وەرگیراون.

** Tove Skutnabb-Kangas, Minoritet, språk och rasism, s.۲۰۲

*** هەمان سەرچاوە، لا. ۲۰۳

پێشەکی

بە درێژایی هەموو قۆناغەکانی کۆماری، دەسەڵاتدارانی تورکیا هەوڵیان داوە نەک هەر دان بە بوونی کێشەی کورددا نەنێن، بەڵکو نکوڵیان لە بوونی نەتەوەی کوردیش لە وڵاتەکەدا کردووە. ئاماری تورکیا هیچ کات وێنەیەکی راستەقینەی پێکهاتەی نەتەوەیی وڵاتەکە نادات بە دەستەوە: لە فۆرمی ناونووسیندا پەیوەنداری (ئینتیما) ی نەتەوەیی تێدا نانووسرێ، بەڵکو لە جیاتی ئەمە زمانی دایك تۆمار دەکرێت. ئەمە جگە لەوەی بەهۆی بارودۆخی سیاسی تورکیاوە خەڵکی زۆرجار پێوەندارێتیی نەتەوەیی خۆیان دەشارنەوە. هەموو ئەوانە فاکت و بەڵگەن بۆ ئەوەی بڵێین ژمارەی نەتەوە ناتورکەکان لە وڵاتدا گەلێ زۆرە. بۆ نموونە لە ناونووسییکردنی ساڵی (١٩٢٧) دا (بە ماکی زمانی دایك) کەمە نەتەوەکانی ویلایەتی ئەستەمبوڵ (بە کورد و چەرکەسەوە) نزیکەی لە (٢٧٪) دەبوون، نا موسوڵمانەکانیش لە (٣١,١٤٪) بوون ئەوەی جێگای سەرنجە لە (٣٪) لە خەڵکی ناموسڵمانی ئەو ناوچەیە دانیان بە زمانی رەسەنی خۆیاندا نا کە تورکیە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە تەنیا لە ویلایەتی ئەستەمبوڵدا. (٢١,٢٥) خەڵکی ناتورك حسابی تورکیان بۆ کرابوو. بەم شێوەیە بە پێی ئامار و ناونووسییکردنی خەڵکی لەسەر بنچینەیی زمانی دایك، ژمارەی دانیشتوانی کەمە نەتەوەییەکانی تری کەم کراوەتەوە. لە کاتێکدا بەر لە هەموو شت ئەم ئامارەی ساڵی (١٩٢٧) ناتەواو بوو، چونکە بەشێکی زۆری خەڵکی ئەو سەردەمە نەخوێندەوار بوون. ساختەکردن بە ناونووسکردن لەگەڵ هەندێ هۆکاری تر بوونە هۆی ئەوەی چەند ناوچەیەکی کوردنشین نەگرێتەوە. بەم شێوە سەرژمێری ساڵی (١٩٢٧) قەوارەی دانیشتوانی دەرسیمی بە (٢٧٠) هەزار کەس داناوە، بەڵام تەنها ناوچەکانی خۆزات، پێرتێك، چارسانجاك،

نەزیمیە، ئۆڤاجیك، مەزگیت، چەمش کزك، واتە ناوچەکانی ناوەند و هۆزەکانی دراوسێی گرتۆتەوە. کوردێکی زۆری ناوچەکانی کیگی، تولومور، ئێرزنجان، کێماخ، کوردوچای، کۆچگیری، دیڤیرگی، کۆچخیسار ناونووس نەکران.

ئەمە بووە هۆی ئەوەی حکومەتی تورکیا لە ساڵی (١٩٣٨) دا دان بەوەدا بنێ کە لە دەرسیم (٥٠) هەزار کورد دەژین.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە لە ساڵانی بیستەکاندا لە زۆربەی ناوچەکاندا تورك کەمایەتی بوون. کەمە نەتەوایەتییەکان لە رۆژهەڵات و باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا رێژەی لە (٪١٥,٣) ی پێك دەهێنا. کوردیش لە (٪٤٧) ی ناوچەکەی پێك دەهێنا. ئەمە گەواهی ئەوە دەدات کە کورد لەو پارێزگایانەی ناومان هێنان بە شێوەیەکی چڕ و بە یەکەوە دەژیان، لەوەش بترازێ لە چەند ویلایەتێکی تر کوردەکان زۆرینەی دانیشتوانیان پێك دەهێنا. بۆ نموونە لە ویلایەتی وان کورد لە (٪٧٧) ی دانیشتوانان بوون. لە پێکس و موش و سیرت لە (٪٧٥) ی بوون، لە دیاربەکر و هەکاری لە (٪٦٩)، ماردین لە (٪٦١)، ئێلیزیگ لە (٪٥٣) ، تا ساڵی (١٩٢٥) کوردەکان لێرە زۆرینە بوون. بەڵام دوای شکانی راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران دەسەڵاتدارانی تورکیا زۆربەی کوردەکانیان بۆ رۆژئاوای تورکیا راگواست و بەمەش ژمارەیان کەم بۆوە هەرچەندە دواتر سەرباری ئیجرائاتی ئیداری و پۆلیسی کە دەرهەقی ناوچەکەیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کورد هێشتا زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتی پێکدەهێنا.

ئەم ئامار و ژمارانەی باسمان لێوە کرد لە رۆژهەڵات و باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا ئەوە دەردەخەن کە کەمە نەتەوەکان لە (٪٤٠) ناوچەکە پێك دەهێنن و کوردیش لەوانە لە (٪٣٧) دانیشتوانەکە پێك دەهێنێت. بەم شێوەیە لەم ناوچەیە کورد بە شێوەیەکی چڕوپڕ دەژیان و بەردەوام بوون لە پاراستنی تایبەتمەندی و زمانی رەسەنی خۆیان و مافی ئەوەیان هەبوو ئەو هەقە بە خۆیان بدەن سەربەخۆیی ئابووری، کۆمەڵایەتی وکولتووریی خۆیان بپارێزن و گەشەیان پێبدەن، بەڵام سیاسەتی کۆنەپەرستانەی حکومەتی تورکیا بەردەوام مافەکانی گەلی کوردی پشتگوێ خستووە و رێگر بووە لە بەردەم هیوا و ئامانجەکانیدا.

بەشی یەکەم
یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و ڕەوشی کورد
لە ساڵانی بیستەکان و سییەکاندا

لە ساڵانی بیستەکان و سییەکاندا بزاڤی کوردی لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەردەوام بوو. کۆمەڵێك فاکتەر بەردەوام زەمینەیان بۆ جوڵانەوەکە خۆش دەکرد و ڕەوایەتییان پێ دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کاری ئیداری و عەسکەری زیاتری بڕ نەدەکرد. هاوکات یاسای جۆراوجۆر بە شێوەیەك دادەڕێژران کە کت و مت بۆ دژایەتیکردن و لە ناوبردنی جوڵانەوەی کوردی بوو لە تورکیا.

لە ڕۆژانی (١٥-٢٣) ی تەموزی (١٩١٩) دا کۆنگرەی ئەرزرۆم بەڕێوە چوو. کێشەی کورد لەم کۆنگرەیەدا بابەتی سەرەکیی لێدوان و گفتوگۆ بوو. بەڵام لە بەیاننامەی کۆتایی ئەم کۆنگرەیەدا تورکە ناسیۆنالیستەکان بە هیچ جۆرێك باسیان لە مافی گەلی کورد نەکردو بە تەواوی خۆیان لەم کێشەیە کەڕکرد و دزیەوە ، جگە لەمەش تورکە ڕەگەز پەرستەکان توانیان بڕیارێکی وا دەربکەن کە گشت موسوڵمانان ناچار بکەن، لەوانە کوردیش، خەبات لە دژی جیابوونەوەی ڕۆژئاوای ئەرمێنیا و باکوری کوردستان لە دەوڵەتی تورکیا بکەن.

هەروەك لە بەیاننامەی کۆنگرەکەدا هاتووە: ((ویلایەتەکانی ئەرزرۆم، سیواس، دیاربەکر، خەرپوت، بەتلیس، کۆی گشتیان یەك شتن و بە هیچ جۆرێك و بە هیچ بیانوویەك نابێ لە ئیمپراتۆریای عوسمانی جیابکرێنەوە.

موسوڵمانان کە لەسەر ئەم خاکە دەژین و لە گروپ و نەتەوەی جیاجیا پێکهاتوون و خاوەن تایبەتمەندی جیاوازن، بە گشتی هەموو ئەو ماك و رەگەزە ئیسلامیانە بە جۆرێ تەماشا دەکرێن وەك برای یەکتر و لە یەك خێزان لە دایك بووبن (١٦،لا،٣٨١) ئەم جۆرە پان ئیسلامیزمە بۆ تورکە ناسیۆنالیستەکانی ئەو سەردەم پێویست بوو تا یاری بە هەست و سۆزی ئاینیی خەڵك بکەن و کەمینە موسوڵمانەکانی تر بە دەوری خۆیاندا کۆبکەنەوە، وەك (کورد، چەرکەس، لاز،......... هتد) تا دژی بێگانەی دەست درێژکەر و مەسیحییەکانی ناو وڵات بەکاریان بهێنن .

هەر لێرەدا ئەوەی پەیوەندی بەم باسەوە هەیە بڕیاردانی کۆنگرەی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئەنادۆڵ و رومێلی کە لە(٤) تا(١٢/٩/ ١٩١٩)بەسترابوو، دەخەینە ڕوو. بۆ نموونە لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە کەمالیستەکان بڕیاریان لەسەر داوە بە تایبەت لە کۆنگرەی سیواس لە(١٩١٩/٩/١١)کە ئاراستەیەکی دژە ئیمپریالی هەبوو بەڵام بە روحێکی ناسیۆنالیستانە سەرشۆڕ ببوو. بە تایبەت لە پشتگوێ خستنی مافی کەمە نەتەوەییەکان لەوانە کورد.

لەم دۆکومێنتەدا هاتووە: رووبەری ئیمپراتۆریای عوسمانی کە دانیشتوانەکەی بە زۆری موسوڵمانن و لە (٣٠) ئۆکتۆبەری (١٩١٨) دا واتە لەو رۆژەی کە ئاشتی تێدا ئیمزا کراوە، هەر لە چوارچێوەی سنووری ئێمەدا دەمێنێتەوە و بریتییە لە یەکەیەکی گشتی، نابێ هیچ بەشێکی لە دەوڵەتی عوسمانی لێ جیابکرێنەوە جا بە هەر هۆکار و لە ژێر هەر دروشمێك و بیانویەکدا بێت (٢١، لا، ١٢٧) .

بڕیارەکانی کۆنگرەی ئەرزڕۆم و سیڤاس بوونە بنەمایەك بۆ ئەنجوومەنی نەتەوەیی کە لە ساڵی (١٩٢٠) دا لە لایەن پەرلەمانی ئیستەمبوڵەوە بڕیاری لەسەر درابوو، زۆربەی پەرلەمێنتارەکان پشتگیریان لە بۆچوونەکانی کەمالیستییەکان کردبوو.

لە مادەی یەکەمی ئەنجوومەنی نەتەوەییدا هاتووە: بەشێکی ئیمپراتۆریای عوسمانی کە کەوتۆتە هەردوولای هێڵی رێککەوتننامەی مودرۆس و ئاشتی، کە خەڵکی تورک موسوڵمانی بە زۆری تێدا نیشتەجێن و بە ئاین و کولتوورەوە بە یەکەوە بەستراونەتەوە و بۆ یەك ئامانج هەوڵ دەدەن، بریتیین لە یەکێتی و یەك کۆی گشتی کە قبوول نیە و ناکرێ لە ژێر هەر فاکتەر و هۆکارێکدا جا یاسایش بێت پارچە پارچە بکرێت. (٣٢، لا، ٥٢).

ئەو پرینسیپانەی کە لە ئۆیێتی نیشتمانیدا دارێژران ئیدی بوونە بنەمایەك بۆ کارو چالاکییەکانی تورکە ناسیۆنالیستەکان، هەر بەم بۆنەیەوە قسەیەکی بەناوبانگی کەمال ئەتاتورك هەیە کە لە یەکی مارتی (١٩٢٢) دا وتویەتی : (هێڵی سەرەکی کارکردنمان لە بوارەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەدا بریتییە لە بنەماکانی ئۆیێتی نیشتمانی).

بڕیارەکانی کۆنگرەی ئەرزرۆم و سیواس کە لە لایەن ئۆیێتی نیشتمانییەوە پەسەند کران، بەو مانایە دێت کە ئیدی کەمالیستەکان بێ گوێدانە بەڵێنەکانیان ئامادە نەبوون مافی ئۆتۆنۆمی بدەنە کوردەکان لەناو تورکیای نوێدا و دانیان بە مافە نەتەوەیەکانیاندا نەنا، هەوڵیان دا خەباتی رزگاریخوازییان بۆ خزمەتکردنی جوڵانەوەی نەتەوەیی تورکی بەکاربهێنن، بۆ ئەم مەبەستەش دروشمی یەکێتی ئاین و کولتوور وەك ئامانجێك بەکاردەهێنران . ئەم جۆرە سیاسەتەی کەمالیستەکان نەك هەر نەیانتوانی ببنە رێگر و کۆسپ لە بەردەم پرسی کوردیدا، بەڵکو بوونە هۆکاری سەرەکێش بۆ ئەوەی جوڵانەوەی کوردی لە سەردەمی نوێدا دەست پێ بکات. لە بارودۆخێکدا کە گوتارەکان بەردەوام دژی دەسەڵاتدارانی ئەنقەر بوون، ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیا چەند یاسایەکی دەرکرد بۆ سزادانی هەر جۆرە گوتارێك دژی کەمالیستەکان بێت.

بەم شێوەیە لە ئەپریلی (نیسان) (١٩٢٠) دا (ئەنجوومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیا) یاسای لە بارەی تاوان و خیانەتی نیشتمانی دەرکرد. یاسای ژمارە (٢) دەڵێ: هەر کەسێك یاخی ببێت یا هەر جۆرە شتێکی تری لەم بابەتە ئەنجام بدات جا بە قسەکردن یاخود کاری چاپ و بڵاوکردنەوە بێت دژ بە دەسەڵاتی ئەنجومەنی بەرزی نیشتمانی کە دەسەڵاتێکی یاساییە و گەر بە مەبەستی ئازادکردنی خەلیفە و سوڵتان و رزگارکردنی

خاکیش دروست بوویێت هەروەها بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەموو جۆرە هێرشێك بۆ سەر وڵات بە خیانەت حسێب دەکرێت. (مادەی یەکەم) : هەر کەسێك تاوانێك دژی نیشتمان ئەنجام بدات سزاکەی هەڵواسین و لە سێدارەدانە (٧، لا٤- ٥) I,I م، ٢) ئەم یاسایە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دژی کوردە شۆڕشگێڕەکان بەکاردەهێنران، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە پێیان وابوو هێشتا کەمە، لەبەرئەوە لە (١١) ی ئەیلولی (١٩٢٠) دا ئەنجومەنی باڵای نیشتمانی یاسای ژمارە (٢١) دا لە بارەی سەربازە هەڵاتووەکانەوە پەسەند کرد.

بە گوێرەی ئەم یاسایە دادگەی سەربەخۆیی دامەزرێندران کە لە ئەندامانی ئەنجومەنی بەرز پێکهاتبوون و دەبوایە بە پێی دەق و یاسا مەدەنی و عەسکەرییەکان حوکم بدەن و لە هەر حاڵەتێکیشدا ئەگەر پێویست بکات بە پەلە دەتوانن سزای سەربازە هەڵاتووەکان و ئەوانەی هاوکاریان کردوون بدەن. مادەی یەکەم ((م.I)) حوکمەکانی دادگەی سەربەخۆیی یەکلاکەرەوە بوون و هەموو دەسەڵاتەکانی مەدەنی و عەسکەری دەبوایە جێبەجێیان بکەن (٧، ب I، لا، ٦١) دواتر پێکهاتەی دادگەی سەربەخۆی زیاتر گەورە و فراوان کران. لە تەمووزی (١٩٢٢) ئەنجومەنی بەرز یاسای ژمارە (٢٤٩) ی پەسەند کرد کە دەربارەی تۆمارکردنی هەموو سیستێمەکانی دادگەی سەربەخۆیی بوون.

بە گوێرەی یاسای نوێ و بە ئامانجی بنبڕکردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی لە کانونی دووەمی (١٩٢٣) دا دادگەی تایبەت بە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات دامەزرێندران یان دروست کران کە سەنتەرەکەی لە دیاربەکر بوو.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٢٣) دا ئەنجومەنی بەرز یاسای ژمارە (٣٥٦) ی دەربارەی لەناوبردنی باندیزم (چەتەگەری) پەسەندکرد کە لە لایەن وەزیری ناوخۆ، مەلحی بەگەوە ئامادەکرابوو، لە کاتی لێدوان لەبارەی پرۆژە یاساییەکە لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان و وەزیری ناوخۆ لۆمە و گلەیی وەزیریان کرد کە لە کاتی ئەنجامدانی کاری دژ بە (باندیزم) دا چەتەگەری یاسای پشتگوێ خستبوو.

پەسەندکردنی ئەو یاسایە سزاکانی چ لەسەر (باندیزم) ە چ لەسەر لایەنگری کردن و شاردنەوەی باندەکان بەهێزتر کرد (٧، ب٥، ٦، لا٣٨٤، ٣٨٥) . زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان پشتگیری ئەم یاسایەیان کرد.

بەڵام هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان کە سەر بە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بوون پشتگیریان نەکرد. بۆ نموونە فەرەیدون فیکری بەگ کە نوێنەری ناوچەی دەرسیم بوو وتی : وەزیری ناوخۆ بە ئاشکرا وتی کە: من هیوادارم ئەم یاسایە پەسەند بکرێت کەس لە هاوکارانمان لە دژی نەوەستا. لەم حاڵەتەدا بۆچی ئێوە ئێمە لە کێشە وەردەدەن، ئێمە تێکەڵاوی ئەمە مەکەن، چیتان دەوێ بۆ خۆتان بیکەن (١٩٣. ct. ٢٣) ئەو یاسایانەی لە سەرەوە باسمان کردن دەسەڵاتدارانی تورك بە شێوەیەکی بەرفراوان دژی بەشداربوانی جوڵانەوەی کوردی بەکاری دەهێنان، کوردە شۆڕشگێڕەکان لە لایەن رۆژنامەگەری تورکییەوە بە (باند) ناودەبردران، سیاسەتی پشتگوێ خستنی مافەکانی گەلی کورد و سیاسەتی تورکە نەتەوە پەرستەکان بە تەواوی لە دەستوری یەکەمی کۆماری تورکیادا رەنگی دابۆوە کە لە لایەن ئەنجومەنی بەرز لە (٢٠) ئەپریلی (١٩٢٤) دا پەسەندکرابوو، ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە لێرەدا بڕگەی داهاتوو ببینین:

هەر تورکێك چ ژن یان پیاو بگاتە تەمەنی (٣٠) ساڵی دەتوانێ خۆی کاندید بکات (مادەی ١١) دوای ئەوەی سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت ئەم سوێندە دەخوا:

- بەڵێن دەدەم بە شەرەفم کە تا لە پۆستی سەرۆك کۆماری دابم یاسا و بنەماکانی کۆماری و ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی لەبەرچاو بگرم و داکۆکیان لێ بکەم، بە وێژدانێکی ئاسودەوە و بە هەموو هێزمەوە لە پێناو بەختەوەری نەتەوەی تورکدا کاربکەم (٢لا، ٢٦٩، ٢٨٠، م٣٨).

لە بارەی سەرکوتکردن و دان پیانەنان بە کەمینەکانی تر بڕگەیەکی تری دەستوور شایەتی دەدات:

مادەی دووەم دەڵێ : -(زمانی تورکی بە زمانی دەوڵەت دادەنرێت)

ئەمە مانای ئەوەیە رۆژنامەی رەسمی ولآت دەبێ بە زمانی تورکی بێت، بە کورتی ئەم بڕیارە پشتگوێ خستن و لەناوبردنی بچوکترین مافە سەرەتاییەکانی میللەتان یان نەتەوە بچوکەکانی ناو تورکیایە.

جگە لە سەپاندنی زمانی تورکی بەسەر هەمووأندا، دەسەلآتداران هەولّیان دەدا رێ لە گەشەکردنی بوارەکانی روحی میللەتە بچوکەکانیش بگرن و هەر لە تاریکیدا بیانهێلّنەوە، هەروەك لە دەستووردا هاتووە و دەلّێ:

- هەموو تورکێك بە ئازادی لە دایك دەبێ / مادە (٦٨)
- هەموو تورکەکان بەرامبەر بە یاسا یەکسانن / مادە (٦٩)

ئەدی لەگەلّ میللەتانی ناتورك دەبێ چۆن بێت؟ لەگەلّ کەمە نەتەوەکان؟ لەگەلّ کوردەکان ؟ لە وەلآمی ئەم پرسیارانەدا مادەی (٨٨) لە دەستووری تورکیدا بە ئاشکرا دێتە گۆ:

(هەموو دانیشتوانی تورکیا بە بێ جیاوازیی ئاینی و نەژاد گشتیان تورکن)

بەلآم هەموو ئەمانە لە ناوەرۆکدا نەیانتوانی جیاوازی نەتەوەکان بگۆڕن کە لە تورکیا دەژین و نەیاندەویست و نەیانتوانی ببنە تورك، کوردەکانیش نەیانویست ببنە تورك و درێژەیان بە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی خۆیاندا لە پێناو سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنوسین دژی دەسەلآتی تورکی بالآدەست.

زۆر لە مادەکانی تری دەستووری کۆماری تورکی بە رۆحێکی ناسیۆنالیستانە نـزم کرابوون. لە ئەنجامدا یەکەمین دەستوری کۆماری تورکیا لە رێیەکی یاساییەوە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی دەسەلآتدارانی تورکی لەبارەی کێشەو پرسی نەتەوایەتی جێگیرکرد، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە یاسا دەسەلآت بداتە دەست تورکەکان زۆر بە توندی جولآنەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی کوردی سەرکوت بکات. باشترین نمونەش بۆ ئەمە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران بوو کە (١٤) ویلایەتی لە ناوچەکانی رۆژهەلآتی ولآتدا گرتەوە، دەسەلآتدارانی تورك لەگەلّ گورزی سەربازیدا ئەو یاسایانەشیان بەکاردەهێنا کە پێشتر باسمان لێوەکرد.

لە(٢٥) شوباتی(١٩٢٥) دا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (١٥٤٧) ی پەسەندکرد، بە گوێرەی ئەم بڕیارە باری نائاسایی لە هەرێمەکە راگەیەندرا. هەمان رۆژ لە (١٥) ئەپریلی (١٩٢٣) ئەنجومەن بڕگەی یەکەمی یاسای لە بارەی خیانەتی نیشتمانییەوە دارشت و پەسەندی کرد (٥٥٥). بە پێ ی ئەم بڕگەیە دروستکردنی رێکخراوی سیاسی لەسەر بنەمای ئاینی هەروەها بەکارهێنانی ئاین بۆ ئامانجی سیاسی قەدەغەکرا. هەر کەسێك ئەم جۆرە رێکخراوانە دروست بکات یان ببێتە ئەندام تیایدا بە خائین حسێب دەکرێت .

ئەگەرچی هۆکاری راپەڕینی(شێخ سعید) بە شێوەیەکی سەرەکی هۆکاری ئابووری-کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی بوو، بەلام حکومەتی (عیصمت پاشا) مەبەستی بوو پرسی کوردی تەنها بە سوپا و پۆلیس و سەرکوتکردن چارەسەر بکات. عصمت پاشا کە لە بەردەم ئەنجومەندا وتەیەکی دوور و درێژی پێشکەشکرد، وتی: پێش هەموو شتێك لە سیاسەتی ناوخۆماندا هەوڵ دەدەین دواین رووداو لەناوبەرین، ولات لە پیلانگێڕی بپارێزین، ئارامی بۆ کۆمەڵ دابین بکەین و دەسەلاتی دەولەت لە هەموو بوارەکاندا بەهێز بکەین ئەمەش بە کردەوەی تایبەت دەکرێ کە ئێمە رامان وایە لە پەسەندکردنی سوودمەند دەبین (٣٩ لا٦٩).

بە گوێرەی ئەم بەرنامەیە حکومەتی عیصمەت پاشا هەنگاوی بۆ لەناوبردنی راپەڕینی شێخ سەعید نا. ئەو حکومەتە بە پەلە کەوتە گەلالەکردنی پرۆژە یاسای پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ و خرایە بەردەم ئەنجومەن بەلام ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمان لە دژی وەستان چونکە ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ئەم جۆرە کارانە پێچەوانەی دەستوورە و یاسای واش هەیە کە بەشی ئەوە دەکات ئاسایشی ولاتی پێ بپارێزێت. لە کاتی لێدوانی مەسەلەی پاراستنی ئاسایشی ولاتدا ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بالای نەتەوەیی تورکیا(٢٨٧) کەس بوون،(١٤٤) ئەندام بەشدارییان تێدا کرد و(١٢٢) کەس دەنگیان بۆدا،(٢٢) کەسیش دژ بوون،(١٤٣) ئەندام پەرلەمانیش بەشدارییان تێدا نەکرد. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە لەو قۆناغەدا ئۆپۆزسیۆنێکی بەرچاوی دژی حکومەت هەبووە. بۆ نموونە ئەگەر بهاتایە لە جیاتی(١٤٣، ١٤٤) کەس بەشداری نەکردبا لێدوانەکە دەربارەی

ئەم یاسایە دروست نەدەبوو. لێرەدا جێی ئاماژە پێ کردنە کە ئەو ژمارە زۆرەی ئۆپۆزسیۆن زیاتر لە نوێنەرانی کورد پێکهاتبوون (٢٧ لا ١٩٢) لە چواری ئازاردا دوای مشت ومڕێکی زۆر توندوتیژی ناو پەرلەمان کە لە نێوان باڵی ناسیۆنالیستی و باڵی لیبراڵەکاندا بوو یاسای ژمارە (٥٧٨) لە بارەی ئاسایشی ناوخۆ پەسەندکرا، کە دەسەڵاتێکی ئێجگار زۆری دایە حکومەت بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی هەر جۆرە دەنگێکی نارەزایی یان هەر جۆرە کردارێکی ئۆپۆزسیۆنانە. لە بڕگەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە: لەبەر چەندین هۆکار، حکومەت دەسەڵاتی زۆری لە لایەن سەرۆك کۆمارەوە پێدراوە بە مەبەستی رووبەڕووبوونەوەی هەر جۆرە دەنگێکی نارەزایی و چالاکی دژی حکومەت و سەرکوتکردنی هەر جۆرە چاپ و بلاوکردنەوەیەك کە خەسڵەتی کۆنەپەرستانەی پێوە دیاربێ، بە تایبەت کە هانی خەڵکی بدات بۆ یاخی بوون و زیان لە بەرژەوەندی گشتی بدات و ببێتە مایەی نائارامی و تێکدانی ئاسایشی ولات. حکومەت ماف و دەسەڵاتی هەیە هەر کەسێك بداتە دادگەی سەربەخۆیی ئەگەر هات و یەکێك لەو سەرپێچیانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن ئەنجام دابێ (٧ب، ٦لا ١٤٤). ئەگەرچی بەشێکی دیار لە ئەندامانی پەرلەمان ئۆپۆزسیۆن بوون لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنجومەن بڕیاری پێکهێنانی دوو دادگەی سەربەخۆیی دا: یەکێك بۆ هەموو تورکیا کە ناوەندەکەی لە ئەنقەرە بوو دەسەلاتەکانیشی دیاری کراو بوو، ئەگەر حوکمی لە سێدارەدانی یەکێکی بدایە پێویستی بە رەزامەندی ئەنجومەن دەکرد، دووەمیان لە ویلایەتەکانی رۆژهەلاتی ولات بوون لەگەڵ پێدانی دەسەلاتێکی بێ سنوور، لە(٧) ی ئازاردا ئەنجومەن دادگەکانی سەربەخۆییان هەڵبژارد.

پەسەندکردنی ئەو جۆرە یاسایانە لە ناوەرۆکدا بووە هۆی لەناوبردنی هەموو چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئازادیی بۆرژوازیی سنووردار دەکرد کە لە دەستووردا هاتبوو هەروەها رێخۆشکەر بوو بۆ بەرقەراربوونی سیستێمی دیکتاتۆریی تاکە حیزبی کەمالیستەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ.

٧ی ئازار بڕیاری حکومەت لە بارەی (تجنیدی عسکری جزئی) بە سەربازییکردنی خەلك بە شێوەیەکی گشتی لە ولات راگەیەندرا. رۆژی دواتر مستەفا کەمال

بانگەوازێکی بۆ خەڵك و سوپا و کارمەندان بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوە دابوو کە ڕاپەڕیوەکان لە ژێر چەتری داکۆکیکردن لە ئاین ئامانجیان دژە شۆڕشە. لە بانگەوازەکەیدا ئاماژەی دابوو کە: ئەنجومەن و حکومەت هەنگاوی پێویست دەنێن، خەڵك و سوپا ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردن ، پۆلیس و ژاندارم پێویستە هەست بەو ئەرکە بکەن و یارمەتی حکومەت بدەن لە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی لە بارەی لەناوبردن و تەفروتوناکردنی ڕاپەڕینەکە بۆیان دێت (٣٩ لا٩٢) .

(١٢) ی ئازاری (١٩٢٥) دادگەی سەربەخۆیی ئەنقەرە بەیاننامەیەکی بۆ خەڵکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هەڕەشەکانی بەمجۆرە ڕادەگەیەنێ: زۆر بە توندی سزای ئەو کەسانە دەدەین کە ڕای گشتیی کۆمەڵ دژی ئەم سیستێمە هان بدات و پشتگیری لە حەماسەتی ڕاپەڕیوان بکات، هەروەها ئەوانە کە خۆ لە خزمەتی سەربازی بدزنەوە و هانی خەڵکی بدەن بۆ ڕاکردن یان یارمەتی ڕاپەڕیوان بدەن (١٣ لا١٠٨) .

دوای چەند ڕۆژێك پارتی گەلی کۆماری (پ گ ك) پێشنیازی حکومەتی لە بارەی حوکمی گوللەبارانکردن لە مەیدانی شەڕدا پەسەندکرد کە لە لایەن سەرکردە سەربازییەکانەوە دەدرێن لە ناوچە ڕاپەڕیوەکاندا، ئەمە تەنها لە لایەن سەرکردەی ئەو ناوچەیەوە پێشوازی لێکراو پەسەندکرا، دواتر ئەم کێشەیە کە لە ناو پەرلەماندا باسی لێوەکرا هەرایەکی زۆری لە لایەن ئۆپۆزسیۆنەکانەوە نایەوە.

بەڵام پرۆژە یاسای ژمارە(٦٨٩)کە لە لایەن حکومەتەوە پێشنیازکرابوو ئەوا لە (٣) ی ئازاردا لە لایەن ئەنجومەنەوە بێ گۆڕانکاری پەسەندکرا. ئەم یاسایە تا پەیدابوونی یاسای نائاسایی ژمارە(٣٨٣٢) لە (٢٢) ی ئایاریساڵی(١٩٤٠)کاری پێدەکرا.

بۆ کۆتایی مانگی ئازار هێزەکانی حکومەت ئامادەیی تەواویان هەبوو دەست بە پەلامار و هێرشبردن بکەن بۆ سەر ئەو ناوچانەی شۆڕشی تیا هەڵگیرسا بوو. سەرکردەی سوپای تورك، ژانراڵ کەمالەدین سامی پاشا، ڕای گەیاندبوو کە سێ ئەرك لە بەردەم حکومەت دایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد :

١. جەنگێکی خوێناوی بێ ڕەحمانە بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش ڕۆژانی یەکەمی مانگی ئەپریلی(١٩٢٥) ی دەست نیشان کردبوو بۆ دەستپێکردنی هێرش و پەلامار.

٢. چەککردنی هەموو کوردەکان، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کێ بەشداری لە شۆڕش کردووە یان نەیکردووە.

٣. کۆچ پێ کردنی کوردەکان بۆ ناوچە جیاجیاکانی وڵات، بۆ ئەوەی ئەوان لە هیچ شوێنێ زۆرینە نەبن و ناردنی خەڵکی تورك بۆ ناوچە کوردییەکان. (٤ لا٩٢) .

ئەگەرچی ڕاپەڕینەکە لە ناوەڕۆکدا سەرکوت کرا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتدارانی تورك بەردەوام بوون لە دەرکردنی بڕیار و کۆمەڵێك یاسای سەختکەزۆر بێ ویژدانانە بۆ تەمبێکردنی بەشداربووانی ڕاپەڕینەکە بەکاریان دەهێنا، بە تایبەت دژی خەڵکی مەدەنی و هەموو جۆرە جوڵانەوەیەکی ئۆپۆزسیۆن. بەم شێوەیە پەرلەمانی تورکیا لە (٢٠) ئەپریلی(١٩٢٥) دا بۆ حەوت مانگی تر لە ناوچەی ڕاپەڕین و دەوروبەری ئابڵوقەدانی باری نائاسایی درێژ کردەوە.

لە هەمان کاتدا دەسەڵاتیان بە حکومەت دا هەر گۆڕانکاریەك بکەن پەیوەندی بە پێکهاتنی ئیداریِ ناوچەکەوە هەبێت. ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیا کارو چالاکی دادگەکانی سەربەخۆیی بۆ شەش مانگی تر درێژ کردەوە، هەروەها دەسەڵاتی بە دادگەی سەربەخۆیی ئەنقەرەدا لە کاتی جێبەجێکردنی حوکمی مەرگدا پێویست بە پەسەندکردنی ئەنجومەن ناکات .

ناوەڕاستی مانگی ئەپریلی/ نیسان/(١٩٢٥) بوو، دادگەی سەربەخۆی (دیاربەکر) بانگەوازێکی بۆ خەڵکی بڵاوکردەوە و تیایدا هاتبوو: دەسەڵاتەکانی دادگەی سەربەخۆی لە ویلایەتەکانی ئەرگان، ئەلیازیس، دیاربەکر، ئورفە، بتلیس، هەکاری، دەرسیم، سێڤێریك، ماردین، مالاتیا، موش گینج، وان، هینیس و ئەرزرۆم جێبەجێ دەکرێن و دادگە ماف و دەسەڵاتی پێدراوە کە یاسا هەرە توندوتیژە کۆمارییەکان لەو ناوچانەدا بسەپێنێ و جێبەجێیان بکات. (٥٩، ١٤، ٥، ١٩٢٥) .

(٢٢) ئەپریلی (١٩٢٥) پەرلەمان یاسای ژمارە(٢٣٥) ی لە بارەی گۆڕانکاری لە یاسای تاواندا پەسەندکرد. بە گوێرەی ئەم یاسایە حوکمی مەرگ بەسەر هەر کەسێکدا دەسەپێندرا ئەگەر هەوڵی بدایە گۆڕان بەسەر دەستووری کۆماریدا بێنێت و پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە یان ڕێگریێت لە بەردەم کارەکانیدا، هەروەها خەڵك هان بدات دژی حکومەت لە ڕێی چەکهەڵگرتن و بەشداریکردن لە ڕاپەڕین و دژایەتیکردنی میللەتی تورکیادا. هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ئایاری(١٩٢٥) دا کۆمسیۆنێك لە وەزارەتی ناوخۆ پێکهات بۆ ئەوەی سانسۆر بخەنە سەر هەموو هەواڵنێرانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات. بە گوێرەی ئەم بارودۆخە سندوقی پۆست دەبوایە لە بەردەم جاسوسەکانی سانسۆردا بکرێتەوە. هەر کارمەندێك تاوانبار بکرابا لە بارەی بڵاوکردنەوەی دەنگوباس ئەوا بێ ئەوەی بە سانسۆردا تێ پەڕیبا ئاراستەی دادگە دەکرا. لەمەش بترازێ هەموو جۆرە تێلێگرافێك دەبوایە بە زمانی تورکی بنێردرێت، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیش کەوتبونە بەر لێشاوی سانسۆرەوە (٥٧، ٢٤، ٥، ١٩٢٥) .

لە حوزەیرانی(١٩٢٥) دا حکومەتی تورکیا بڕیاری دەستبەسەراگرتن و جەردکردنی مڵك و ماڵی ئەو خەڵکانەی دابوو کە لە دێهاتەکان و شارەکاندا ڕاگواسترابوون لە ئەنجامی هێرشی تەمبێکردندا بەر ئەو حەملەیە کەوتبوون، لە هەمان کاتدا مڵك و ماڵی ئەوانەی بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەدا کردبوو دوای دەست بەسەراگرتنی لە لایەن حکومەتەوە لە بازاڕدا هەراج دەکرا. (٥٧، ٢١، ٦، ١٩٢٥) .

لە (٢١) نۆڤەمبەری (١٩٢٥) دا ئەنجومەن پشتگیری لە پێشنیازی حکومەت کرد کە بۆ ماوەی ساڵێکی تر لە ناوچەکانی شۆڕشی شێخ سەعیددا ئابلۆقە درێژ بکرێتەوە.

لە(٣١) ی ئایاری (١٩٢٥) دا ئەنجومەن یاسای ژمارە(٨٨٥) ی لە بارەی ڕاگواستن یان نیشتەجێکردن پەسەندکرد. ئەم یاسایە دەسەڵاتی بە ئەنجومەنی وەزیراندا هەندێ لە کۆچەران لەو ناوچانەی دانیشتوانیان کەمە نیشتەجێ بکات، ئەم جۆرە نیشتەجێکردنە لەبەر هۆکاری نەبوونی پێداویستی ژیان بوو، هەروەها ئەو کەسانەشی دەگرتەوە کە لەسەر سنوورەکان دەژیان و گومانی جاسوسیان لێ دەکرا.

حکومەت کاتێك هەستی دەکرد بارودۆخەکەی لە کوردستان لاوازە ئیدی لەگەڵ هێرش و پەلاماری تەمبێ کردندا پەنای بۆ چالاکییە ئیدارییەکان دەبرد کە پێی وابوو بەو جۆرە رۆح و هەستی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد تێکدەشکێنێ .

لە(١٠) ئایاری(١٩٢٥) دا ئەنجومەن یاسای ژمارە(١٠٩٧) پەسەندکرد. بە پشتبەستن بەو یاسایە دەست کرا بە راگواستنی کورد لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتەوە بەرەو ویلایەتەکانی رۆژئاوا (٣٥، ل٢٨-٣٠).

ئەم یاسایە ئاماژەی بەوە کردبوو کە لەبەر هۆکاری ئیداری و عەسکەری و کۆمەڵایەتی رێگە درابوو کە خەڵکی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات کە ئابلۆقە درابوون و ویلایەتی بایەزید بۆ ویلایەتەکانی رۆژئاوا رابگوێزرێن . نزیکەی (١٤٠٠) کەس بە ماڵ و منداڵ و خێزانەوە راگوێزران، هەروەها ئەگەر خێزانی کوردی وا لەبەرچاوبگرین کە منداڵیان زۆرە و نەوە بە دوای نەوە زیاد دەکەن، ئەوا ئەوانەی دووچاری راگواستن هاتن گەلێ لەوە زیاتر بوون.

مادەی دووەمی یاسای راگواستن ئاماژە بەوە دەدات کە تا مانگی ئابی (١٩٢٧) دەبێ پرۆسەکە تەواو ببێت. ئەو خێزانانەی کە پارچە زەویان هەبوو بۆیان هەبوو تا نۆڤەمبەری بێننەوە (١٩٢٧). ئەمە دەری دەخات کە راگواستنەکە بە پەلە ئەو کۆچەرانە دەگرێتەوە کە زیاتر روحی جەنگاوەری و بەرهەڵستییان تێدا بوو. بە گوێرەی مادەی (٣) ی (لێقەوماوان) (محتاجەکان) دەبوایە بە خۆرایی بیانگوێزنەوە کەچی لە زۆر شوێندا پارەی گواستنەوەکەشیان لێ دەستاندن، بە تایبەت هەموو ئەو کوردانەی کە بۆ ویلایەتەکانی رۆژئاوا گواسترانەوە لەسەر حیسابی خۆیان بوون.

بە گوێرەی مادەی (٥) کوردەکان دەبوایە لە ویلایەتەکانی رۆژئاوا لەو شوێنانەدا نیشتەجێ بن کە حکومەت بۆیانی دیاری کردبوو، هەموو ئەو کوردانەی کە مەحکوم کرابوون بۆ ئەو ناوچانە رەوانە کران، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران دەرفەتی ئەوەیان پێ نەدەدان لەگەڵ ماڵ و خێزانیان تێکەوڵاو بن. بەڵام دواتر ئازادکران لەوەی بە هەر لایەکدا سەفەر بکەن و بگەڕێن تەنها ویلایەتەکانی رۆژهەڵات نەبێ.

ئەمەیە ناوەرۆکی یاسایی ژ (١٠٩٧) کە لە ئەنجامدا هەزاران کورد ملك و ماڵی خۆیان لە دەستدا و راگوێزرانە ویلایەتەکانی رۆژئاوا.

میدیای تورکی بە حەماسەتەوە باسی ئەو یاسایانەی دەکرد، رۆژنامەی (حاکمیەتی میللی) لە (١٩) ی حوزەیرانی (١٩٢٧) دا نووسیبوی: حکومەت کە ئەم یاسایەی پەسەند کرد ئەرکێکی مرۆڤانەی جێبەجێ کردووە بەوەی کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی لە دەست شێخ و زاڵم رزگارکرد.

لە ئەنجامی ئەو جۆرە رزگارکردنەدا بە قسەی ڤاسیلی نیکیتین لە نێوان ساڵانی (١٩٢٦-١٩٢٧) دا دەسەڵاتدارانی تورکیا نزیکەی یەك ملیۆن پیاو منداڵ و ژنی کوردیان ئاوارەی رۆژئاوای ئەنادۆڵ کرد، لە هەمان کاتدا بێ بەزەییانە خەڵکیان ئازار دەدا، هەروەك لە سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا کاتی راگواستنی ئەرمەنییەکان سیاسەتی تیرۆر و ئابلۆقەدان لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا، بە درێژایی ساڵانی حوکمی کەمالیستەکان درێژەی هەبوو، کە ئەمەش بووە هۆی توندوتیژبوونی تەواوی بارودۆخی سیاسیی وڵات و دەنگی نارەزایی لەناو توێژی جیاجیای کۆمەڵی تورکیادا بەرزبۆوە. لەبەرئەوە هاوینی (١٩٢٧) حکومەتی پارتی گەلی- کۆماری بڕیاریدا میتۆدو شێوازێکی تری حکومڕانی لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بگرێتە بەر. هەر بەم بۆنەیەوە لە (٣٠) ی نۆڤەمبەری (١٩٢٧) دا لە ئەنقەرە فراکسیۆنی پارتی گەلی کۆماری ناو پەرلەمان کۆبوونەوەیەکیان کرد، (عصمت پاشا) کە ئەو دەمە سەرۆك وەزیران بوو لە کۆبوونەوەکەدا وتی: بە پێویستی دەزانم کۆتایی بەو بارودۆخە نائاساییەی دەسەڵاتی بێ وێنە بێنن لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا و قۆناغێکی نوێ دەست پێبکەین کە ریفۆرمی ئاشتی بێت.

سەرۆکی حکومەت پێشنیازی ئەوەی کرد چیدیکە ئابلۆقەی ناوچەکانی رۆژهەڵات درێژ نەکرێتەوە کە لە نۆڤەمبەری (١٩٢٧) دا کاتەکەی تەواو دەبوو، بەڵکو ئەو ناوچانە بخرێنە ژێر چاودێری گشتییەوە. جگە لەمە پێشنیازی بۆ ئەنجومەن کرد کە ئەو کەسانەش لە دەست راگواستن رزگار بکرێن و دەرفەت بۆ ئەوانەی رۆژئاواش بڕەخسێنن بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، بە تایبەت ئەوانەی کە ساغ بوونەتەوە دڵسۆزی

حکومەتن و هیچ شتێکیان لەسەر نییە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا عصمت پاشا داوای پشتگیریکردنی یاسایەکی دەکرد کە ژاندارم لە کوردستاندا بەهێز بکرێت.ئەم پێشنیازانە لە لایەن گروپەکەی پەرلەمانەوە پشتگیری کران (٦٢، ١، ١٢، ١٩٢٧).

لە ئەنجامدا و لە (٢٥) ی حوزەیرانی (١٩٢٧) دا پەرلەمانی تورکیا ئەنجومەن یاسای ژمارە (١١٦٤) ی پەسەندکرد و دەسەڵاتی بە ئەنجومەنی وەزیران دا بە گوێرەی پێویست چاودێری مەدەنی دروست بکات کە هەریەك لەو گروپانە سەر بە ویلایەتێك بن و زانیاری بۆ یەك ناوچەی بەڕێوەبردن کۆبکەنەوە (٦،لا،٦٨) یاسای ژمارە (١١٦٧) ڕاستەوخۆ دژی کورد ئاراستەکرابوو کە زۆرینەی ئەو ویلایەتانە بوون. لە (٢٧) ی نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا حکومەتی تورکیا ڕێنماییەکی تری دەرکرد، ئەویش دەستنیشان کردنی ئەرکەکانی چاودێرییکردنی گشتی بوو. بە پێی ئەم ڕێنماییە ویلایەتەکانی ئیلیازیس، ئورفە، بیتلیس، هەکاری، دیاربەکر، سیرت، ماردین و وان خرانە چوارچێوەی هەرێمێکی ئیداری تایبەت کە دواتر نازناوی چاودێری گشتی یەکەمی بەسەردا برا.

لێرەدا چاوێك بە گرینگترین دۆخی ڕێنماییەکاندا دەخشێنن لە بارەی (چاودێرییکردنی گشتی) یەوە کە بە رای حکومەتی تورکیا ئەمانە دەبنە هۆی ئاساییکردنەوەی ژیان بە گشتی لە کوردستاندا، گرنگی ئەم ڕێنماییانە لە بڕگەکانی(٧-١٣) دا دەردەکەون لە بارەی دەسەڵاتەکانی چاودێری گشتی (٦لا ٤٥٠) . ئەو بڕگانەش کە پەیوەندییان بە ڕێنماییەکانەوە بوو ئەمانەن :

٧. چاودێریکردنی گشتی لە ناوچە قانونییەکانی خۆیاندا جێگەی باوەڕی نوێنەرانی حکومەتن بە گشتی و هەندێ وەزارەتەکان بە تایبەتی، تەواوی کارمەندانی دەوڵەتیان لە ژێر دەستدایە، لەوانە پارێزگاران کە لەبەردەم چاودێری گشتیدا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ.

٨. پارێزگاران و کارمەندانی تری دەوڵەت، وەك پێشتر ملکەچی جێبەجێکردنی یاسا و پشتیوانی لێکردنی دەبن لەگەڵ وەزارەتەکانیانداو.. لە کاتی پێویستدا دەبێ لە

بەردەمی چاودێری گشتیدا هۆکاری هەڵسوکەوتی خۆیان روون بکەنەوە، و هەموو دۆکومێنتێکی پێویست بخرێتە بەردەستیان .

چاودێرییکردنی گشتی، ئۆرگانێکی تێکەڵاو دروست دەکات کە پارێزگار و کارمەندە گەورەکانی تر بۆ هەر کارێك دەبێ رووبکەنە ئەم ئۆرگانە، چونکە بە سەرچاوەی کارەکان حسێب دەکرێ. چاودێری گشتی، ئاماژە بەو ئۆرگانە، دەستنیشانی رێگەچارەی گرنگترین کێشەکان دەدات.

٩. لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆیدا چاودێرییکردنی گشتی دەتوانێ روو لە وەزارەتی ناوخۆ بکات و بازنەی دەسەڵاتەکانی خۆی لە ویلایەتەکە فراوانتر بکات و ئەو ناوچانەش بگرێتەوە کە لە دەرەوەی توانای ئەون. چاودێری گشتی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی هێز و سوپاشی هەبێ روودەکاتە بەرزترین پایەداری لەشکر لە ویلایەتەکەی، ئەو سەرکردایەتیی سوپا دەکات داوای لێدەکات لە کاتێکدا کە بە ئاشکرا باس لە بۆچوونەکانی خۆی دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دیاری کراودا.

١٠. لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا چاودێری گشتی تەنها لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا بەرپرسیارە. بە گوێرەی مادەی سێیەمی قانوون لە بارەی چاودێری گشتی، ئەوا بەرێوەبەر یان بەرپرسی چاودێری گشتی ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

a. چاودێرییکردنی ئارامی و ئەمنی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

b . زۆر بە ووردی کۆنترۆڵکردنی جێبەجێکردنی یاسا و رێنماییەکان دەکات.

c. بۆ جێبەجێکردنی یاسا توند و تیژەکان راستەوخۆ پەیوەندی بە وەزارەتی دادەوە دەکات و داوای وەرگرتنی روونکردنەوە لە دادوەری گشتی دەکات، ئەوجا وەزیر لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساکان و پرۆسەکان ئاگادار دەکاتەوە.

d. هەنگاوی پێویست بنرێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی کولتووریی ئەو ناوچانەی بەو سپێردراوە لە رێگەی لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی پێداویستیەکانی خەڵك، هەروەها بە دواداچوونی ووردو مەنتیقی ئەو هەنگاوانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دەنرێت لەگەڵ کۆنترۆڵکردنیدا .

e. دابینکردنی مافی تاکەکەس و مافی موڵکایەتیی خەڵکی ئەو ناوچەیەی کە لە ژێر بەڕێوەبردنی ئەودان.

f. هەنگاونان بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵك، گۆڕاندنی ژیانی کۆچەرایەتی بۆ ژیانی نیشتەجێبوون، دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا .

j. وەك پسپۆڕێکی ئیداری پایەبەرز و وەك بەرپرسی یەکەمی ناوچەکە بۆی هەیە پارێزگار و کارمەندانی تری دەوڵەت دەربکات ئەگەر پێی وابوو کە ئەمانە بێ کەڵکن و سوودیان نییە لە دابینکردنی ئارامی و ئاسایش لەو هەرێمەی کە ئەو تیایدا بەرپرسیارە.

٣. رێکخستنی کارەکانی گشت چاودێرەکان (مفتش) و رێکخستنی رۆشنگەری .

بەرپرسی گشتی چاودێری لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات کاردەکات و بە هیچ جۆرێ پەیوەندی بەو کاروبارانەوە نیە کە کارمەندانی تر لە پرسێکی دیاریکراودا پەیوەندی بە دەرەوەی وڵات دەکەن.

١٢. ئەگەر هات و چاودێری گشتی ئەوەی ساغ کردەوە کە لە هەرێمەکەی ئەودا دۆخێك دروست بووە هەڕەشە لە ئارامی و ئاسایش دەکات، ئەوا بۆی هەیە داوای وەرگرتنی فەرمان لە وەزارەتی ناوخۆ بکات و حاڵەتی جەنگ رابگەیەنێ لەو هەرێمەی کە خۆی تێدا باڵا دەستە.

١٣. بەرپرسی چاودێری گشتی کە بەرزترین دەسەڵاتی هەیە و مافی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی چاودێریی گشتیی هەیە، بۆی هەیە کۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵاتەکانی هەرێمەکە بکات، هەر بەو ئەندازەیەش دەتوانێ رەوایەتی تەواو بداتە بڕیارەکان و

پرۆژەکانی پارێزگار و ئەنجومەنی شارەوانی، یان رەتیان بکاتەوە. بەرپرسی چاودێریی گشتی دەتوانێ پرۆژەکانی بودجە و هەر شتێکی لەو بابەتە بۆ ویلایەتەکانی بنێرێتەوە ئەگەر هاتوو پێی باش نەبوو یان کەموکوڕییان تێدا بوو یاخود لەگەڵ یاسادا ناکۆك بوون.

١٤. بەرپرسی چاودێریی گشتی لە کاتی پێویستدا دەتوانێ لە نێو ویلایەتەکاندا دامەزراوێك دروست بکات و بودجەکەی، لە ناوەڕۆکدا لە رێگەی پارێزگارەکان و ئەنجومەنی گشتیی شارەکانەوە بۆ تەرخان دەکرێت .

١٥. هەموو سێ مانگ جارێ چاودێریی گشتی لە بارەی دابینکردنی ئارامی و ئاسایش لەو ویلایەتانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەودان راپۆرتی خۆی پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ دەکات و رای خۆی لە بارەی دۆخی گشتیی هەرێمەکە دەنووسێ. وێنە یان کۆپی ئەم راپۆرتە لە لایەن بەرپرسی چاودێریی گشتییەوە بۆ چەند وەزارەتێکی تر کە پەیوەندیدارن بەم بەرپرسەوە دەنێردرێن.

١٦. وەزیری ناوخۆ خۆی کۆنترۆڵی کار و کردەوەکانی چاودێریی گشتی دەکات.

١٧. یەکەم راوێژکاری گشتی دەبێتە یاریدەدەری بەرپرسی چاودێریی گشتی بە فەرمانی ئەو دەستبەکار دەبێت و نوسراوەکان ئیمزا دەکات. (٧ب٩،لا٢٠- ٢٣).

لە لێکدانەوەی ناوەرۆکی ئەم بڕیارانەدا وامان بۆ دەردەکەوێ کە بەرپرسی چاودێریی گشتی ماف و دەسەڵاتێکی بێ سنووری لە کوردستانی تورکیا پێ دراوە. بیرۆکەی تەواوی سیستێمی چاودێری گشتی هەروەك رۆژنامەنووس و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی یونس نادی لە وتارێکدا نووسیبووی: لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا (جومهوریەت ١٢ کانونی یەکەمی ١٩٢٧) بریتییە لە چڕکردنەوە و کۆکردنەوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە دەستی بەرپرسی چاودێری گشتیدا .

بۆ سەرکوتکردنی هەر جۆرە دەنگێکی نارەزایی دژە حکومەت لە لایەن جوڵانەوەی کوردییەوە، حکومەتی تورکیا لە کانونی دووەمی (١٩٢٨) دا بڕیارێکی لە بارەی دروستکردنی هێزی ژاندارمی مۆدێرنەوە دەرکرد. بەشێك لەم هێزانە خرانە ژێر دەستی وەزارەتی ناوخۆ، لە راستیدا بە کردەوە خرانە ژێر دەسەڵاتی بەرپرسی چاودێریی گشتی کە ئەویش دەبوایە بە پێی ویستی خۆی بەکاریان بێنێ.

لە بارودۆخێکدا کە جوڵانەوەی کوردی لە ناوچەکانی ئارارات روو لە گەشەکردن و بەهێزی بوو، حکومەتی تورکیا هەوڵی دەدا پیاوماقوڵان و نەجیبزادەکان بە لای خۆیدا راکێشێ، بۆ ئەم مەبەستەش دەستیان کرد بە گەڕاندنەوەی بەشێك لەو فیۆداڵ و دەرەبەگانە بۆ کوردستان (کە پێشتر بۆ رۆژئاوای ئەنادۆڵ راگوێزرابوون /وەرگێڕ).

لە سەرەتای مانگی ئازاری (١٩٢٨) دا (ئیبراهیم تالی- بێگ) کە بەرپرسی چاودێری گشتی بوو هەموو پارێزگارانی ویلایەتەکانی سەر بە حاکمیەتی خۆی لە

دیاریەکر داوەت کرد، تا سیستمێك و ڕێوشوێنێك بگرنەبەر لە بارەی گەشەپێدانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی لە هەرێمی بەرپرسی یەکەمی چاودێریی گشتیدا.

ئەم کۆبوونەوەیە سێ هەفتەی خایاند، تا کۆتایی مانگی ئازار بەردەوام بوو، لە دۆکۆمێنت وبەیاننامەکانی ئەو کۆبوونەوەیەدا چەند بڕیارێك بەدی دەکران کە پەیوەندییان بە بوارەکانی ئابووری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاتدا هەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێ کە ئیبراهیم تالی- بەگ پەرۆشی خۆی بۆ دانیشتوانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەلات نیشان داوە . لە ناوەراستی نیسانی (١٩٢٨) دا لە یەکێك لە ڕاگەیاندنەکانیدا ڕەخنەی لە بێسەروبەری دەسەلاتدارانی ناوچەکەدا گرت کە پێداویستی خەلکیان بە لاوە گرنگ نیە، بەلام ئەمە تەنها بریتیبوو لە مەبەست و نیازێکی خێر کە کەس ئامادە نەبوو لە واقیعدا جێبەجێی بکات. ئەو کاتەی کە حکومەتی تورکیا هەولی دەدا پیاو ماقولانی کورد بە لای خۆیدا ڕاکێشێ، چەندین هەنگاو وکاروکرداری بۆ گەڕاندنەوەی هەندێ لە دەربەگە کوردەکان بۆ کوردستان گرتەبەر. لە وتووێژێکدا لەگەڵ یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکاندا(عیسمەت پاشا) لە ئازاری (١٩٢٨) دا وتی: هەرچەندە لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاتدا ئارامی و ئاسایش بەرقەرار بووە، لەبەرئەوە توانای ئەوە هەیە زۆر لەو کەسانە بگەڕێنینەوە کە پێشتر لە سەردەمی شۆڕشی شێخ سەعیددا دوورخرابوونەوە.

لە (٧) ی ئازاری (١٩٢٨) دا ئەنجومەن یاسای ژمارە (١٢٣٩) ی لە بارەی لێبوردنی گشتییەوە دەرکرد، کە بە گوێرەی ئەم یاسایە هەموو ئەو کەسانەی پێشتر بە هۆی بەشداریکردن لە شۆڕشی(شێخ سەعید) دا تاوانبار کرابوون لە سزادان ئازادکران. لە یاساکەدا هاتووە: ئەو کردەوانەی کە لە کاتی شۆڕشەکە تادەگاتە دۆخی ئابلۆقەدانی ناوچەکانی ڕاپەڕین (٢٣، ١١،١٩٢٧) ئەنجام دراون چیتر بە تاوان حسێب ناکرێن. (مادەی I) .

ئەو کەسانەی لە شۆڕشی (شێخ سەعید) دا تێوەگلاون و حکومەت بە دوایاندا دەگەڕێ، پێویستە لە ماوەی سێ مانگدا خۆ ئاشکرا بکەن بکەونە ژێر کاریگەری ئەم یاسایەوە (٧ب٩،لا ٨٠٤-٨٠٥)

لە (١٢) ی ئایاری (١٩٢٨) دا ئەنجومەن بڕیاری دا وەك ئیزافە بۆ یاسای پێشوو، کە لە (٧) ی ئایاردا دەرچوو بوو، چیتر ئەو کەسانە راونەندرێن کە تا (٣٠) نیسانی (١٩٢٨) گلەیی لە رەفتاریان هەیە، تەنها ئەوە نەبێ گەر تاوانبار کرابن بەوەی کە تاوانیان دژی دەسەڵات کردبێ، دواتر ئەو سێ مانگە درێژکرایەوە بۆ (٦) مانگی تر (٧ب٩، لا، ٨٣٤) .

بەڵام تورکیا مەبەستی بوو لەم کارانەیدا ئەنجامێکی باشی دەست بکەوێت، بەڵام واش دەرنەچوو.

حکومەتی تورکیا لە گرتنەبەری سیاسەتی ئاشتیانەدا دەیویست ئاسانکاری بۆ ویلایەتەکانی رۆژهەڵات نیشان بدات. بۆ نمونە لە ئازاری (١٩٢٩) دا لەگەڵ تەواوبوونی کاتی یاسا لە بارەی پاراستنی ئارامی، (عیسمەت پاشا) وتارێکی فراوانی دا بە تایبەتی لەوێدا وتی: "حکومەت پێویستی بە درێژکردنەوەی ئەم یاسایە نیە، دەتوانین بڵێین لە دوو ساڵی رابردوودا حکومەت یاسای پاراستنی ئاسایشی بەکار نەهێناوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هاونیشتمانانی ئێمە بۆ دۆخێکی ئاسایی لە وڵات هەوڵ دەدەن" . دواتر سەرۆك وەزیران ئاماژەی بەوەدا کە: ئەرکی ئێمە ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیانە لە بارەی ئەو پلانانەی کە لە دەرەوە بۆمان دێن، یاساکانی کۆماری ئەوەندە هێزیان هەیە توانای داکۆکیکردنیان هەبێ لە شەرەف و کەرامەتی وڵات و کوڕەکانی لە هەر جۆرە دەسیسە و پیلانێکی دوژمنان هەرچەند زیرەکانەش دانرابن. (٥٩ ، ٤، ٣، ١٩٢٩)، بەڵام حکومەتی ئەنقەرە بەو راگەیاندنانەیان هەوڵیان دەدا هیوایەك بە واقیعەکە بدەن، چونکە جوڵانەوەی کوردی لە ناوچەی ئارارات دژی حکومەتی تورکیا پێگەیشتبوو.

لەم بارودۆخەدا دەسەڵاتداران لە تەك کردەوە عەسکەرییەکانیاندا چەند هەنگاوێکی تریان نا کە بە رای ئەوان دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی گرژیەکان لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا. هێشتا بەهاری (١٩٢٧) بوو حکومەتی تورکیا پرۆژە یاسایەکی لە بارەی دابەشکردنی

زەوی ئاغا و دەرەبەگەکان بەسەر جوتیارانی هەژار و بێ زەویدا ئامادەکرد، بە تایبەت زەوی ئەو ئاغایانەی کە بۆ رۆژئاوای وڵات دوور خرابوونەوە. پرۆژە یاساکە قەوارەی زەوییەکانی دیاری کردبوو کە ۲۰۰دۆنم بوو، دەبوایە لە دەرەبەگ وەربگیرێ، نرخی ئەم پارچە زەوییە دەبوایە لە ماوەی بیست ساڵدا بدرێتە ئاغا. بەڵام ئەم پرۆژە یاسایە پەسەند نەکرا. تەنها بە تێپەڕبوونی دوو ساڵ ئەویش لە دووی حزیرانی (۱۹۲۹) ئەنجومەن یاسای ژمارە (۱۵۰۵) ی پەسەندکرد سەبارەت بەو زەوییانەی کە لە پارێزگاکانی رۆژهەڵاتدا بەسەر جوتیاران دابەش دەکرێن و لە یاساکەدا هاتووە:

مادەی یەکەم: ئەو زەوییانەی بە حوکمی مادەی (۹) ی یاسای ژمارە (۱۰۹۷) کە لە (۱۹) ی حزیرانی (۱۹۲۷) دەرچووە، پێویستە بدرێتەوە خەزنە و بەسەر دانیشتوانی دێهاتەکان کە لە هۆزە کۆچەرەکانن دابەشبکرێن و دەبنە موڵکی ئەوان.

مادەی دووەم: حکومەت دەسەڵاتی پێدراوە ئەو زەویانە بەسەر ئەو کەسانەدا دابەش بکات کە لە مادەی یەکەمی ئەم یاسایەدا ناویان هاتووە بەو قەوارەیەی کە ئەوان بە پێویستی دەزانن لە ناوچەکە و هەرێمەکەدا کە لە مادەی یەکەمی ژمارە (۱۰۹۷) ی ویلایەتی ئورفە و بایەزیددا دەستنیشان کراوە.

مادەی سێیەم: نرخی ئەو زەویانەی کە بۆ دابەشکردن ئامادەکراون بە گوێرەی نرخی ناوچەیی دەستنیشان دەکرێ کە لە لایەن ئەنجومەنی قەزا و ئەنجومەنی ویلایەتەکانەوە دیاری دەکرێت. دادوەری گشتی بەشداری لە کاروچالاکی ئەو ئەنجومەنانەدا دەکات کە پەیوەندیان بەم پرسەوە هەیە، نرخەکان نابێ هەشت جار لە خۆی زیاتر بێت و دووجاریش لە قەوارەی خۆی کەمتر بێت.

زەوی مەتروکەش لە لایەن حکومەتەوە (کاداستر) دەستنیشان دەکرێت (۷، ب، ۱۰، لا، ۱۷۹۳).

بە گوێرەی ئەم یاسایە و بە ژمارەی رەسمی (۷۰) هەزار دۆنم دابەش کرابوون. لە راستیدا حکومەتی تورکیا ئەو زەویانەی جسێب کردبوو کە ئەو هۆزانەی پێشتر کۆچەر بوون و ئێستە گوندنیشینن و زەویەکانییان کردووە بە موڵکی خۆیان، ئەو هۆزانە ناچارکرابوون کە پارەی ئەو زەوییانە بژمێرن، لەوەش گرنگتر دەسەڵاتدارانی تورك

هەوڵیان دەدا دووبەرەکی بخەنە ناو جوڵانەوەی کوردی بەوەی عەشیرەتی شەڕکەر و کەللەڕەقی سەر بە ئاژاوە نیشتەجێ بکەن و گومرگی زۆریش بخەنە ئەستۆی کوردی تر.

ئەم جۆرە ریفۆرمانەی کە لە سەرەوە ئەنجام دەدران گۆڕانی بەسەر پێکهاتەی ئابووری- کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردیدا نەدەهێنا و لاوازی نەدەکرد، بەڵکو نارەزایی خەڵکی دژی حکومەت زیاتر دەکرد.

رۆژی یەکەمی کانونی دووەمی (١٩٣٠) حکومەتی تورکیا بڕیاری دا بەشێك لە کوردەکانی دانیشتوانی دەرسیم بە زۆر راگوازێ و کۆچیان پێ بکات بۆ ویلایەتی ئیلیازیس. تەواوی موڵکی ئەو خەڵکە لە لایەن حکومەتەوە دەستی بەسەردا گیرا، جگە لەمە کوردەکان دەبوایە پارەی ئەو پارچە زەوییەش بدەن کە بۆیان دیاریکرابوو. بەڵام خەڵکی دەرسیم ناڕازیبوون لەم بڕیارە و ئامادە نەبوون خاکی خۆیان بەجێ بێڵن .

ئەو کاتە ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکرد کە نرخی ئەو زەویانە دیاری بکرێت کە بەسەر کوردە نیشتەجێبووەکاندا دابەشکرابوون بۆ ئەوەی نرخی ئەو پارچە زەویانە بژمێرن (٣٥،لا، ١٦٥)، بە گوێرەی ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران لە (١٨) ی ئازاری (١٩٣١) دا ئەم دۆخە لە هەموو ناوچەکانی یەکەم چاودێری گشتیدا بڵاوبۆوە، واتە لە ویلایەتەکانی ئاگری، وان، موش، بیتلیس، هەکاری، سیرت، ماردین، دیاربەکر، ئورفە، ئیلیازس، لەگەڵ ناوچەی دەرسیمدا (٢٠لا، ٣٢١)، بەڵام ئەم بڕیارە کوردەکانی هێمن نەکردەوە، هەرچەندە ئەوان هیوایان نەدەخواست خاکی باب و باپیرانیان جێ بهێڵن. لەم بارودۆخەدا وەزارەتی داد پرۆژە یاسای دۆخی نائاسایی ئامادەکرد بە ئامانجی پەلەکردن و خێراییکردنی پرۆسەی دادگەیی. بە گوێرەی ئەم یاسایە حوکمی دادگە لە بارەی (باندیتیزم)،(چەتەگەری)و لە بارەی پیلانگێڕانەوە دژی دەوڵەت، دەرفەتی پەشیمانی و شکات لێکردن نەبوو، بەڵکو دەبوایە بە پەلە جێبەجێ بکرێت. حوکمی ئەم یاسایە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچەکانی یەکەمین چاودێری گشتیدا بڵاوکرایەوە، لەم بارەیەوە رۆژنامەی ئاکشام نووسیبوی: هیچ گومان لەوەدا نیە کە لەسەر ئەو خاکە سایکۆلۆژیا سەرەتاییەدا رق و قینە و خوێنی ناوچەیی بەردەوامن لە خۆ زاڵکردن، ناکرێ ئاسایش تیایدا بەرقەرابێ، پرۆسەی دادگەی تێدا بەردەوامبێ، کە لەسەر نمونەی ئەڵمانی بێ،

ئامانجی ئەم یاسایە بە پەلە دابینکردنی ئاسایشە، دوورخستنەوەی تاوانبارانە کە دەیانەوێ درێژە بەم پرۆسەیە بدەن کە ئەمڕۆ بوونی هەیە(٤٨، ٢٩، ٣، ١٩٣٠)، بەلام کاربەدەستانی یەکەمی چاوێری گشتی هیچ رووێکی کێشەکانی کوردی پێ چارەسەر نەکرا و لە راستیدا هیچ کام لە بەرژەوەندییەکانی گروپە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵی کوردی پێ رازی نەکرا: نە جوتیارانی گوندنشین ، نە کۆچەرەکان، نە کوردە رۆشنبیرەکان، نە بازرگان و بۆرژوا، نە ئاغا و دەرەبەگ، لەگەڵ ئەوەشدا نارەزایی سیاسەتی دەسەلاتدارانی ئەنقەرە، ئەمانی لەسەر حوکم لانەبرد. لە کۆتایی سالانی بیستەکان دا ئەم نارەزاییەی جەماوەر بووە هۆی سەرهەلدانی جولانەوەیەکی شۆڕشگێڕی نوێ دژی حکومەتی ئەنقەرە لە ئارارات.

لە ناوەڕاستی ئایاری (١٩٢٨) دا ئەنجومەن لیژنەیەکی «ئاشتبوونەوەی» دروستکرد کە لە (١٢) ئەندام پەرلەمان و چەندین کاربەدەستی ویلایەتەکانی رۆژهەلات پێکهاتبوو. ئەم لیژنەیە چاوی بە نوێنەرانی کورد کەوت کە بە سەرۆکایەتیی(ئیحسان نوری پاشا) هاتبوون و لە ناوچەیەکی بێلایەن بە ناوی شێخی کوێر و کە شۆڕشگێڕان لە ناوچەکانی ئارارات رزگاریان کردبوو. ئەندامانی لیژنەکە لە چاوپێکەوتنیاندا لەگەڵ (ئیحسان نوری)، جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە حکومەت لێبووردنی گشتی بۆ هەموو کوردەکان دەردەکات و پۆستێکی گەورەش بۆ ئەو لەناو دەولەت دانراوە، بەلام لە بری ئەوە کوردەکانیش دەبێ چەکەکانیان دابنێن و خۆیان بەدەستەوە بدەنە سوپای تورکیا.

نوێنەرانی کورد پێشنیازی لیژنەی «ئاشتبوونەوەیان» رەتکردەوە، جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە تاکە رێگە بۆ ئاگربەست داننانی تورکیایە بە مافی نەتەوەیی کوردستان. لە ئەنجامدا دانوستانی (شێخ کوێر)هیچی بە دەستەوە نەدا (١٩، لا، ٢٨) .

لە قۆناغی راپەڕینی کوردستاندا بۆرژوای تورك سیاسەتی شۆڤێنیستانەی خۆی پەرە پێدا بە تایبەت سیاسەتی تواندنەوەی کەمە نەتەوەییەکان لە ولاتدا. بەم شێوەیە لە (٣٠) ئابی (١٩٣٠) دا (عیسمەت پاشا) بە بۆنەی کردنەوەی رێگەی ئاسنینی سیواس وتی: تەنها نەتەوەی تورك مافی داواکردنی نەتەوەیی و نەژادیی لەم ولاتەدا هەیە، هیچ توخم و رەگەزێکی تر بۆیان نیە ئەو مافە داوا بکەن (٦٢، ٣١، ٨، ١٩٣٠) .

لەمەش کراوەتر وەزیری داد بوو (محمود عزەت بێگ)، کە لەبەردەم دەنگدەران دا لە ئۆدێمیشی وتی: ئێمە لە تورکیا دەژین، ئازادترین ولاّتـی دنیایـە. نوێنـەرتان بەوپـەڕی کراوەییەوە لە بارەی بیروباوەڕییەوە ناتوانیٚ لەم ولاّتـە باشـتری دەسـتکەویٚ. لەبەرئـەوە ناتوانم هەستی خۆم بشارمەوە. تورك گەورەیە، تاقە خاوەن مالّی ولاّتە، ئەوەی بە رەگەز تورکێکی خاوێن و پـاك نـەبیٚ تـەنها یـەك مـافی لـەم ولاّتـەدا هەیـە ئـەویش ببێتـە خزمەتکار، ببێـە کۆیلە. با دۆستان و دوژمنان ئەو راستییەیان لە بیر بیٚ، با چیاکانیش ئەوە بزانن (٦٢ ، ١٩، ٩، ١٩٣٠) .

لە کاتی کردنـەوەی ئەنجومـەنی بـالاّی نەتـەوەیی تورکیـادا ئەنجومـەن لـە یـەکی نۆڤەمبەری (١٩٣٠) دا، (مستەفا کەمال) لە هەلّسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیدا وتی، ئەو رووداوانەی کە لە رۆژهەلاّتی تورکیا روودەدەن هەڕەشـە لـە سـەربەخۆیمان دەکـەن. (٢٢ب١، لا، ٣٤٩) بەم شێوەیە دەبینین خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناوی بـە دەستهێنانی مافە نەتەوەیەکانیدا لە لایەن دەسەلاّتدارانی تورکەوە وەك هەڕەشە بۆ سـەر سەربەخۆیی تورکیا تەماشا دەکران.

لە ژێر رۆشنایی باسەکانی پێشوماندا زەحمـەت نییـە لـەوە تێبگـەین، کـە بۆچـی کوردەکان بە هەموو توانا و هێزی خۆیانەوە خەبات دەکەن بۆ ئەوەی لە ژێـر دەسـەلاّتی تورك رزگاریان بێت .

لە دوای سـەرکوتکردنی شۆڕشـی ئـارارات حکومـەتی تورکیـا بـەردەوام بـوو لـە گرتنەبەری جۆرە سیاسەتێك کە بە رای ئەوان رێگە لەسـەر هەلّدانـەوەی جولاّنەوەیـەکی تری کوردی دەگرن. بۆ ئەم مەبەستە وەك چۆن لە دوای شۆڕشی شـێخ سـەعیدی سـالّی (١٩٢٥) دەستیان پێکردبوو، ئەمجارەش راگواستنی خـەلّکی کوردیـان بـۆ ناوەڕاسـت و رۆژئاوای ئـەنادۆلّ دووبـارەکردەوە بـە مەبەسـتی تواندنـەوەیان لـەناو تورکـەکانی ئـەو ناوچانەدا .

بـەهاری (١٩٣١) سـەر لـە نـویٚ جولاّنـەوەی کـوردی لـە ئـارارات تـین و گـوڕی وەبەرهاتەوە. بۆ ئەوەی پڕیشکی ئاگری ئەم شۆڕشە تەشەنە نەکات بۆ ناوچـەکانی تـری کوردستان، حکومەتی تورکیا رایگەیاند کە ناوچەی ئارارات ناوچەیەکی قەدەغەیە (٤٨،

٢، ٥، ١٩٣١)، جگە لە هێزی سەربازی هیچ کەسێکی تر بۆی نەبوو بچێتە ئەو ناوچەیە .

جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد نەك هەر ترسی خستبووە ناو دڵی حکومەتی تورکیا، بەڵکو حکومەتەکانی ئێران، عێراق و سوریاش تووشی نارەحەتی کردبوو. ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر کەم لە سیاسەتی ئەم وڵاتانە بەدی دەکران، بەڵام هەموویان لە دژایەتیکردنی خەباتی نەتەوەیی کورددا هەڵوێستیان یەك بوو، بوونی چەندین رێککەوتننامەی جیاجیا و مۆرکردنی لە لایەن ئەو وڵاتانە راستی بۆچوونەکانمان دەسەلمێنن، بە تایبەت لە نیوەی دووەمی ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای ساڵانی سییەکان و هەروەها جێبەجێکردن و هەنگاونانی کردەکی گشتیان بەو ئاقارە ئاراستەکرابوون بۆ لەناوبردنی جوڵانەوەی کوردی لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بێت.

بەم جۆرە لە(٥) حزیرانی (١٩٢٦) دا رێککەوتننامەیەك لە نێوان بەریتانیا و عێراق و تورکیا مۆرکرا کە تیایدا هاتووە: حکومەتی تورکیا و عێراق بە هیچ جۆرێك پەیوەندی دیبلۆماسی یان فەرمی نابەستن لەگەڵ هیچ کام لە سەرۆك عەشیرەت و شێخ و هاووڵاتییانی وڵاتی تر، رێگر دەبن لە بەردەم هەر جۆرە کۆبوونەوە و رێکخراوێکدا کە لەسەر سنووری یەکتر پروپاگەندە دژی وڵاتی یەکتر بکەن (٣، ٤، ٣، bun، م. ١٩٢٩، لا٣١٠، ٣١١) ئەم رێککەوتننامەیە بوو بە بنەمایەك بۆ هاوکاریکردنی نێوان عێراق و تورکیا لەسەر کێشەی کورد. هەر لەو سەردەمەدا هەست بە نزیکبوونەوەیەك دەکرا لە نێوان تورکیا و حکومەتی شای ئێراندا. لە نیسانی(١٩٢٦) دا لە تاران رێککەوتننامەیەك لە نێوان تورکیا و ئێران دەربارەی ئاشتی و ئاسایش مۆرکرا، هەندێ لە برگەکانی ئەو رێکەوتننامەیە پەیوەندی بە هاوکاری ئەم دوو وڵاتەوە هەبوو بۆ سەرکوتکردنی جوڵانەوەی کوردی.

بە گوێرەی ئەم رێککەوتننامەیە هەر دوو دەوڵەت پابەندبوون بەوەی کە لەناو خاکی خۆیاندا رێگە بە هیچ جۆرە رێکخراو وگروپێك نەدەن دروست بن کە ئامانجیان تێکدانی ئاشتی و ئاسایشی وڵاتی بەرامبەر بێ یان گۆڕینی سیستێمی حوکمڕانی بێت، هەروەها

لایەنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەتوانن داوای ئەو کەسانە یان گروپانە لە یەکتر بکەن کە خەبات لە دژی وڵاتی بەرامبەر دەکەن. (لاپەرە ٥)

بە ئامانجی دابینکردنی ئارامی و ئاشتی بۆ دانیشتوانی نزیك سنوورەکان، لە مادەی شەشەمی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە :

- هەردوو لایەنی ڕێککەوتوو پێویستە هەنگاوی گرنگ بنێن بۆ نەهێشتنی تاوانکاری و دزەکردنە ناو سنووری یەکتر کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە هەردوولا، بە تایبەت کە لە لایەن ئەو عەشیرەتانەوە ئەنجام دەدرێن کە لە ناوچەکانی سەرسنوورەکان دەژین. (هەمان سەرچاوە لاپەرە- ٣٠٤-٣٠٥).

لە ترسی یەکگرتنی عەشایری کورد و ئەنجامدانی چالاکی بە هاوکاری یەکتر، هەردوو دەوڵەت لە هەمان ساڵدا بە گوێرەی مادەی (٧) ی ئەو ڕێککەوتننامەیە لەسەر نەهێشتن و وەلاوەنانی هەر جۆرە ڕووداوێکی سەر سنوورەکان ڕێککەوتن.

لە ڕاستیدا ئەمە ڕێککەوتنێك بوو بۆ کاری هاوبەشی نێوان هەردوو دەوڵەت بۆ سەرکوتکردنی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردی.

لە (٣٠) ئایاری (١٩٢٦) دا ڕێککەوتنێك لە نێوان تورکیا و فەرەنسادا (کە ئەو کات سوریا و لوبنان لە ژێر ئینتیدابی فەرەنسادا بوون) بە ناوی دۆستایەتی و دوو دراوسێ ی چاك مۆرکرا.

پرۆتۆکۆڵی ژمارە (٨) لە بارەی چاودێری سنوورەکان تۆمارکران کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو لە خوارەوە بە کورتی دەقی ناوەڕۆکی ئەم پرۆتۆکۆڵە دەنوسین:

مادەی یەکەم: لایەنەکانی پایە بەرزی ڕێککەوتوو بە هەموو هێز و توانای خۆیان پابەند دەبن بە لەناوبردنی گروپی چەکدار و چەتەکان کە دەبنە هۆی ئاژاوەنانەوە لەسەر سنوورەکان و دەیانەوێ سنوور ببەزێنن.

مادەی سێیەم: پێکهاتەی دەسەڵاتەکان ، بە پێی توانا سەردانی یەکتر دەکەن لە بارەی هەر ڕووداوێکی وەك چەتەیی و شەڕ لایەنەکەی تر کە ئاگادارکراوەتەوە، دەبێ

هەوڵ بدات بۆ گرتنی تاوانباران لە بەزاندنی سنووردا بە هەموو ئەو هێز و ئامرازانەی کە لە بەردەستیان دایە.

مادەی چوارەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر یەکێك یا چەند چەکدارێك تاوانێك ئەنجام بدەن لە خاکی وڵاتی دراوسێ و دواتر بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان ئەوا دەسەڵاتدارانی دوایین ناوچە لە سەریەتی بیانگرێ و بە چەك و کەل وپەلەوە تەسلیم بە وڵاتەکەی خۆی بکاتەوە کە تاوانبار هاووڵاتی ئەو وڵاتەیە. (٣٠٩٧٣ — ٣١٥) .

بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی (٣٠) ئایار(١٩٢٦)، (٢٩) ی حزیرانی (١٩٢٩) لە نێوان تورکیا و سوریا کە لە ئەنقەرە مۆرکرابوو بە تایبەت (پرۆتۆکۆل لە بارەی چاودێری کردنی سنوورەکانی و لە بارەی باج و کۆنترۆڵ کردنی هۆزە کۆچەرییەکان) بە گوێرەی ئەم پرۆتۆکۆڵە هەردوو حکومەت پابەند دەبن بەوەی کە ڕێگە بە هیچ کام لە گروپە چەکدارەکان نەدەن ناوچە سنووریەکان بەکاربێنن بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتی دراوسێ. لایەنەکان ئاگاداری یەکتر دەکەنەوە لە بارەی هەر پەلامارێك و ڕێگر دەبن لە بەردەم پەرینەوەی هەر جۆرە چەتەگەریەك لە سنوورەکاندا (م،٢) .ئەگەر هەر تاوانێك لە لایەن باندەکانەوە لە ناوچە سنووریەکان بکرێت و تاوانباران بیانەوێ خۆیان لە ناوچە سنووریەکان بشارنەوە، ئەوا دەسەڵاتدارانی ناوچەکە پێویستە بە کردەوە هەنگاوبنێین بۆ گرتنیان و بەرپرس کردنیان. (مادەی ٣) .

هەر عەشیرەتێك یان هۆزێك لە دژی حکومەتەکەی خۆی ڕاپەڕیبێ کە مۆڵەتی لەو حکومەتە وەرگرتووە بۆ کۆچەری و خزاوەتە ناو خاکی وڵاتی دراوسێ و داوای پەناهەندەی بکات، پێویستە چەك بکرێت و بۆ مەودایەکی چاك لە سنوور دووربخرێتەوە و توانای هەڵگەڕانەوەی لە دەسەڵات لێ زەوت بکرێت. مادەی (١١)(١٤ لاپەرە ١٧٥).

ئەم هەموو ڕێککەوتن و پەیماننامایە، شایەدی ئەوەن کە دەسەڵاتدارانی تورك لە چوارچێوەی (چارەسەرکرنی) کێشەی کوردیدا چەندین پشتیوانی هەبوون لەوانە : ئێران و وڵاتانی تری دراوسێ لە ڕۆژهەڵاتی نزیك دا.

لە خوارەوە هەندێ لەو چالاکییە سەربازییە تەمێکەرانەی تورکتان بۆ باس ئەکەین کە لە بەهار و هاوینی (١٩٢٩) دژی شۆڕشی کوردی ئامادەکرابوون.

٢. پێش ئەوەی باس لە ئۆپەراسیۆنەکان بکەین دەستنیشانی ناوی کەس و گوندەکان بکرێت کە لە دژی حکومەت راپەڕیبوون و ئەوانە بدرێنە سەرکردایەتی سوپا.

٣. ئامانج- عەشیرەتی ژیلیان، ئاشکرایە کە عەشیرەتەکانی دێرشێڤی، باتمان کە لە ناوچەکانی پێروانی دەژین دەتوانن یارمەتی عەشیرەتی پێشوو بدەن.

٧. لە کاتی ئەنجام دانی ئۆپەراسیۆنەکە (چالاکی عەسکەری) مەبەستمان ئەم هۆکارانەیە:

a. پێویستە ئامانجی ئەم ئۆپراسیۆنە زۆر شاراوە بێت، سەربازەکان تا دەسپێکردنی چالاکییە سەربازییەکان هیچ نەزانن.

لە دەوروبەرەکەدا وا بڵاوبکرێتەوە کە شت بۆ گواستنەوە ئامادە دەکرێت لە سوریاوە بۆ دیاربەکر و ماردین.

b. بۆ ئەوەی لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکەدا هیچ کەس لە دانیشتوانی گوندەکان هەواڵ بۆ لایەنی دژ نەبەن پێویستە ئەو گوندنشینانە دەستبەسەر بکرێن .

c. زۆر گرنگە ئۆپەراسیۆنەکان بە پەلە و خێرایی ئەنجام بدرێن. سەرکوتکردن و راونان پێویستە زۆر بێ بەزەییانە بێت.

٨. پێویستە هەر لە ئێستاوە ئامادەبن بۆ دەست بەکاربوون، بۆ ئەوەی لە کاتی پرۆسەی تەمبێکردندا کە دژی یاخی بووان ئاراستە دەکرێ، مەبەستی لەمانەی خوارەوەیە:

a . داوا لە عەشیرەتی ژیلیان بکرێ چەك دابنێن.

b. پێویستە ئەو کەسانە تەسلیم بە حکومەت بکرێن کە ژاندارمەکانیان کوشتبوو ئەوانیش رەسوڵ و ئاگێتی برایەتی.

ئەگەر وانەکەن ئەوا حکومەت پێ ی وایە ئێوە یاخی بوون و گوندەکە خاپور دەکرێ، هەروەها مەڕو ماڵات و خواردەمەنی و...... هتد، بە هیچ جۆرێ قبوڵی ئەوە ناکرێ داواکراوان رابکەن .

٢. رێگە نادەین حکومەت هەڵبخڵەتێندرێ لە رێگەی بەڵێن و گفتوگۆی جیاجیاوە.

d. ئەو بەتالیۆنەی کە لەگەڵمان دێت تەسلیم بـە ئەفـسەری ژانـدارم یوسـف زیـاو دەکرێ.

لە سەرەتای ساڵانی (١٩٣٠) دا دەسەڵاتدارانی تورك دەستیان کرد بـە ئەنجامـدانی کرداری سەربازی و پۆلیسی و ئیداری، کە بە رای ئـەوان دەبێتـە هـۆی سـەرکوتکردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە چاودێریکردنی گشتی یەکـەم لـە یەکـەم رۆژی کـانوونی دووەمی ساڵی (١٩٢٨) دا دەست بەکاربوو کە سەنتەرەکەی لە دیاربەکر بوو.

دواتر ویلایەتی ئاگریشی بۆ زیادکراو لە ئەنجامدا ژمارەی ویلایەتەکان زیادیان کردو بوون بە (٩) ویلایەت.

لە ساڵی (١٩٢٩) دا (ئە ب ن ت) یاسای ژمارە (١٥٠٩) ی پەسەندکرد کە بە پێ ی ئەم یاسایە ویلایەتی بیتلیس هەڵوەشێندرایەوە و لـە جیـاتی ئـەو ویلایـەتی مـوش دروست کـرا. لـە سـاڵی (١٩٣٣) دا یاسـای ژمـارە (٢١٩٧) شـەش ویلایـەتی تـری هەڵوەشـاندەوە، ناوەکانیـان : هـەکاری جبـل بـەرەکات، ئانـسەرای، ئـارتڤین، ئێیـل، شێبینکەراخی سار لە ئەنجامدا ژمارەی ویلایەتەکان کەمبوونـەوە و بـوون بـە ٥٧ (٢٧ لاپەڕە ١٨٩) .

بە گوێرەی یاسای ژمارە (١١٦٧) لە (٢٠) ی حزیرانـی (١٩٢٧)، (١٩) شـوباتی (١٩٣٤) لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا چـاودێریکردنی گـشتی دووەم دروسـت کـرا کـە پێکهاتبوو لەم ویلایەتانە: کرکلەرێلی، تێکرداغ، ئەدرنە، چـەنەکاڵی. سـەنتەرەکەی لـە ئەدرنە بوو.

دیسان بە پێ ی یاسای ناوبراو چاودێری گشتی سێیەم لە (٦) ی ئـەیلولی (١٩٣٥) دا دروستکرا، کە پێکهاتبوو لەم ویلایەتانە: ئاگری، ئێرزەروم، ئەرزنجان، قارس، ریـزێ، تابزۆن، گوموشخانە.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد و باسمان کرد لە (٢٥) ی کانوونی یەکـەمی (١٩٣٥) دا یاسای ژمارە (٢٨٨٥) پەسەندکرا کە لە بارەی دامەزراندنی چـاودێریکردنی گـشتی یەکەمەوە بوو کە ئەو ویلایەتانە دەگرێتە خۆ: هـەکاری، بینگـۆل، بیتلـیس، تونجـەلی.

ویلایەتی ئارتڤین بە جیا دروستکراو خرایە سەر چاودێری گشتی سێ یەم دیسان بە گوێرەی یاسای ژمارە (١١٦٤) لە (٢٠) ی حزیرانی (١٩٢٧) ویلایەتەکانی تونجەلی و بینگۆل و ئێلیازیگ پێشتر سەر بە چاودێری گشتی یەکەم بوون، ئێستا ئەم ویلایەتانە چاودێری گشتی چوارەم پێك دێنن (٢٧ لاپەڕە ١٩٠) .

لە سەرەتای ئایاری (١٩٣٢) دا هەروەك کوردناس(لوسێن رامبۆ) دەنووسێ: یاسایەك پەسەندکراو بە گوێرەی ئەمە لە تورکیا چوار هەرێم دروست کران. سێ دانەیان لە کوردستان رێکخران، یەکێکیان بە هۆکاری – تەندروستی، مادی، کولتووری، سیاسی و خەسڵەتی ستراتیجی بە ئامانجی دابینکردن و بەرقەرارکردنی ئاسایش، دەبوایە هەر هەمووی رابگوازرێ و ببێتە ناوچەیەکی قەدەغەکراو. دوو بڕگەی یەکەمی یاساکە دەسەڵاتیان داوەتە حکومەتی تورکیاکە هێزی عەسکەری و پۆلیس بەکاربێنن بۆ لەناوبردنی یەکێتی هۆزو عەشیرەتەکان، نەریتی شێخایەتی و سەرۆك عەشیرەتی لەناو ببەن و هەڵیبوەشێننەوە.

بە پێی بڕگەی سێیەم تەواوی مولکی جێگیری (الأموال ألغیر منقولة) عەشیرەتەکان دەبوونە مولکی دەوڵەت، بڕگەی چوارەم وا پێشبینی کرا ئەو زەویانەی دەستی بەسەرداگیرابوو بدرێتە ئەو تورکانەی کە لە ولاتانی بەلقانەوە بۆ تورکیا کۆچ دەکەن.

بەم شێوەیە دەسەڵاتدارانی تورك لە لایەك هەوڵیاندەدا بنەما ئابوورییەکانی بوونی عەشایر لەناو ببەن و لە لایەکی تر رەگەز و نەتەوەی تورك لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا نیشتەجێبکەن کە بە رای ئەوان دەبووە رێگر لە بەردەم سەرهەڵدانەوەیەکی نوێ ی بزاڤی کوردیدا .

بڕگەی پێنجەم دەسەڵات و مافی دەدا بە دەسەڵاتدارانی تورك ئەگەر گومانیان لە کەسێك بکردایە جاسوسە ئەوا بە خۆی ماڵ و خێزانەوە دووریان دەخستەوە.

بڕگەی(٦و٧) باس لەوە دەکات هەندێ هەنگاو بنرێت بە مەبەستی ئەوەی کوردەکان زمانی خۆیان بیرچێتەوە و هەروەها لەو ناوچانەی کە لێی نیشتەجێ دەکرێن تەنها خەریکی کارکردن بن.

لە کۆتاییدا بڕگەی هەشتەم باس لەوە دەکات کە لەو ناوچانەی کوردی تیا نیشتەجێ دەکرێن نابێ ژمارەی کوردەکان زێتری لە (١٠٪) ی تورکەکانی ناوچەکە بن.

لە درێژەی سیاسەتی گرتنە بەری راگواستن و تواندنەوەدا لە(٩) ی حزیرانی (١٩٣٤) (ئە ب ن ت) ئەنجومەنی بالآی نەتەوەیی تورکیا یاسای ژمارە (٢٥٠٢) ی پەسەندکرد سەبارەت بە نیشتەجێکردن لە هەندێ لە ناوچەکانی ویلایەتەکانی قارس، بایەزید، ئەرزرۆم و چۆروخدا پەناهند و موهاجر، کە پەیڕەو و راگوێزراوەکان پارچە زەوییان لە بەشی دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا بەسەردا دابەشبکرێت. لە یاساکەدا هاتووە زەوی و موڵکی جێگیر کە پێشتر سەر بە روسیا بوون و مافی خۆیانیان لەوێدا بەکاردەهێنا و ئێستا ئەو ویلایەتانەیان بەجێ هێشتووە کە بریتیین لە ویلایەتەکانی قارس، بایەزید، ئیگدیر، توزلوجە، هەروەها قەزای ئۆلتی لە ویلایەتی ئەرزرۆم، ئارتڤین، شەوشات، بۆرچکە- لە ویلایەتی (چوروخ) بوون بە موڵکی دەوڵەت.

ئەم زەوی و موڵکانەی کە کەوتونەتە دەست دەوڵەت وەك موڵکی جێگیری تر لە ناوچەکانی دیکەدا، دەکرێ دابەش بکرێنە سەر ئەو راگوێزراو و جوتیارانەی کە زەویان نیە یان زەوی کەمیان هەیە. (مادەی I، ٢) (٧. بەرگی ١٥. لاپەڕە – ١١٢٢-١١٢٣).

لە راستیدا ئێمە ئاگاداری ئەم یاسایە نین کە تا چەند جێبەجێ کراوە و، ژمارەی ئەو راگوێزراوانە موهاجیرەکان چەند بوون کە لەو ویلایەتانە نیشتەجێ کراون و کام بەشەی خەڵك زەویان وەرگرتووە، بەڵام بە پێی هەندێ سەرچاوە لە نێوان ساڵانی (١٩٢٣-١٩٣٤) دا (٦٣٠) هەزار کەس بۆ ناو تورکیا کۆچیان پێکراوە و زۆربەی ئەمانە ناردرابوون بۆ ویلایەتەکانی رۆژهەڵات. بەڵام روون و ئاشکرایە کە ئەم کردەوانەی حکومەت لەبەر خاتری جوتیاری کوردی بێ زەوی نەبوو، ئەوەندەی پەیوەندی بە ئارەزووی دەسەڵاتدارانی تورك خۆیانەوە هەبووە بۆ جێگیرکردن و نیشتەجێ کردنی رەگەزی تورك لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا لەسەر حسابی کورد و ئەرمەنیەکان. بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچونەمان یاسای ژمارە (٢٥١٠) یە کە لە لایەن(ئە ب ن ت) دەربارەی نیشتەجێ کردن لە (١٣) حزیرانی (١٩٣٤) دا بڕیاری لەسەردرابوو. ئەم

یاسایە بە رووکەش باسی تورکە راگوێزراوەکانی کردبوو، بەلاَم لە ناوەرۆکدا لە دژی کەمە نەتەوەکان و بە تایبەت دژی کورد ئاراستەکرابوو. بە گوێرەی ئەم یاسایە تورکیا دابەش کرابووە سەر سێ هەرێم:- یەکەم ئەو ناوچانەی دەگرتەوە کە کولتووری تورکی تێدا چڕبۆوە، دووەم- دەستنیشان کرابوون بۆ تێکەلاَوی نیشتەجێ بووەکان و تەرخان کرابون بۆ ئەوەی لەگەلَ کولتووری تورکیدا لێ رابێن. هەرێمی سێیەم ئەو ناوچانەی دەگرتەوە کە بە هۆکاری تەندروستی، ئابووری، کولتووری، سیاسی و عەسکەری، هەروەها بە مەبەستی بەرقەرارکردنی ئاسایش پێویستی بە راگواستنێکی سەرتاسەری هەبوو نیشتەجێ بوون و هاتوچۆی تیا قەدەغە بوو.

دیارە ئەم ناوچانە دانیشتوانەکانیان گشتیان کوردن مەبەستیش لەوە بوو کە هەر هەموویان راگوێزرێن (٧،ب،١٥،لا،١١) .

ئەنجومەنی وەزیران ماف و و دەسەلاَتی پێدرا بۆ ئەوەی گوندنشین و کۆچەرەکان لە هەرێمی ژمارە (٣) رابگوازن بەسەر ناوچەکانی تر و دابەشیان بکەن، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی تەندروستی و ژیاریان .

وەزیری ناوخۆ دەیتوانێ گومانی جاسوسی لە هەر کەسێك بوایە لە ناوچە سنوورییەکان دووری بخستایە بۆ ناوچەیەکی تر، هەروەها لە ولاَت ئەوانەی کە بێگانەن و وابەستەی (تبعیة) بێگانەیان هەیە وەزیری ناوخۆ بۆی هەبوو قەرەج و کۆچەریش کە ئەم ولاَت و ئەو ولاَت دەکەن و لەگەلَ کولتووری تورك تێکەلاَو نابن دەریان بکات (٧ب١٥ لا ١١٥٧-١١٥٨) .

مادەی (١٠) ی ئەم یاسایە کە تەواو پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو دەلَێ:

a. یاسا دان بە مافی کەسایەتی یاسایی عەشایردا نانێ، تەنانەت ئەگەر ئەو مافانە لە لایەن دادگەشەوە بڕیاری لەسەر درابێ و بە هەر بەلَگەیەکیش بێت، هەموو دەسەلاَتەکانی سەرۆك، ئاغا، بەگ، یان شێخی عەشیرەت، لەسەر دۆکۆمێنتێك بێت یاخود بە نەریت و عورف و عادەت ئەوا هیچ بنەمایەکیان نیە و هەلَدەوەشێندرێنەوە.

b. هەموو مولَکێکی جێگیر، تەنانەت ئەگەر تا پێش دەرچونی ئەم یاسایە دانی پیانرابێ و لەسەر هەر بەلَگەنامەیەك بێت و بسەلمێنرێ کە ئەمە مولَکی سەرۆك

عەشیرەتە، وەك کەسایەتییەکی یاسایی ئەوجا چ شێخ، بەگ یان ئاغای عەشیرەت بێت ئەوا لێ دەسەندرێتەوە و دەبێتە مولکی دەوڵەت. بە گوێرەی ئەم یاسا و پرینسیپە دەوڵەت بریتییە لە مولکی جێگیر و بەسەر تورکە موهاجیرەکاندا دابەش دەکرێت.

c. پشت بەستن بە بڕیارەکانی حکومەت، وەزیری ناوخۆ ماف و دەسەڵاتی هەیە لە هەندێ لە ناوچەکان و سەرۆك عەشیرەتەکان، بەگ و شێخ و ئاغا بە خۆیان و ماڵ و خێزانیان لە شوێنێکی تر بگوازرێتەوە و تێکەڵاوی ناوچەیەکی تریان بکات ئەگەر هات و گومانی لێ بکرێ کە مەترسی لەسەر سنوورەکان بۆ ئاسایشی دەوڵەت دروست دەکەن (٧ب ١٥ لا ١١٥٨-١١٥٩)

لە کاتێکدا حکومەتی تورکیا هەوڵی لەناوبردنی سەروەت و سامان و دەستکەوتی سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردی دەدا، لە هەمان کاتدا هیچ پلان و مەبەست و بەرنامەیەکی نەبوو بۆ چاککردنی دۆخی ئابووری و کولتووری و ئاستی گوزەرانی زەحمەتکێشانی کورد، یان لە بەرامبەر هەندێ ئاغا و شێخ داکۆکی لە هەژاران بکات، یان نەخواستە کێشەی کشتوکاڵی بە جۆرێ چارەسەر بکرێت کە لە بەرژەوەندی زۆربەی خەڵك دابێت. بەڵکو تەنها هەوڵی حکومەت هەوڵی بۆ ئەوەبوو نەتەوەی کورد بکاتە بابەتی چەوساندنەوە و تواندنەوە.

لە مادەی یازدەی ئەم یاسایەدا هاتووە:

a. بۆ هەر کەسێك ئەگەر زمانی تورکی زمانی دایك نەبێت ئەوا دروستکردنی گوند و گەڕەکی لێ قەدەغە دەکرێ، دروستکردنی ڕێکخراوی کرێکاری و پیشەیی لێ قەدەغە دەکرێ.

b. ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە هەندێ لە شارەکاندا مافی نیشتەجێبوونیان دراوەتێ نابێ ژمارەیان(١٠٪) تێپەڕ بکات لە چاو تورکنشینی شاردا،

c. هەروەها هیچ ڕێگەیان پێنادرێ گەڕەکی تایبەت بە خۆیان لەناو ئەو شارەدا دروست بکەن. (٧بەرگی ، ١٥، لا- ١١٥٩)

بە ئامانجی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی تورك لە ناوچە کوردییەکاندا، حکومەت ئەو موهاجیرە تورکانەی کە لە یۆنانەوە هاتبونە ناوچە کوردیەکان قەدەغە کردبوو تا

(١٠) ساڵ ناوچەکە بە جێبێڵن. مـادەی (٢٩) لـەم بارەیـەوە دەڵـێ: موجاهیرەکـان-کۆچەرەکان کە لە لایەن حکومەتەوە تێکەڵاوی یەکترکراون لەو ناوچـانە نـابێ تـا (١٠) ساڵی کەمتر بە یەکەوە بژین . ئـەوان نـاتوانن بـچن لـە ناوچـەیەکی تـر بـژین ئەگـەر رەزامەندی وەزیری ناوخۆ وەرنەگرن (٧ بەرگی، ١٥، لا-١١٦٥).

بە هەمان شێوە کورد و کەمە نەتەوەکانی تـریش قەدەغـەکرابوون بـە بـێ ئیزنـی حکومەت ئەو ناوچانە بەجێبێڵن، خۆ ئەگەر (١٠) ساڵەکەش بەسەر چویا، ئەوا ئەوان بە بێ رەزامەندی حکومەت بۆیان نەبوو برۆن لە ناوچەیەکی تر و لە شارێکی تر ژیان بەسەر بەرن و نیشتەجێ بن. بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسـایە حکومـەتی تورکیـا کۆمیتەیـەکی دروستکرد کە لەوێدا وەزیری ناوخۆ، وەزیری بەرگری، وەزارەتی ئابوری و چەند وەزیرێکی تر ئەنـدامی ئـەم کۆمیتەیـە بـوون، ئـەم کۆمیتەیـەی حکومـەت بـۆ جێبـەجێکردنی بریارەکانی ئەنجومەنی بـاڵای نەتـەوەیی تورکیـادا یەکـسەر دەسـت بـەکاربوو، یەکـەم هەنگاویان بۆ بە راگواستنی کۆمەڵی کوردەکان بوو.

لە (٥) تەموزی (١٩٣٤) دا بە یەکجار دوو یاسا پەسەند کران: یەکێکیان ژمارە — (٢٥٧٦) ئەویتریان (٢٥٧٧)، ئەم یاسایانە پێیان دەوترا یاسای گۆرانکاری لـە هەنـدێ مادەی یاساییدا سەبارەت بە رێکخراوی ناوەندی و ئەرکەکانی وەزارەتی ناوخۆ.

مادەی یەکەم کە پەیوەندی بە یاسای نیشتەجێبوونەوە هەبوو بەم شێوەیە بوو:

مـادەی هەشـتەمی یاسـای ژمـارە (١٦٢٤) دەربـارەی رێکخـراوی ناوەنـدی و ئەرکەکانی وەزارەتی ناوخۆ بەم شێوەیەی خوارەوە گۆرانی بەسەرداهات.

بەرێوەبەرایەتی کاروباری خەڵك لە چوار بەش پێکهاتبوو:

a. بەشی یەکـەم بـە گـوێرەی دۆخـی یاسـای نیـشتەجێکردنی ژمـارە (٢٥١٠) پەیوەندی بە موهاجیرەکان، پەناهیندەکان، کۆچـەرەکان، گواسـتنەوەی راگوێزراوەکـان، تێکەڵاوکردنیان، بەرهەمهێنان، دەستنیشانکردنی ناوچـەکان، زەوی بـۆ بـێ زەوییـان و جوتیارانی کەم زەوی، هەڵوەشاندنەوە و لەناوبردنی کارەکانی پێشوو کە پەیوەنـدیان بـە راگواستنەوە هەبوو . (٩، ١٩٣٤، ژ، ٢٥٧٢) .

ئەو بەشە پێکهاتبوو لە (٣) (بیرۆ) نوسینگە و دوو فەرمانبەری سەربەخۆ.

b. بەشــی دووەم ئامــانجی بەدواداچــوون و لێکۆڵینــەوە لــەو حاڵەتانــە بــوو کــە پەیوەندیان بە بوار و ئاقار و بەرەی کولتوورییەوە هەبووە لە نێوان هاووڵاتیانی وڵاتدا کە بیاندۆزێتەوە و هەنگاوی پێویست بنێ بە پێی مادەکانی(٨، ٩، ١٠، ١١) ی یاسـای (٢٥١٠) دەربارەی راگواستن و نیشتەجێکردن، هەروەها بەردەوامبێت لەو هەنگاوانـە و لێیان ووردبێتەوە و دیراسەی ئەو کەسانەش بکات کە پەیوەندیان بە کولتـووری تـورکی یان خوێنی تورکەوە هەبێ، بە تایبەت ئەوانەی لە دەرەوەن و دەیانەوێ کۆچ بۆ ناو وڵات بکەن، تا کارئاسانیان بۆ بکرێ و نیشتەجێبکرێن و پارچە زەوی بە پێتییان بدەنێ.

ئەم بەشە لە چوار نوسینگە پێکهاتبوو:

d. بەشی سێیەم :ئامانجی جێبـەجێکردنی ئـەو کارانـە بـوو کـە پەیوەنـدیان بـە ئامارەوە هەبوو لەگەڵ خەڵك و ئامرازەکانی پەیوەندیکردندا، ئەمەش لە دوو نوسـینگە پێکهاتبوو .

e. بەشی چوارەم : ئەو کارانەی دەکرد کـە پەیوەنـدییان بـە یاسـای هـاووڵاتی و جێبەجێکردنی مافی بە هاووڵاتیبوونەوە هەبوو، هەموو بریتی بوو لە دوو نوسینگە.

وەك دەبینین ئەم یاسایە زیاتر پەیوەندی بە کـوردەوە هەیـە، چـونکە هاوکـات بـە گـوێرەی ئـەم یاسـایە کـۆنترۆڵی ناونووسـین لـەناو دوورخراوەکانـدا دەکـرێ، هـەروەها سەرژمێریان دەکرێ بۆ ئەوەی لەناو کولتووری تورکەکاندا بتوێندرێنەوە.

لە(١٨) نۆڤەمبەری (١٩٣٥) دا ئەنجومەنی باڵای نەتەوەی تورکیـا یاسـای ژمـارە (٢٨٤٨)ی پەسەندکرد لە بارەی گۆڕانکاری لە یاسای نیـشتەجێکردندا و دەستنیـشانی ئەو ناوچانەی کردبوو کە کوردی تیا نیشتەجێبکرێت (٧بەرگی، ١٧،لا-٢٨ -٣٠) .

ئەم یاسایە دیدی وابوو کە ویلایەتێکی تایبەت بـە نـاوی تونجـەلی دروسـتبکرێت، رووبەرەکەی بریتی بوو لە (٤٥٠-٥٠٠) کـم چوارگۆشـە. دوای پەسـەندکردنی یاسـای تونجەلی حکومەتی تورکیا بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی لە دەرسیم دروستکرد.

لە نیوەی یەکەمی تەموزی (١٩٣٥) دا کاتێك کێشەی کـورد توندوتیـژتر بـۆوە، (عیسمت پاشا)سەر لە نوێ گەشتێکی تری بە نـاو ویلایەتـەکانی باشـوری رۆژهـەڵاتی

تورکیادا کرد و بۆ ماوەی دوو هەفتە لە دیاربەکر و، ماردین ، سیرت، بیتلیس، وان، موش، بولانکیٚ، لازگرد، مایەوە. (٦،لا، ٦٣- ٦٤) .

لەم سەردانەیدا سەرکردەی ویلایەتەکانی لە سیاسەتی حکومەت ئاگادارکردەوە لە پرسی کوردی. یاسای ژمارە (٢٨٨٤) دەربارەی بەڕێوەبەرێتی تونجەلی بۆ ماوەی (١١) ساڵ کاریکرد، مادەی (٣٧) ی یاساکە ماوەی کارکردنی یاساکەی تا(١) ی کانونی دووەمی (١٩٤٠) دەستنیشانکرد و دواتر بە چەند یاسایەك ماوەی کارکردنی ئەم یاسایە چەند جارێك درێژ دەکرایەوە.

بە هۆی یاسای ژمارە(٣٧٠٦) ئەو بۆ ماوەی سێ ساڵی تر درێژ کرایەوە، واتە یەکی کانونی دووەمی (١٩٤٣) بە هۆی یاسای ژمارە (٤٤٣٠) ماوەکەی بۆ دوو ساڵی تر درێژکرایەوە کە دەکاتە تا یەکی کانوونی ساڵی (١٩٤٥)، (٧.بەرگی ، ٢٠، ٢٦، لا-٤٥) .

سەرباری هەموو ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیان بە کردەوەی سزادان، لێبوردن هەبوو، ناکریٚ بگوتریٚ کە لە تونجەلی سەرژمێری راست بۆ خەڵك کراوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتدارانی تورك هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو سەرژمێری راستەقینەی خەڵك نەکەن. لە ساڵانی (١٩٣٧ -١٩٣٨) ژمارەیەکی ئێجگار زۆری خەڵك دووچاری جینۆساید بوونەوە. لەو ساڵانە ئەوەندە خەڵکیان کوشت کە حیساب و ژمارەکانیان دەبردەوە سەر ساڵانی تر، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانویست لەناوبردن و کوشتن و بڕین داپۆشن. جگە لەمە هەر لەو دوو ساڵەدا ئەوەندەیان منداڵ و زارۆك کوشتبوو کە منداڵی لەدایك بووی ئەو ساڵانەت نەدەدیت .

هەر لەو بارەیەوە هەندیٚ لە منداڵان کە لە دایك بووی ساڵی (١٩٤٠) بوون وا نیشان دەدران کە لە ساڵانی (١٩٣٧- ١٩٣٨) مردون. بەم شێوەیە جارێکی تر هەوڵیان دەدا بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی دەرسیم بشارنەوە (٢٧-لا-٤٨) .

بە یاسای ژمارە (٤٤٣٠) ، یاسای بەڕێوەبردنی تونجەلی بۆ ماوەی دوو ساڵی تر درێژ کرایەوە، واتە تا یەکی کانونی دووەمی (١٩٤٥) . بە یاسای ژمارە (٤٦٧٨) ماوەی یاساکە بۆ یەك ساڵی تر درێژکرایەوە، واتە تا یەکی کانوونی دووەمی (١٩٤٦).

بە یاسای ژمارە (٤٨٠٩) ماوەی کارپێکردنی یاساکە بۆ یەك ساڵی تر درێژکرایەوە، واتە تا (١) ی کانوونی دووەمی (١٩٤٧).

هۆکاری هەموو ئەو درێژکردنەوەی یاسایانە پەیوەندییان بە نەبوونی و دابیننەکردنی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناوچەکەوە هەبوو .

درێژکردنەوەی ماوەی ئەو یاسایانە لەبەر نەبوونی ئارامی، ئاسایش، نیزام بووە.

دەکرێ باس لە هەندێ لەو یاسایانە بکەین کە پەیوەندییان بە بەڕێوەبردنی دەرسیمەوە هەبووە. لە کانوونی دووەمی (١٩٣٨) دا یاسایەك پەسەندکرا کە پەیوەندی بە گۆڕینی یاسای ژمارە (٢٨٨٧) هەبوو، ساڵی (١٩٣٤) یاسای ژمارە (٢٥٧٦) دەرچوو تایبەت بە سەرژمێرکردنی دانیشتوان کە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە دەرسیمەوە هەبوو. بە گوێرەی ئەم یاسایە ئەو خەڵکانە حسێب نەکرابوون کە لە دایك ببون، ژنیان هێنابوو، مردبوون، جیاببونەوە........هتد. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی دەرسیم ئەگەر بیانویستایە سەفەری ناوچەیەکی تر یان شارێکی تریان بکردایە دەبوایە مۆڵەت لە حکومەت وەرگرن. هەر کەسێك دەبوایە حسابی ووردی خۆی بە دیارخستبا لەو جێگەیەی کە سەفەری بۆ دەکات و بە هەمان شێوە کە دەگەڕایەوە ئاگاداری حکومەتی بکردابایە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو کەسانەی کە لە شارەکانی ترەوە سەردانی دەرسیمیان بکردبا، دەبوایە بە کۆمەڵێك رۆتین تێپەڕن، ئەمە وا دەردەکەوت جۆرەها شێوەی پاسپۆرت هەبووبێ بۆ ئەوەی بتوانن لە دەرسیم بچنە دەرەوە یان میوان روویان تێبکات.

بۆ نمونە ئەگەر بتویستبا سەفەر بۆ فەرەنسا بکەی ئەوا دەبوایە پاسپۆرتت هەبێ ، بە هەمان جۆر ئەگەر بتویستبا لە دەرسیم بچیە دەرەوە دەبوایە پاسپۆرتت پێ بێ (٦٤- ctf – ٢٧) .

حکومەتی تورکیا زۆرجار خەڵکی دەرسیمی ئازار دەدا و سزایانی دەدا وەك ئەوەی ئەوان دۆخی یاسای ژمارە (٢٥٧٦) پێشێل کردبێ. ئەم جۆرە سزایە زیاتر خۆی لە سزای پارەدان و، زیندانیکردن دەبینییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی تورك جار جارە لێبوردنی بۆ خەڵکی دەرسیم رادەگەیاند بە شێوەیەك حوکمی زیندانییەکان کەمدەکرایەوە یان ئازاد

دەکران، بە تایبەتی ئەم لێبوردنە لە ژێر رۆشنایی یاسای ژمارە (٢٨٨٧) دا بوو کە لە (٨) ی کانوونی دووەمی (١٩٣٦) دا لە لایەن (ئ ب ن ت) پەسەندکرابوو، دەردەچوو.(٩، ١٩٣٦، ژ، ٣٢٥٤) (لە کانوونی دووەمی ١٩٣٦) .

چواردەی کانوونی دووەمی (١٩٣٨) یاسای ژمارە (٣٣٢٣) پەسەندکرا دەربارەی گۆڕاندنی هەندێ لە مادە و بڕگەکانی یاسای ژمارە (٢٨٨٧). ئەم یاسایە ناوی لێنرا (یاسا) سەبارەت بە وورده گۆڕانکاری لە بارەی یاسای (٣) ژمارە (٢٨٨٧) (٩ژ ٣٨١٩ -٢، ١، ١٩٣٨)

لە(٥) ی تەمووزی (١٩٣٩) دا (ئە ب ن ت) پشتگیری لە پرۆژەیەکی یاسایی کرد کە سنووردارکردنی چالاکی و کار و کرداری کوردبوو، ئەو کوردانەی کە بۆ ناوچەکانی رۆژئاوای ولآت راگوێزرابوون هیچ کات بۆیان نەبوو بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان.

ئەم یاسایە ئەو کەس و عەشیرەتانەی قەدەغەکردبوو کە نەژادیان تورك نەبوو و هیچ پەیوەندیەکییان بە کولتووری تورکییەوە نەبوو، سەر لە نوێ لە هەرێمی ژمارە (١) یەك نیشتەجێ ببنەوە (٧ب ٢٠ لا ١٥٥٦) کە بە شێوەیەکی سەرەکی بریتی بوون لە ویلایەتە کوردییەکان.

بە پێی یاسای ژمارە (٣٦٦٧) لە دیسەمبەری (١٩٣٩) دا حکومەتی بڕیاریدا کۆچەرە کوردەکان نیشتەجێ بکات، بۆ ئەم مەبەستە یەکە و پارچە زەوییەکی پێ فرۆشتن (٣٥،لا، ١٦٦ -١٧١) .

پێویستە باس لەوەش بکەین کە ئامار و ژمارەی هەموو ئەو کوردانەی کە لە ویلایەتەکانی رۆژهەلآتەوە بۆ ویلایەتەکانی رۆژئاوا راگوێزران نازانین و لەبەر دەستدا نین، بەلآم دەکرێ لەو دوکۆمێنتانە بیاندۆزینەوە کە لە ئامار و سەرژمێری خەلکی سالآنی (١٩٣٥) و (١٩٤٠) تێداکرد.

بەم شێوەیە ئەنجامەکان وا نیشان دەدەن کە تەنها لە ویلایەتەکانی ئەرزرۆم، موش، واندا لە نێوان سالآنی (١٩٣٥- ١٩٤٠) دانیشتوانەکەی بە رێژەی (٣٣٨), (٢٨٠) کەس کەمبۆوە. خۆ ئەگەر حیسابی ئەوەش بکەین کە دانیشتوانی ولآت لەو ماوەیەدا(١٠٪) زیادی کردبێت ئەوە مانای وایە کە لەو ویلایەتانەی باسمان لێوە کرد

نەك دانیشتوانەکەی نەدەبوایە کەمی بکردبا بەڵکو تا (١٠٠) هەزار کەس دەبوایە زیادببێ . بە کورتی ئەم کەمکردنەوەیەی باسمان لێوەکرد لە ژمارەی دانیشتواندا پەیوەندی بە حکومەتی تورکیاوە هەیە ئەویش بە راگواستنی (٣٧٠) هەزار کورد لەو ویلایەتانە بۆ ناوچەکانی تر.

بە درێژایی دەیان ساڵ گەلی کورد خەباتی چەکداری دژی چەوسێنەران بەرپاکردبوو، بە ئامانجی دان نان بە مافەکانیاندا و، لە پێناوی یەکسانی لە بوارەکانی کولتووری، ئابووری، سیاسی و بوارەکانی تری ژیان لە وڵاتدا، بەڵام لە ئەنجامی چەندین هۆکار کوردەکان بەردەوام دووچاری شکست هاتوون لە خەبات و جەنگی نابەرامبەردا. سەرکوتکردنی لە رادەبەدەر و دڕندانەی راپەڕینی کورد، ئابووری کوردستانی تورکیا لەبەر یەك هەڵوەشاندەوە و تا رادەیەکی زۆریش هێز و توانای لەبەر کوردان بڕیبوو. تیرۆر و کوشتنی بە کۆمەڵ بووە هۆی شەهیدبوونی زۆر لەناوداران و کاربەدەستانی کورد و هەزارانی تر لە خەڵکی مەدەنی .لەسەروبەندی جەنگی جیهانی دووەمدا کێشەی کورد لە تورکیا هەر بە چارەسەر نەکراوی مایەوە.

چاودێریکردنی گشتی (واتە، لە سەرجەم پارێزگاکان) تا ساڵی (١٩٤٨) دەست بەکاربوون. (٣) ساڵ پێشتر لە (٢٨) شوباتی (١٩٤٥) دا، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (٢٢٢٢ -٣) دەرکرد کە بە گوێرەی ئەم بڕیارە گۆڕان بەسەر سیستێمی ساڵی (١٩٢٧) دا هات دەربارەی ئەرك و دەسەڵاتەکانی چاودێری گشتی ئەو گۆڕانکارییانە پەیوەندیان بە هەندێ ئەرك و پابەندبوون هەبوو لە لایەن چاودێری گشتییەوە و لە هەمان کاتدا پەیوەندییان بە گەشەکردنی دۆخی ناوچەکەوە هەبوو.

ساڵی (١٩٤٨) ئەو کاتەی چاودێری گشتی هەڵوەشێندرایەوە (٢٣) ویلایەت لە کۆی (٦٣) کەوتبوونە ناو هەرێمی چاودێری گشتییەوە هێشتا پێش دروستکردنی یەکەم چاودێری گشتی پارێزگاری دیاربەکر جەمال بەگ خۆی سەردانی دەرسیمی کرد بۆ ئەوەی لە بارودۆخەکە تێ بگات.

حەمدی بەگیش کە یەکێك بووە لە چاودێرە مەدەنییەکان لە دووی شوباتی (١٩٢٦) دا راپۆرتێکی بۆ وەزارەتی ناوخۆ ناردبوو کە تیایدا هاتبوو:

لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان و چاودێری کردنم هەست دەکەم کە دەرسیم وردە ووردە بەرەو کوردایەتی و میسالی بوون دەڕوا و لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەم مەترسییەکان لە پەرەسەندندان.

بە پێی دەستووری (١٩٢٤) کۆماری تورکیا بریتی بووە لە (٧٤) ویلایەت، بەڵام لە (١٩٢٦) دا یاسای ژمارە (٩٧٧) بڕیاری لەسەر درا کە بە پێی ئەم یاسایە (١١) ویلایەت هەڵوەشێندرانەوە، ئەمەش وایکرد ژمارەی ویلایەتەکانی کۆماری تورکیا کەم ببێتەوە و ببێتە (٦٣). لەناو ئەو ویلایەتانەی کە هەڵوەشێندرانەوە دەرسیم، موش، ئەردەگان، گێنج، سیڤرین، ئێرگانی، ئوسکودار، بیۆگلو، گێلیبۆلۆ، چەرانجە، کۆزان بوون. لەو قۆناغەدا ژمارە قەزاکان گەیشتبوونە (٣٤٣) و ناحیەکانیش (٦٨٣) (٢٧-لا-١٨٩) .

بە قسەی سکرتێری گشتی پارتی گەلی کۆماری، وەزیری ناوخۆ شوکر قایە لە قۆناغی(١٨٧٦) وە حکومەتی تورکیا (١١) جار هێرش و پەلاماری گەورەی بردبووە سەر دەرسیم کە ئەمەش لە ناوەرۆکدا سیاسەتی کۆماری تورکیا دەرهەق بە دەرسیم درێژەی پێدانی هەمان سیاسەتی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی بوو.

بە گوێرەی یاسا لە چاودێریکردنی گشتی حکومەت نیزام و سیستمێکی ئامادەکردبوو بۆ دەستنیشانکردنی ئەرك و کارەکانی چاودێری گشتی، سیستمێکە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە لە (٢٧) ی دیسەمبەری (١٩٢٧) ئامادەکرابوو، هەر لە هەمان رۆژدا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (٥٨٥٨) دەرکرد.

ئەم بڕیارە دوایی لە دوو بەش پێکهاتبوو، بە گوێرەی مادەی یەکەم چاودێری گشتی دروست کرا کە ئەو ویلایەتانەی لە خۆوە گرتبوو: ئورفە، ئێلیازگ، بیتلیس، هەکاری، دیاربەکر، سیرت، ماردین، وان.دوای ماوەیەك ویلایەتی ئاگریش کەوتە ناو ئەو چاودێری گشتی یە ، ئەو کاتە موش هێشتا قەزا بوو، سەر بە بەتلیس بوو، بینگۆل و تونجەلی سەر بە ئێلیازیگ بوون لە ئەنجام دا لە کوردستان یەکەم چاودێری گشتی دروست کرا.

نزیکەی (٢٢) ساڵ ئەم چاوێرییە گشتییە حوکمی کوردستانییان کرد.

بە گوێرەی ئەم مادەیە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی چاودێری گشتی دادەمەزرێ.

مادەکانی تری ئەم نیزامە کە (١٧) مادەیە پەیوەندییان بە ئەرك و دەسەڵات و کارەکانی چاودێری گشتی و سەرۆکی چاودێری گشتییەوە هەیە. لە کاتی سەرنجدان لەو دەزگایەو لە چالاکی و سنووری کارەکانیدا دەبینن دەسەڵاتێکی ئێجگار زۆری پێدراوە.

ئەم جۆرە ڕێنماییانە بە ئاشکرا ئەوە نیشان دەدەن کە کوردستان لە ساڵی (١٩٢٧) وە بە بڕیاری جیاجیا بەڕێوە چووە. لە (١٩) ی شوباتی (١٩٣٤) دا دووەم چاودێری گشتی دروست کرا کە هەندێ لە ویلایەتەکانی ڕۆژئاوای وەك چەنەکاڵێ، تێکرداغ، ئەردەنێ، کیرکیارێلی بەخۆوە گرت .

لە (٦) ی ئەیلولی (١٩٣٥) دا سێیەم چاودێری گشتی دروستکرا کە بە گوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٣١٩٩-٢) دەبوایە ئەم چاودێری گشتییە ئەو ویلایەتانە لە خۆوە بگرێ: ئەرزنجان، ئەرزرۆم، قارس، گوموشخانە، چۆروخ، ترابزۆن و ریزێ .

لە(٦) ی کانونی دووەمی (١٩٣٦) دا چوارەم چاودێری گشتی دروستکرا بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە(٣٨٢٣- ٢)، واتە نزیکەی یەك هەفتە لە دوای دەرکردنی یاساکە لە بارەی تونجەلی، ئەمە بۆ ئەوە دروستکرا (چارەسەری) کێشەی دەرسیم بکات. ویلایەتەکانی تونجەلی، بیگۆل، ئێلیازگ، لە یەکەم چاودێری گشتی وەدەرنرابوون.

یەکەم چاودێریکردنی گشتی ئەم ویلایەتانەی لە خۆگرتبوو: دیاربەکر، ئورفە، ماردین، سیرت، وان، هەکاری، بیتلیس، موش.

دووەم چاودێری گشتی — چەنەکاڵێ، ئەدرنە، تێکرداغ، کێچ کلارێلی.

سێیەم چاودێری گشتی -ئاگری،کارس،ئەرزەروم،ریزێ،گوشخانە،چێرۆخ.

چوارەم چاودێری گشتی -تونجەلی،بینگۆی،یلمازیگ،ئەرونجان.

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین لە ساڵی(١٩٢٧) ەوە (١٢) ویلایەت لەلایەن چاودێری گشتییەوە بەڕێوەبراون.

هەرچی پەیوەندی بە چالاکی و کردارەکانی تریانەوە هەیە لە ویلایەتەکانی دیکەدا ئەوا لە سالآنی(١٩٣٤/١٩٣٥) دەست پێدەکەن . جگە لەمە ئەگەر بێت و باس لە یاسای پاراستنی ئارامی و ئاسایش و کردەوەکانی بکەین ، ئەوا ئەتوانین بڵێین کوردستان لە نێوان سالآنی(١٩٢٣-١٩٤٩) لەلایەن رژێمی تاکە حزبی چاودێری گشتییەوە بەڕێوە چووە . هەر لەم بارەیەوە پێویستە ئەوەش بگوترێ کە دووەم چاودێری گشتی لەوانیتر جیاواز بوو . لێرە رووداوەکان بەجۆرێکی تر گەشەیان کرد. زۆر گرنگە هەر لەم روانگەیەوە تەماشای یاسای ژمارە(٢٨٦٥) بکەین کە لە (٢٤) ی دیسەمبەری (١٩٣٥) دا دەرچووبوو سەبارەت بە کارمەندانی یەکەم سێیەم و چوارەمی چاودێری ئەو دۆکۆمێنتانەی لە نوسینگەی چاودێرییەوە دۆزراونەتەوە وامان پیشان دەدەن کە لەچ بارودۆخێکدا ئەم چاودێرییانە دروست کراون .

بۆ نمونە: ریزەکانی یەکەم چاودێری گشتی لە(١٩٢٧-١٩٣٥) بەم شێوەیە خۆیان دەنوێنن: راوێژکاری عەسکەری ، راوێژکاری یاسایی ، بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و ئاسایش ، خزمەتگوزاری کۆچ و کۆچکردن . هەرچی پەیوەندی بە دووەم چاودێری گشتییەوە هەیە ، ئەوا ئەو نوسینگانەی بریتی بوون لە رێکخستن ، رۆشنگەری ، پاراستنی تەندروستی و خزمەتگوزاری تر . لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی

(١٩٣٤) ەوە تا ئەو کاتە راگواستنی کوردەکان لە ویلایەتەکانی رۆژهەلآتەوە بۆ رۆژئاوا تا دەهات خێراتر و پتر و زۆرتر دەبوون ، بۆ نمونە لە رۆژهەلآتی فراکیا ، رۆژهەلآتی فراکیا جێگەی بەردەوامبوونی راگواستنی کوردەکان بوو . کوردێکی ئێجگار زۆر راگوێزرانە رۆژهەلآتی فراکیا ، چەندین هەنگاوی تریش نران بە مەبەستی جێبەجێکردنی سیاسەتی لە ناوبردن و تواندنەوەی کورد . پێویستیبوونی دروستکردنی چاودێرییەکی تری گشتی پەیدا بوو لە رۆژهەلآتی فراکیا ، یەکەم و دووەم چاودێری گشتی سەرۆکەکەی ئیبراهیم تالی بوو کە لە(١٩٢٧-١٩٣٢) یەکەم بەرێوەری چاودێری گشتی بوو . لە کاتی دامەزراندنی (ئیبراهیم تالێ بەگ) بە سەرۆکی چاودێری گشتی ، دووەم چاودێری گشتی ئەزموونی ئەویان لەبەرچاو بوو کاتی کە سەرپەرشتی یەکەم چاودێری گشتی دەکرد دەربارەی میللەت و زانیاریەکانی .

دواتر عابدین ئۆزمێن کە لە چاودێری گشتی رۆژهەلاتی فراکیا کاری دەکرد ماوەیەکی دوور و درێژ بوو بە بەرپرسی یەکەمین چاودێری گشتی لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە راوێژکارە گرنگەکان کە لە یەکەمین چاودێری گشتی کاریان دەکرد هەر لە پۆستی خۆیان مانەوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژیش لە چاودێری گشتی رۆژهەلاتی فراکیادا کاریان دەکرد .

لە جێگای جەماوەری کورد کە لە کوردستانەوە بۆ رۆژهەلاتی فراکیا راگوێزرابوون ، کاری تایبەت ئەنجام دراوە بۆ ئەوەی لازەکانی ناوچەکانی دەریای رەش راگوێزن و لە کوردستان نیشتەجێیان بکەن . بەڵام مەبەست و ئامانجی سەرەکی حکومەتی تورکیا لە دروستکردنی چاودێری گشتی لە دەرەوەی کوردستان هەوڵدانێك بۆ شاردنەوەی سیاسەتی کۆلۆنیالیانەی تورکیا بوو لە کوردستان (٢٧،ل٣٨-٣٩) .

بە پێی سەرچاوە رەسمییەکان تورکیا تا حوزەیرانی (١٩٣٨) نزیکەی (٨٩) هەزار خێزان (٣٠٠) هەزار دۆنم لەو زەوییانەی کە مولکی دەرەبەگ و فیۆداڵەکان بوون و دەستیان بەسەردا گیرابوون بەسەریانا دابەش کران . لە سەدان هەزار جوتیاری تورکیای بێ زەوی و کەم زەوی تەنها(٤٨٤١١) زیاتر نەبوو(١٧،ل١٢٦) .

زۆر ئاشکرایە کە بەم جۆرە کردەوانە هیچ کاتێك کێشەی زەوی لە وڵات چارەسەر ناکات . لە درێژە جێبەجێکردنی یاسایی ژمارە (٢٥١٠) ی راگواستن ، حکومەتی تورکیا فەرمانی بە دانیشتوانی کوردی چەندین پارێزگەدا بە تایبەت خەڵکی بۆتان خۆیان ئامادەکەن، بەڵام زۆربەی خەڵك ئامادە نەبوو خاکی کوردستان چۆڵ بکەن و بەجێی بێڵن بۆیە بەرە و چیا سەختەکان رۆیشتن.

لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت دەستیکرد بە بەهێزکردنی هێزە عەسکەرییەکان بۆ تەمێکردنی ویلایەتەکانی رۆژهەلات .

هاوکات (ئیبراهیم تالی بەگ) لە چاودێری گشتی لادراو(ئالپ دۆغان) بوو بە سەرۆکی چاودێری گشتی و دەسەلاتێکی بێ سنووری پێدرا . سیاسەتی کۆنەپەرستانەی حکومەتی تورکیا بارودۆخی کوردستانی تەواو شێواند بوو . جگە لەمە، هەموو کردەوە و رەوشتەکانی حکومەتی تورکیا شایەدی ئەوە دەدەن کە مەبەستیان بوو کورد جارێکی

تر چەك هەڵگرێ و شۆرش بكات بۆ ئەوەی ئەوانیش بۆ هەتا هەتایە كۆتایی بە كێشەی كورد بهێنێت . راپەڕینی نوێی دەرسیم پێگەیشتبوو .

كەمال ئەتاتورك پێشنیازی بۆ ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی توركیا كردبوو گفتوگۆ دەربارەی كێشەی دەرسیم بكەن ، دەرگای هۆڵی پەرلەمان داخرا و كۆبونەوەكە نهێنی بوو . لە (١) ی نۆڤەمبەری (١٩٣٦) دا لە كاتی دەستپێكردنی كۆبونەوەی (ئە ب ن ت) (كەمال ئەتا تورك) لە قسەكانیدا باسی دەرسیمی كردو وتی :

گرنگترین كێشەی ناوخۆمان بریتییە لە كێشەی دەرسیم بۆیە پێویستە بە هەر نرخێك بێت ئەم دومەڵە لە رەگەوە دەربێنین و پاكیكەینەوە .

ئەم دومەڵە ترسناكە ....دەسەلاتێكی لە رادەبەدەر بدرێتە حكومەت بۆ ئەوەی زۆر خێرا هەنگاوی پێویست بنرێ بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە .(٢٤-لا-٥٠).

بڵاوبونەوەی وردە دەنگوباس لەسەر لاپەرەكانی رۆژنامە توركییەكان شایەدی دەدەن كە لەناو كۆبونەوەكانی ئەنجومەندا باس لە بەرنامەی هێوركردنەوەی كوردەكان كرا بوو . لە كۆتایی چاپكراوەكاندا باس لەوە دەكات كە گفتوگۆكردن دەربارەی كێشەی دەرسیم تەواو بووە و جگە لەوەش حوكمی لە سێدارەدان جێگەی سزاكانی تری گرتۆتەوە .

هەر بە پێشنیازی (كەمال ئەتاتورك) دەڤەرەكانی ناوەڕاستی دەرسیم ڕێكخران ویلایەتێكی تایبەتییان لێ دروستكراوە ناوی دەرسیم گۆڕا بوو بە تونجەلی .

لە (٦) ی حزیرانی (١٩٣٦) دا هەرێمێك بە ناوی چوارەمین چاودێری گشتی دروست كرا، كە ویلایەتەكانی ئێلیا زیگ ، تونجەلی ، بینگۆڵی بە خۆوە گرتبوو ، واتە خاكی پێشوی دەرسیم (٦،لا،٦٦) . لە هەرێمەكەدا بەڕێوەبەرایەتیەكی تایبەت لە ژێر سەركردایەتی ئالپ دۆغان دروست كرا. لەكاتی سەركردایەتیكردنی چاودێری گشتی كە لە ئێلیازیگ بوو بەشی تایبەت دروستكران بۆ : ڕاوێژكارانی سەربازی ، گروپی جاسوسی ، فەرماندەی گشتی گروپی تایبەتی ئەفسەرەكان ، دادگەی عەسكەری ، سكرتاریەت ، بەشی دارایی و یاسای ، ژەنەڕاڵ عبدللە ئالپ دۆغان فەرمانیدا دۆخی گەمارۆ بخرێتە سەر ویلایەتەكانی تونجەڵی ، ئیلیا زیگ ، بینگۆڵ و بە هەڕەشەو سزای قورس و تۆقاندن داوای لە كوردەكان كرد (٢٠) هەزار تفەنگی پێ بدەن . هەموو ئەوانە بارو

دۆخی دەرسیمیان زیاتر ئاڵۆز و گرژ کرد و بووە هۆی سەرهەڵدان و بەرپابوونی ڕاپەڕینێکی تری نوێی چەکدارانی کوردی ، کە ئەمیش زۆر بێبەزەییانە و وەحشیانە سەرکوت کرا .

لە (٥) ی تەموزی (١٩٣٩) دا ئەنجومەنی باڵای نەتەوەی تورکیا یاسایەکی ، دەربارەی سنووردار کردنی هاتو چۆی کوردی پەسەند کرد، گەڕانەوەی ئەو کوردانەی قەدەغە کردبوو کە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا نیشتەجێکرابوون و دەیان ویست بگەڕێنەوە خاکی باب و باپیرانیان . ئەم یاسایە بۆ ئەو کەس و عەشیرەتانە بوو کە بە ڕەگەز تورك نین سەرلە نوێ دەیانەوێ لە هەرێمی ژمارە(I) کە زیاتر ناوچە کوردییەکان دەگرێتەوە نیشتەجێ بن .

لە (٤) ی ئایاری (١٩٣٧) دا ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی بۆ ئەنجام دانی هێرشێکی سەربازی بۆ تەمبێکردنی خەڵکی تونجەڵی دەرکرد. تیایدا هاتووە : ڕاپۆرتە هەواڵەکان ڕووداوەکانی ئەم دواییەی تونجەڵی کە لە چواری ئایاری (١٩٣٧) دا ڕوویاندا بوو گەیشتنە دەست (ئەتا تورك و مارشاڵ چاکماك) ، دوای لێ وردبوونەوەیان گەیشتنە ئەم ئەنجامانە :

١- هێزەکان یەك بگرن و هێرش بەرنە سەر هێڵەکانی نازمیە – کیچیکیزك (ئەشاگی بار) کارۆ گلان .

٢- ڕاگوێزانی دانیشتوانی ناوچەکانی ڕاپەڕین و نیشتەجێکردنیان لە ناوچەکانی تردا .

لە ئەنجامی ئەم ئۆپەراسیۆنەدا پێویستە هێرش بکرێتە سەر گوندەکان و خەڵکەکەشی رابگوازرێن . حکومەت هەموو کەرەستەو ئەسبابی تەواو بۆ ڕاگوێزانی (٢٠٠٠) لە دانیشتوانی گوندەکان ئامادە کردبوو .

لە (٧) ی کانونی یەکەمی (١٩٣٦) دا تا(٢٧) ی کانونی دووەمی (١٩٣٧) دا کۆنگرەی گشتی هەموو چاودێرییەکان بەستران (ئەوکاتە لە وڵاتدا چوار چاودێری گشتی هەبوو) لە ژێر سەرکردایەتی وەزیری ناوخۆ شوکر قایە لە تەك چەندین کێشەو پرسی تر باس لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی دەرسیم کرا.

لــە مــانگی تــەموزی (١٩٣٧) دا حکومەتــەکانی عێــراق، ئێــران تورکیــا ، پەیماننامەی(سەعد ئابادیان) مۆرکرد ، بۆ ئەوەی هاوپەیمانیەتی لــە ڕۆژهــەڵاتی نزیکــدا دروست بکرێ و ببێتە داردەستی سیاسەتی بەریتانیا لــە ڕۆژهــەڵات نزیکــدا . لــەو هاوپەیمانیەدا تورکیا ڕۆڵی سەرکردایەتی دەبینێ و بە ڕادەیەك بەقەد بەریتانیا کاریگەری لەسەر ناوچەکە هەبوو .

دیدی هاوپەیمانیتی (سەعد ئاباد) بریتی بوو لە خەباتی هاوبەشی ئەو وڵاتانەی کــە ڕێککەوتنەکەیان مۆرکردووە بۆ دژایەتیکردنی جوڵانەوەی جیاوازخواز کە لە ناوەڕۆکــدا مەبەستیان جوڵانەوەی کوردی بوو . لەمادەی (٧) ی ئــەم هــاو پەیمانێتییــە هــاتووە :- هەریەك لە دەوڵەتانی پایەبەرزی ئەم ڕێککەوتننامەیە پابەندە بە گرتنەبەری هــەنگاوی پێویست لەلای خۆیانەوە بە مەبەستی دژایەتیکردنی هەر گروپ و دروســتکردنی بانــدی چــەکداری یــان پــارت و ڕێکخــراو کــە ئامانجیــان هەوڵــدانبێ بــۆ تێکــدانی دامــەزراو هەڕەشەکردنە سەر ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە بە تایبەت لەسەر سنوورەکانی وڵاتــانی مۆرکردووی ڕێکەوتننامەکە (٧ بەرگی ،١٩ ، لا ٣٠٠-٣٠) .

حکومەتی تورکیا کاتێك پشتگیری ئێران و عێراقیان بە دەستهێنا دەستیانکرد بــە تەواوکردنی هێرش و پەلامارەکانیان دژی کوردەکانی دەرسیم .

(١٠) ی نۆڤەمبەری (١٩٣٧) دا دادگەی سەربازی لە (ئیلیا زیگ) . بڕیارەکانی خۆی بەسەر هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە کێشەی دەرســیمەوە هــەبوو ، ســەید ڕەزاو (١١) یانزە کەس لــە هاوڕێکــانی حــوکمی ســێدارەیان بەســەردا ســەپێندرا ، (١٨) ی نۆڤەمبەر حوکمەکە جێبەجێ کرا .

(١) ی نۆڤەمبــەری (١٩٣٧) دا واتــە ڕۆژێــك لــە دوای بڕیــاری دادگــە بەســەر نیشتمانپەروەرانی دەرسیمدا ، (ئەتاتورك) بە هاوڕێیەتی سەرۆك وەزیران (ج-بەیار) کــە هاتبووە جێگای (عسمەت ئینینــۆ) ، بــەناو ویلایەتــەکانی ڕۆژهــەڵاتی باشــوری وڵات گەشتێکی سازدا. ئەو سەردانی مالاتیە ، ئۆرفە دیار بەکر و ویلایەتەکانی تــری کــرد . (١٦) ی نۆڤەمبەری (١٩٣٧) دا لە (دیاربەکر) کە شارێکی کوردییەو دانیــشتوانەکەی کوردن (ئەتاتورك) لە خوتبەیەکیــدا وتــی (وەك ئــەوەی دانیــشتوانی ڕۆژهــەڵاتی وڵات

تورك بن و لە تورکان پێکهاتبن) وەك ئاماژە پێکردنەکەی ئەتاتورك کە خاوەنی کۆماری تورکیا بوو: تورکەکان نمونەن بۆ شارستانیەتی جیهان (١٤ .لا ١٩٦) بەو شێوەیە (ئەتاتورك) کە لەسالآنی (١٩١٩ - ١٩٢٠) باسی برایەتی تورك و کوردی دەکرد ، ئێستا پڕوپاگەندەی پان تورکیزم دەکات هەوڵی دەدا بسوونی کوردو کێشەی کورد پشتگوێ بخات .

لە مانگی ئابی (١٩٣٧) دا بە پێی پەیمانی (سەعد ئاباد)، حکومەتی تورکیا ڕاوێژی لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق و ئێران کرد لە بارەی هەماهەنگی و هاوکاری دژی کوردەکان و بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن جولآنەوەی نەتەوەی ڕزگاریخوازی کوردی تەشەنە بکات و سنوورەکانی هەرسێ ولآت بگرێتەوە .

حکومەتی تورکیا لە بەدەستهێنانی پشتگیری حوکمڕانانی عێراق و ئێران زۆر دڕندانە کەوتە گیانی شۆڕشگێڕانی دەرسیم . دەسەلآتدارانی تورك کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە سەربازو کەرەستەی جەنگیان لەبەر دەستدا بوو زۆر بە هێزترو زیاتر بوون لە هێزە کوردییەکان ، بە هیچ جۆرێ بەزەییان بە پیرو ژن و منداڵدا نەدەهاتەوە. لە مانگەکانی سێپتەمبەرو ئۆکتۆبەری (١٩٣٨) دا دا بەرگری کوردی تێکشکێنرا و لە ئەنجامی جەنگێکی خوێناوی سەختدا هەزاران کورد لە ناوبران و تیاچوون (٧٦ ، ژمارە ٢ ،لا ٩) لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەش بگوترێ کە هەموو ئەو پڕۆژە یاسایانەو کردەوانەی کە لەسالآنی بیستەکان و سییەکاندا بڕیاریان لەسەردرا بوو لە تورکیا ، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە کوردەوە هەبوو ، ئامانجی لەناوبردنی جولآنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بوو کە خەریکبوو پێدەگەیشت هەروەها تواندنەوە و ڕاگوێزانی چەندین ملیۆن کورد بوو .

بەشی دووەم
یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد
دوای جەنگی جیهانیی دووەم

چ لە سالآنی جەنگ و چ لە سالآنی یەکەمی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، دەسەلآتدارانی تورکیا زۆر لە سەرخۆو بە وریاییەوە هەندێ هەنگاویاننا بۆ ئەوەی جولآنەوەی کوردی روونەدات. ئەوان زیاتر لە دروستبوونی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ئێران دەترسان، چونکە ئەمە دەبووە هۆی بەهێزبوونی جولآنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی تورکیا.

لە کۆتایی سالّی(١٩٤٥) و سەرەتای(١٩٤٦) دا دەسەلآتدارانی تورکیا دەستیان بە راگواستنی کوردەکانێ نزیك سنوورەکانی عێراق و ئێران بۆ ناو قوولآیی دەولّەتی تورکیا کرد، بەلآم لە ئەنجامی توندوتیژبوونی بارودۆخی سیاسی ناوخۆ ناچاربوون دەست لە سیاسەتی لەناوبردنی کورد هەلّبگرن، جگە لەمەش لەناو چینی بالآدەستی تورکیادا بۆچوونی تر دەربارەی کێشەی کورد پەیدابوون.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ سیستمی فرە پارتایەتی سەری هەلّدا و رۆلّی جەماوەر لە ژیانی سیاسیدا پەرەی سەند. بۆیە نەدەکرا دەنگی جەماوەر لە هەلّبژاردنەکاندا کە بە کام پارت دەدرێت حسابی بۆ نەکرێت. زۆربەی مەسەلەکان پەیوەندییان بەوەوە هەبوو داخوا کام پارتی بۆرژوا زۆرینەی دەنگ بە دەست دێنێ. لەناو دەنگدەراندا لەوانە کوردەکانیش لە سیستمی فرە پارتایەتی نوێی تورکیادا کەوتبوونە دەست شێخ و ئاغا کوردەکان، ئەم هۆکارە تەواو دەرەبەگی کورد و تورکی لە یەکتر نزیك کردەوە و پەیوەندیان بە بەرەی یەکگرتووی تورکیاوە کرد دژی هەر جۆرە ریفۆرمێکی کشتوکالّی، لە راستیشدا تەعبیریان لە بەرژەوەندی دەرەبەگە کوردەکان دەکرد، دەتوانین

لێرەدا هەندێك شتی سەیر کە لە ساڵی (١٩٤٥) دا بە ڕێکەوت ڕوویداوە باس بکەین، ئەویش لە کاتی لێدوانی ناو بەرەی یەکگرتووی تورکیا کە دەربارەی ریفۆرمی کشتوکاڵە. کەسێکی وەك جاویت ئۆرال کە خاوەن زەوی و موڵکدارێکی گەورە بوو، عدنان مێندرێس، ئێمین سازاك و چەندین دەرەبەگی تری گەورەی تورك و کورد بە یەکەوە وتووێژیان لە دژی ریفۆرمی زەوی کردووە. ئەمین سازاك ڕوی لە شەوکەت ڕەشید خاتیپۆگلو کرد کە مناقەشەی پرۆژە یاساکەی ریفۆرمی دەرکرد ووتی: ئەم پرۆژەیە بکشێنەوە من (٣٠) هەزار دۆنمتان دەدەمێ لە ناوچەی بێلێکۆپرۆ. خاتیپۆگلو پرسی: ئەدی ئەگەر بە یاسا ئەو زەوییەت لێ بسەنین؟ (ئەمین لە وەڵامدا ووتی: ئەگەر دەوڵەت بە زۆر ئەم زەوییەم لێ بسەنێ، ئەوا ئەمین سازاك لە ناوچەی ئاسکی شەهر ناژی). لە ڕاستیدا گرتنەبەری سیستمی فرە پارتایەتی بووە هۆی کاریگەرتر بوونی دەسەڵاتی شێخ و ئاغا و نوێنەرەکانی تری چینە بەرچاوەکانی کورد. یەکەم: سیستمی نوێی هەڵبژاردن بایەخی دەنگدەرانی بەرزترکردەوە، لەوانە ئەو کوردانەی کە زۆر بە توندی لە بوارەکانی ئابووری و ئاینیدا بە شێخ و ئاغاو سەرۆك عەشیرەتەکان بەستراوبوونەوە. لێرەدا وا دەردەکەوێ کە چینی باڵادەستی کوردی ببووە سەرچاوەی دابینکردنی دەنگ بۆ چینی باڵادەستی تورك و، پارتە سیاسییەکان و لەگەڵ ئەوەشدا بوو بە فاکتەرێکی سیاسیی بەهێزی ململانێ لەسەر دەسەڵات. دەنگدەرانی کوردیش دەنگیان بەو کاندیدانە دەدا کە پێشتر لە لایەن چینە باڵادەستەکان بۆیان دەستنیشان کرابوون.

دووەم — بۆرژوای تورك کە دەست لەسەر سنگ بەرامبەر ئاغا و دەرەبەگی کورد وەستابوو هێندەی تر ئەو ئاغا و دەرەبەگانە پلە و پایەیان لەناو قەوم و قیلەی خۆیاندا بەرزتر ببۆوە و کاریگەری شێخ و ئاغا و سەرۆك عەشیرەتەکان بەسەر خەڵکی بەرفراوانی کوردەوە بەرەو زیادبوون دەچوو.

ئەم جۆرە وەرچەرخانە بەرەو سیستێمی فرە پارتایەتی نزیکبوونەوەیەکی لەگەڵ خۆی هێنا لە نێوان چینە دەوڵەمەندەکانی کورد و چینی باڵادەستی تورکدا. لە ئەنجامی (یاریکردن بە دیموکراسی) کوردە دەرەبەگەکان سەربەخۆیانە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی

پەیوەندیەکانییان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوەندیدا، وردە وردە هاوکارییان لەگەڵ نوێنەرانی چینی باڵادەستی تورکدا دەکرد کە ئەوانیش بۆرژوا و دەرەبەگەکان بوون. ئەمانە بە خشکەیی لەو شارانەدا نیشتەجێبوون کە نزیك بوون لە بازرگانی، پرۆسەی دراو، هەروەها توانییان چەندین لقی جیاجیای کشتوکاڵی بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، لە هەمان کاتدا زەوییەکانی خۆیشیان لە دەست نەدا. لە تەك ئەمانە و چینی باڵادەستی کوردی دەستی لە سیاسەت وەردەدا، بە پێی فەرمانەکانی پارتی دەسەڵاتدار ئەوانیش بەشدارییان لە شارەوانی و کۆبونەوەی گشتی ویلایەتەکاندا دەکرد.

بەم شێوەیە و دوابەدوای ئەمە خەباتی پارتە سیاسییە بۆرژواکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران و دەسەڵات گرتنەدەست تا رادەیەکی زۆر رێوشوێنی سیاسی شێخ و ئاغای کوردی گەورەتر کرد، چونکە چارەنووسی کاندیدەکانی پەرلەمان بە زۆری بەسترابوونەوە بەمانەوە.

ئەنجومەنی باڵای تورکیا:

حکومەتی پارتی گەلی- کۆماری هەندێ هەنگاوی نا تا کوردەکان بە لای خۆیدا رابکێشێ کە دەکرێ لەم جۆرە هەنگاونانەی پارتی گەلی کۆماری دەسەڵاتداردا جۆرە تەفسیرێکی بۆ بکرێ. لە ساڵی (١٩٤٧) دا سەرۆك وەزیران رایگەیاند کە ئێستە دەکرێ کوردەکان بۆ سوپا بانگهێشت بکرێن و بە یەکسانی لەگەڵ تورکەکاندا (٣١. ٣٤). وەك دیارە پێش ئەم بڕیارە کوردەکان تەنها بۆ هەندێ بەشی هاوکاری بەکاردەهێنران لە هەمان کاتدا لە (٨) ی حزیرانی (١٩٤٧) دا پەرلەمانی تورکیا قانونی ژمارە (N.١٥١٠) دەرکرد کە جەختی دەکردەوە سەر هەندێ لە بڕگەکانی یاسای نیشتەجێکردن (التوزیع السکانی) ژمارە (١٥١٠) کە لە (١٩٣٤) دا بە گوێرەی مادەی کاتی ژمارە (١) دەرچووبوو .(٧ب ٢٨ لا١٣٢٢-١٣٢٤) .

بە گوێرەی مادەی کاتی ژمارە (١)، هەموو سنووردارکردنێکی کاتی لە مافەکانی ئەو کەسانەی بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و لە بارودۆخێکی ناچاریدا راگوێزرابوون بۆ ناوچە دیاریکراوەکان تا بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە هەڵوەشێندرانەوە. بەڵام لە

یاساکەدا هاتووە کە ڕێگەیان پێنەدراوە تێکەڵاوی ناوچە قەدەغەکراوەکان بن، وەك: ئاگری و ساسونێ و تونجەلی و زیلایانێ. لە هەمان کاتدا دوای بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە و بە ڕێگەپێدانی حکومەت لە ماوەی ساڵێکدا ئەو کەسانەی کە پێشتر ڕاگوێزرابوون دەتوانن بگەڕێنەوە ویلایەتەکەی خۆیان یان ویلایەتێکی تری دراوسێی خۆیان (مادەی کاتی ۲) بەڵام لە بری ئەمە هەموو موڵکە جێگیرەکان لە لایەن حکومەتەوە دەستی بەسەرداگیرابوو.

بە گوێرەی یاسای ژمارە (٥٠٩٨)کە لە (٥) ی شوباتی (١٩٤٨) دا دەرچووبوو ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (٣١٦٩٩٢) ی دەرکرد کە گەواهی ئەوە دەدەن سەرانی تورك لەگەڵ ئەوەی کە کەمێك گوێڕایەڵی ئاغا و دەرەبەگی کورد بوون، بەڵام هەرگیز وازیان لە سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد نەهێناوە وەك لە بڕگەی (B) ئەم بڕیارەدا هاتووە ئەو کۆچەرانەی بە ڕەگەز تورك نین و بە زمانی تورکی قسە دەکەن لەو ناوچانە نیشتەجێ دەکرێن بە شێوەیەك هەر خێزانەو لەناو گوندێکی تورکیدابێ و نابێ ژمارەیان (١٠%) ی ژمارەی تورکی گوندەکان زیاتر ببێ (٣٥- لا- ١٣٣) . دواتر کورد و کۆچەرەکانی تر کە تورك نەبوون بۆیان نەبوو گەڕەك بۆ خۆیان دروست بکەن، هەرچەندە ئەم بڕیارە دژی سیاسەتی تواندنەوەی حکومەتی تورکیا بوو. ئەم کارو کردارانە دوایین ئەڵقەی چالاکییەکانی ناو پلان و بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوو لە لایەن پارتی گەلی کۆمارییەوە کە لە ماوەی (٢٧) ساڵی حوکمڕانی خۆیدا. تەواوی مێژووی حوکمڕانیکردنی پارتی گەلی کۆماری گەواهی لە سیاسەتی فاشیلانەیان دەدەن دەربارەی کێشەی کورد. دواتر هەندێ سیاسەتمەدارانی تورك ناچار بوون دان بەو ڕاستییەدا بنێن.

بە درێژایی ساڵانی حوکمڕانیکردنیدا عیسمەت ئینینۆ (چ وەك سەرۆك وەزیران و چ وەك سەرۆك کۆمار)تەماشای کێشەی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نەکردووە وەك کێشەیەکی نیشتمانی. چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی کاری ئیداری و عەسکەریدا..... بێهیوایی و تاریکی دروست کرد.

ئازارەکانی ڕۆژهەڵات گەلێ لەوە قووڵتر و زیاتر بوون کە چاودێران هەستیان پێدەکرد (٢٠، لا، ٣٢٦) سیاسەتی دوو فاقەی پارتی گەلی کۆماری دەرهەق بە کێشەی

کورد لە لایەك (ڕاکێشانی ئاغا و دەرەبەگی کورد بە لای خۆیدا) و لە لایەکی تر درێژەپێدانی سیاسەتی تواندنەوەی کورد بووە هۆی لاوازکردنی هەڵوێستی حزبی باڵادەست و بەهێزکردنی کاریگەری پارتی دیموکراتی ئۆپۆزسیۆن (بەرهەڵستکار) لەو ویلایەتانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکانی کورد بوون.

لە ئەنجامدا لە ساڵی(١٩٥٠) لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەندا کوردەکان دەنگیان بە حزبی دیموکراتدا (حزبەکەی ج- بەیار و ع. مەندێرێس). کاندیدی ئەم حیزبە لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا لە وتەیەکیدا بەڵێنی بە کوردەکاندا کە مافی یەکسانییان لەگەڵ تورکەکاندا پێبدات و گەشە بە ئابووری ئەو ناوچانە بدات کە دانیشتوانەکەیان کوردن، بەڵام ڕووداوەکانی دواتر دەریان خست کە هەموو ئەو بەڵێن و قسە زل و فشۆڵانە قسەی بێ بنەمای پێش هەڵبژاردن زێتر هیچی دیکە نەبوون. لەم بارەیەوە(عیسمت شریف وانلی) دەنووسێ: (کۆمارییەکان و دیموکراتەکان) بۆ کورد بریتین لە زاڵبوونی بۆرژوای (ڕاسیستی) ڕەگەزپەرست. ئەمە سەرکوتکردنی نەتەوەییە، ئەمانە بریتین لە ئیدارەیەکی گەندەڵی تورکی، بریتین لە تیرۆری پۆلیس و سوپا، ئەم هەژارییە ، بچوکترین مافی سەرەتایی کوردی تیا نیە .... بریتین لە فاشیزم، هەموو ئەو بەڵێنانەی کە بە فەرمی دەدران. (٤٠، ١٩٦٠، لا، ١٦) دەربارەی هەڵوێستی پارتە سیاسییەکان لەسەر پرسی کوردی دوای حوکم گرتنە دەستی حزبی دیموکرات، ئادیمێر دەنوسێ: کاریگەری لەسەر دەنگدەرانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات و توانای بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئاغا و شێخەکان ناوچەیەکی بابەتی ململانێکە بوو هەروەها (بازرگانی و- قاچاغچیەتی بوو لە نێوان پارتی دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆندا) (٢٠. لا. ٣٢٧) .

دواتر کە حزبی دیموکرات دەسەڵاتی گرتە دەست هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا ڕووی نەدا . لە (٣٠) ی ئابی (١٩٥١) دا حکومەتی پارتی دیموکرات لە ڕێگەی (ئە ب ن ت) بڕیاری یاسای ژمارە (٥٨٢٦) دا لە بارەی گۆڕاندنی مادەی(١٢) یاسای ژمارە (٥٠٩٨). ئەم مادە نوێیە بەم شێوەیە:

بە بێ ڕێگەپێدانی ئەنجومەنی وەزیران (هیچ کەس جگە لە بەرپرسانی سوپاو پۆلیس) ڕێگەی پێ نەدراوە بچێتە ناوچە قەدەغەکراوەکان، ئەو ناوچانەی لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگرێتەوە تا دەگاتە هێڵی بە یەکگەیشتنی خاڵەکانی ئیلجیێ ویلایەتی قارس — تۆکاتلی- سەردار بولاق- قەرەنیەرەق- شێخیرگردن- یوکارینچۆ(ویلایەتی ئاگری) هەروەها ئاراراتی بچوك (٣٥، لا، ١١٤) . بە پێی یاسای ژمارە (٥٨٢٦)، لیژنەیەك لە سێ کەس دروست دەکرێ (لە نوێنەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ، هاتوچۆ و گەیاندن، تەندروستی، دابینکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی)، دەبوایە ئەو لیژنەیە ناوچەیەك دەستنیشان بکات کە ڕزگاری بووە لە ناوچە قەدەغەکراوەکان، بۆ نمونە (تونجەلی، ساسۆن، زێیلان،.......هتد). دەبوو بە پێی پێویست و بە گوێرەی توانا ئاوەدان بکرێنەوە. بە گوێرەی ئەم یاسایە و لەو ناوچە ئازادکراوانەدا، دەکرێ ئەو کەسانەی تێیدا بژین کە لە لایەنی ئیدارییەوە دەرکراون بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژئاوا لە دوای یەکی کانونی دووەمی ساڵی (١٩٣٨)ەوە، واتە دوای ئۆپەراسیۆنی تەمبێکردن لە لایەن سوپای تورکەوە لە دەرسیم.

بە گوێرەی یاسای ژمارە (٥٨٢٦) لقی شەشەمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاروباری کشتوکاڵی و ئاوەدانکردنەوەی سەر بە سەرۆك وەزیران لە (١٧) ی ئۆکتۆبەری (١٩٥١) دا بە ئیمزای وەزیری دەوڵەت ئیشبان نووسراوی ژمارە (١٥٤) ی بۆ پارێزگەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات نارد. لەم نوسراوەدا ئاماژە بەوە دەکات کە یاسای ژمارە (٥٨٢٦) لە (٣) ی ئابی (١٩٥١) دا ئەو بڕیارە هەڵدەوەشێنێتەوە کە دەڵێ: سەفەرکردن بۆ ناوچەکانی تونجەلی، ساسۆن، زێیلان، ئاگری(تەنها هەندێ ناوچەی بچوك نەبێ کە هاتووچۆی تێدا هێشتا قەدەغەیە) لە هەمان کاتدا بە نووسراوی وەزیری ژمارە(٣٦٣٠- ١٠٥) پارێزگەرانی ویلایەتەکانی ئاگری، بیتلیس، قارس، سیرت، تونجەلی، وان ئاگادارکرانەوە لە بارەی پێکهێنانی ئەو لیژنەیەی کە پێشتر باسمان لێوەکرد. (٣٥، لاپەرە، ٣٣٥) .

ئەمە ئەو بەڵێن و کارە تایبەتییانە بوو کە حزبی دیموکرات لە پێش هەڵبژاردندا بە خەڵکیدا بوو. خۆ ئەوەی پەیوەندیشی بە بەڵێنەکانی ترەوە هەیە، ئەوا هیچ کات

جێبەجێنەکران، لەوەش بترازێ حکومەتی حزبی دیموکرات هەنگاوی زیاتری بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتانی عێراق و ئێراندا نا بە مەبەستی سەرکوتکردنی ئەگەری سەرهەڵدانی جوڵانەوەی کوردی. ئەمە وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیا و چەند وڵاتێکی تری زلهێزی رۆژئاوا، کەهەوڵیان دەدا هاوپەیمانیەتێکی تری سەربازی لە شێوەی ناتۆ دروست بکەن کە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست لە خۆبگرێ:

تورکیا وەك وڵاتێکی زۆر نزیك لە ئینگلتەرا و ئەمریکا ئەرکی راستەوخۆی جێبەجێکردنی پلانی وڵاتانی رۆژئاوای گرتە ئەستۆ بە مەبەستی دروستکردنی ئەو هاوپەیمانییە.لە(٢٤) ی شوباتی (١٩٥٥) دا لە شاری بەغدادد لە نێوان عێراق و تورکیا رێککەوتننامەی هاوکاری مۆرکرا، دواتر ئەم رێککەوتننامەیە بە هاوپەیمانییەتی بەغدادد ناسرا. بە گوێرەی مادەی یەکەمی ئەم هاوپەیمانێتییە دەکرێ پرۆتۆکۆڵ و رێککەوتننامەی تایبەت مۆر بکەن دەربارەی هاوکاریکردنی هەردوولا دژی جوڵانەوەی پەرەسەندووی دیموکراسی و لەوانە دژی خەباتی کوردەکان لە پێناوی مافی نەتەوەییاندا.

لە ئازاری (١٩٥٥) دا رۆژنامەی (تێلێگرافی) لوبنانی هەواڵی مۆرکردنی پرۆتۆکۆلێکی نهێنی بلاوکردبووەوە لە نێوان عێراق و تورکیادا کە هەردووك بۆیان هەیە لە کاتی پێویستدا فرۆکەخانەی عەسکەری خاکی یەکتر بۆ پرسی سەربازی بەکاربێنن. یەکێك لە خاڵەکانی پرۆتۆکۆلەکە بریتیبوو لە بەهێزکردنی هاوکاری و هەماهەنگی بۆ دژایەتیکردنی تاقم و گروپی لابەلا کە لە دژی سیاسەتی عێراق و تورکیا کاردەکەن (١٨ لاپەرە ١٦). تا کۆتایی ساڵی (١٩٥٥) دا وڵاتانی ئینگلتەرا و پاکستان و ئێرانیش بوون بە ئەندامی ئەو هاوپەیمانیتییە.

دوای بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی هاوپەیمانێتی بەغدادد کە لە نۆڤەمبەری (١٩٥٥) دا بەسترا لە بەغدادد ستروکتوور(هەیکەلی تەنزیی) ئەم هاوپەیمانێتییە پەسەندکرا کە بۆ ئەو مەبەستە ئەنجومەنێکی وەزیرانی بەردەوامی بۆ دانرا لەگەڵ سکرتاریەت و چوارکۆمیتە بۆ چارەسەرکردنی کێشە جیاجیاکان . ئەوەی بەلای ئێمەوە

سەرنج راکێشە (کۆمیتەی ئاسایشی و کۆمیتەی پۆلیس) کە کۆمیتەی چالاکی تێکدەرانەیە.

ئەم کۆمیتەیە تەزکیەو ئامۆژگارییەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی سەبارەت بە هەنگاونان و کاری پێویستی ئامادەکرد بۆ دژایەتیکردنی بزووتنەوە دیموکراسییەکان و جولانەوەی رزگاری خوازی نەتەوەیی کورد لەناو ولاتانی ئەندام لەم هاوپەیمانیەتییەدا، هەروەها لەو ولاتانەشدا کە هەلوێستی بێلایەنەیان هەیە و دراوسێی یەکترن .لە لێکدانەوەی ئەو بابەتانەی سەرەوەدا دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە لەکاتی بەستنی هاوپەیمانێتیی بەغدادا ئەوانە هەستیان بە پەرەسەندنی کێشەی کورد کردبوو بەردەوام حکومەتەکانی ئێران - عێراق - تورکیای دووچاری نائارامی کردبوو . (عیسمەت شریف) وانلی کە سیاسەتمەدار و رۆشنبیرێکی کوردەو بۆ جولانەوەی کوردی خەبات دەکات چەندین نامەیان ئاراستەی(UN) نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە سەبارەت بە پەیماننامەی بەغداد کە ئەو هاوپەیمانێتییە خەسلەتی دژە کوردی هەیە . هەر لەو بارەیەوە(عیسمەت شریف) نوسیبووی : دەتوانم باوەرتان پێ بهێنم کە بوونی کێشەی کورد تاکە هۆکاری سەرەکییە لە دروست بوونی هاوپەیمانێتی بەغداد لە نێوان تورکیا و ئێران و حکومەتی پادشایەتی (نوری سعید) دا، هەموو ئەمانە بە مەبەستی لە نێوبردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد یەکیان گرتەوە . هەروەها ئینگلتەراش دژی کورد خەبات دەکات .... ئەو دەیەوێ و هەوڵ دەدات رەوشی هەنوکەیی بپارێزێ بۆ ئەوەی بە سەرکەوتووی نەوتی ناوچەکە بە تالان ببات ، لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کورد بۆتە قوربانی سەرەکی ئەو سیاسەتەی رەوشی هەنوکەییە لە رۆژهەلاتی نزیکداو ئەم راستییەش هیچ بەلگە و شاهیدی ناوێ (٤٧ ، ١٩٩٦ ، لا ، ٢٥) .

لە(١٤) ی تەموزی (١٩٥٨) دا رووخانی رژێمی پادشایەتی لە عێراق و دەرچوونییان لە هاوپەیمانێتی بەغداد گورزێکی کوشندە بوو درا لە سیاسەتی شۆڤێنانەی کۆنەپەرستانی ولاتانی تورکیا و ئێران و عێراق، لە ئەنجامی ئەو کودەتایە بارودۆخێکی لەبار بۆ کوردەکان رەخسا بۆ درێژە پێدان بە خەبات لە پێناوی بەدیهێنانی مافە

نەتەوەییەکانیاندا . بەڵام بارودۆخی کوردەکان لە تورکیا هەروەك پێشوو مایەوە .چونکە حکومەتی حزبی دیموکرات بەردەوام بوو لە سەرکوتکردنی جوڵانەوەی دیموکراسی و بەرزبوونەوەی هەر جۆرە دەنگێکی نارەزایی لەناو کوردەکانی تورکیادا .

لە (١٧) ی دیسەمبەری(١٩٥٩) دا حکومەتی تورکیا (٤٩) رۆشنبیری کوردی زیندانی کرد، لەوانە نوێنەری خوێندکارانی زانکۆ. ئەگەرچی گرتنەکە ئەوپەڕی نهێنی و دڕندانە بوو، لە هەمان کاتدا رێگە بە رۆژنامەکانیش نەدرا وەك هەواڵ بڵاوی بکەنەوە، بەڵام گرتنی نوێنەرانی رۆشنبیرانی کورد چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات بە توندی مەحکوم کرا.

حکومەتی تورکیا بەردەوام هەوڵی دەدا ئەو زوڵم و زۆرداری و توندوتیژییانەیان لە ماسمێدیاکاندا بە جۆرێکی تر روون بکەنەوە. سەرۆك کۆمار (ج- بەیار) و وەزیری ناوخۆ نامیق غیدیق رایان گەیاند کە: هاونیشتمانانی کورد لەسەر (چالاکی کۆمۆنیستی) گیراون کە بە پێی یاسای وڵات قەدەغە کراوە.

حکومەتی تورکیا بە هیچ جۆرێ گوێ بە داواکارییەکانی خەڵکی نەدەدا، بەردەوامیش بوو لەسەر درێژە پێدانی سیاسەتی ناوخۆی دژ بە بەرژەوەندییەکانی گەل، هەر ئەمەش بووە هۆی گرژبوونی بارودۆخی سیاسی لە وڵاتدا. کە لە ئەنجامدا (٢٧) ی ئایاری(١٩٦٠) کودەتای دەوڵەتی لە تورکیا روویدا، کۆمەڵێك ئەفسەر و جەنەراڵی پایە بەرزی سوپا لە کۆمیتەیەکدا بە ناوی کۆمیتەی یەکێتی نەتەوەیی (ك.ی.ن) یەکییان گرتبوو ئەو کودەتایەیان ئەنجامدا و دواتر تەواوی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی جێبەجێکردن کەوتە دەست ئەم کۆمیتەیە. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم کودەتایە بە قسەی ئەندامانی کۆمیتەکە بریتی بوو لە (کێشەی کوردی) کە بە ئاشکرا هەڕەشەی لە یەکپارچەیی خاکی تورکیا دەکرد. (٣٣، ل، ٢٧٠) .

کودەتای عەسکەری کە لە (٢٧) ئایاری (١٩٦٠) دا ئەنجامدرا، ئاواتەکانی کۆمەڵە پێشکەوتووخوازەکان و هێزە دیموکراتییەکانی کوردستانی تورکیای نەهێنایەدی. راستە لە دوای کودەتاکە زۆر لە زیندانییەکان ئازادکران، بەڵام نوێنەرانی رۆشنبیری کورد کە

تاوانبارکرابوون بەو (کاروچالاکی) یانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی تورکیادا ناکۆك بوون هەر لە زینداندا مانەوە.

حکومەتی نوێ کۆتایی بە هەموو ئەو کار و چالاکییانە هێنا کە (دژی دەوڵەت بوون) و هەوڵی زۆریشی بۆ ئەوە بوو کوردەکان لەو چالاکییانە دابڕێ کە مەبەستیان بوو وڵات پارچە پارچە بکەن حکومەتی سەربازی نوێ دەستیان کرد بە ڕەشبگیری کوردەکان. لە یەکی حزیرانی (١٩٦٠) دا زیاتر لە (٤٨٥) کوردیان گرت و لە سیواس لە سەربازگەیەکی تایبەتی زیندانییان کردن (٢٧، لا، ٣٢٨) .

لە مانگی ئەیلولدا ئەندامی کۆمیتەی یەکێتی نەتەوەیی ئەفسەری دەرەجەدار کوچوك، لە ئۆکتۆبەریساڵی (١٩٦٠) دا وەزیری ناوخۆی حکومەتی کاتی جەنەڕاڵ (قزل ئۆغلۆ) بۆ چاودێری و چاوگێڕان بە ناوچەکە سەردانی شارە کوردەکانیان کرد. دوای ئەمە راپۆرتێکیان پێشکەش بە کۆمیتەی یەکێتی نەتەوەیی کرد کە تیایدا هاتبوو وەك ئەوەی کوردەکانی شارەکانی رۆژهەڵات بە نهێنی رێککەوتنێکیان لەگەڵ کوردەکانی ئێران و عێراق و سوریا کردبێ بۆ ئەوەی کۆماری کوردی دروست بکەن (٦١، ١٩٦١، ژمارە٧- ٨، لا،٤٠) .

لە(١٧) ئۆکتۆبەری (١٩٦٠) دا کۆمیتەی یەکێتی نەتەوەیی یاسایەکی بۆ یاسای ژمارە (٢٥١٠) لە بارەی (نیشتەجێکردن و راگواستن) زیادکرد، ئەویش یاسای ژمارە (١٠٥) بوو. بە گوێرەی ئەم یاسایە لە بەرژەوەندی حکومەتدا نەبوو ئەو کوردانەی پێشتر راگوێزرابوون رێگەیان پێ بدرێ بگەڕێنەوە شوێنی باب و باپیرانیان لە تونجەلی . لە یاساکەدا هاتووە:

هەر کەسێك هەستی ئاینی بەکاربێنێ، نەریت یان ئایدۆلۆجیای بێگانە، هێز یان توانای خۆی بۆ کارکردنە سەر خەڵك بەکاربێنێ ، یان بۆ تۆقاندنی خەڵك، هەروەها

هەوڵی شێواندنی ئەو ناوچانە بدات کە تێیدا دەژی، یان کارو چالاکی وا ئەنجام بدات دژ بە بەرژەوەندی نەتەوەیی بێت، دەکرێ بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی وەزیران دووربخرێتەوە بۆ هەر ناوچەیەکی وڵات بێ ئەوەی مافی گەڕانەوەی هەبێ بۆ شارەکەی خۆی یان شوێنەکەی خۆی(مادەی I) (٢٧،لا، ٣٣٣).هاوپێچ لەگەڵ ئەم یاسایەدا

وەزارەتی ناوخۆ نوسراوێکی ئاراستەی پارێزگاکان و ویلایەتەکانی رۆژهەلات کردو داوای لێکردبوون ناوی ئەو کەسانەی بۆ بنێرن کە کاری تێکدەرانە ئەنجام دەدەن.

بە رەسمی لە لایەن حکومەتەوە راگەیەندرا کە، یاسای ژمارە (١٠٥) بۆ ئەوە بڕیاری لەسەر دراوە تا کۆمەڵێك ریفۆرم ئەنجام بدات وەك: لەناوبردنی پاشماوەی نەریتی سەدەکانی ناوەڕاست لە تورکیا، لەناوبردنی دامەزراوەکانی شێخ و ئاغا، نمایشکردنی هێزی دەوڵەت، نەهێشتن و کەمکردنەوەی چەوساندنەوە و زوڵم لەسەر هاوولاتییان (٧، ٢٢، ١٩٦٠) حکومەتی کاتی قزل ئۆغلو (مشورخواردنی هاوولاتیان) کە بە مەهزەلەیەکی تری وەزیری ناوخۆی دانا، سەرکەوتوانە وتی:

(ئێستە ئیتر نە شێخ هەیە، نە ئاغانە سەرۆك عەشیرەت.... من ئەم قسانەم لەگەڵ شێخە، ئەم خەڵکە نازانن موسوڵمانیەتی چییە. ئەمانە شێخ نین بەڵکو دەسیسەن، خەڵك هۆشیار نیە، لە ئیسلامدا کەس ناتوانێ ببێ بە ناوبژیوان لە نێوان خودا و کۆیلەکانی. تەنها لای مەسیحییەکان ئەمە دەکرێ. هاوولاتی نابێ ببێتە داردەستی ئەو ناوبژیوانانە. حکومەتی شۆڕشگێڕی لە دژی ئەوان هەنگاوی توندو تۆڵ دەنێ). (٧٤، ٢٢، لا، ١٩٦٠) .حکومەتی گورسێل ك.ی.ن بڕیاریان داوە زۆر بە جدی ئەو کارانە ئەنجام بدەن.

بە پێی یاسای ژمارە (١٠٥) لە مانگی دیسەمبەری (١٩٦١) دا بۆ رۆژئاوای وڵات بۆ شارەکانی (ئەنتالیا، بوردور، ئیزمیر، موگلا، ئافۆن، سپارتە، چۆروم، دێنزیلی) (٥٥) کوردی بە توانا و لێهاتویان لە زیندانی سیواس کە کوردێکی زۆری تیا ئاخنرابوو دوورخرانەوە . گرنگە ئەوەش بڵێین کە کوردێکی زۆر لەوانەی رادەگوێزران و دووردەخرانەوە هیچ پەیوەندیەکییان بە شێخ و ئاغاوە نەبوو. ئەوانە تەنها کوردی نیشتمان پەروەر و بە تواناو لێهاتووبوون و کاریگەرییان بەسەر خەڵکی کوردستانەوە هەبوو. (٢٦، ٣٣٥، ٣٣٦). لەو کوردانەی دوورخرابونەوە (٥٤) کەسیان ئەندامی حیزبی دیموکرات بوون و یەکێکیان ئەندامی پارتی گەلی کۆماری بوو. ئەم بەڵگەیە شایەدی ئەوە دەدا کە:

یەکەم: لە سەردەمی حکومڕانی حزبی دیموکراتدا ئاغاکانی کورد رۆڵی گرنگیان هەبووە، هەروەها تێکەڵاوییان لەگەڵ پارت و گروپی سیاسی جیاجیادا هەبووە.

دووەم: دوورخستنەوەی رۆشنبیر و کەسانی بە توانا و لێهاتووی کورد، ئامانجی سیاسی لە پشتەوە بوو نەك کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی. پارتی گەلی کۆماری کە زۆربەیان لە کۆمیتەی یەکێتی نەتەوەیی بوون ئەو کارەیان بۆیە دەکرد نەك هەر بۆ ئەوەی جولانەوەی کوردی لە سەرکردەکانیان دابڕێنن بەڵکو بۆ ئەوەش بوو گورزێك لە کاریگەرییەکانی حزبی دیموکراتیش بدەن لە ناوچە کوردییەکاندا.

لە (٢٧) ی ئۆکتۆبەری (١٩٦٠) دا ك. ی. ن یاسای ژمارە (١١٤) ی پەسەندکرد، بە گوێرەی ئەم یاسایە لە زانکۆکانی وڵات (١٤٧) پرۆفیسۆر و مامۆستا لە کار دەرکران و بەوە تاوانبارکرابوون کە کار بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەن (١٩٦١،٦١، ژ،٧-٨ ، لا، ٤٠) .لە ساڵی (١٩٦١) دا لە دادگەی عەسکەری — سیاسی ئەنقەرە پرۆسەی دادگەییکردنی (٤٩) کورد بەڕێوەچوو کە پێشتر لە سەردەمی حکومەتی مەندەرێس لە نۆڤەمبەری (١٩٥٩) دا گیرابوون. دادگە کارەکانی بە نهێنی و دەرگا داخراوی بەڕێوەبرد، لەناو تاوانبارکراوەکاندا کەسانی بەڵێندەر، پارێزەر، ئەفسەر، دکتۆر، خوێندکاری زانکۆ هەبوون. ئەوان بەوە تاوانبار کرابوون کە مەبەستیان بووە یەکپارچەیی خاکی وڵات تێکدەن. تاوانبارکراوەکان دەبوایە حوکمەکەیان زیندانی بێت لە ماوەی (٨ بۆ ١٥) ساڵ. (٦١، ١٩٦١، ژ، ٧-٨، لا، ٤٠) .لەناو ئەو (٤٩) کەسەدا رۆژنامەنووس (عبدالرحمن دۆلاق)بوو کە لە دیاربەکر رۆژنامەی (ئیلیر- یورت) ی دەردەکرد. ئەو بە (١٧) کەتن تاوانبار کرابوو. دواتر بە هەوڵ و هیمەتی پارێزەرێکی کورد کە هاتبووە دیاربەکر دوای داکۆکییەکی زۆر لە گرتن و زیندانی ئازادی کرد و تاوانەکانی لەسەر نەما، دواتر پۆلیسی تورکی لەگەڵ چەند کوردێکی ناوداری تر سەر لە نوێ گرتیانەوە.**

حکومەتی تورکیا کە ئامادە نەبوو کێشەی کورد بە شێوەیەکی دادوەرانە چارەسەر بکات و لە هەمان کاتدا کەللەڕەقی دەسەڵاتدارانی ناوچەیی و لۆکاڵی بووە هۆی ئەوەی کورد زۆر بە توندی نارەزاییان بەرامبەر دەربڕن لە سەرەتایی (١٩٦٠) دا کێشەی

ماردین سەری هەڵدا، ئەو کاتە لە ئەنجامی ئەوەی سەربازێك زللەیەکی لە یەکێك لە دانیشتوانانی ماردین دابوو، هێندەی پێنەچوو، هەر چەند کاتژمێرێك بوو شار خرۆشاو بوو بە مەیدانی جەنگ، خەڵکی بەدارو بەرد، عەسکەریش بە تفەنگ. تەنها ئەو کاتەی لەشکری سوارە و تانك بەناو شار کەوتن ئیدی خەڵکی بێ چەکەکەی ماردین هێور بوونەوە. خەڵکی ماردین پشتگیرییان لە راپەڕینی کوردەکانی وان، دیاربەکر، بیتلیس، سێڤریك و ئورفە دەکرد و راپەڕین لەو شارانەدا ئەوەندە بەهێز ببوو حکومەتی عەسکەری ناچار بوو بۆ دامرکاندنەوەی فرۆکەی جەنگی بەکاربهێنن (٦٠- ١٩٦١، ژمارە٥- لا- ٧) .ئەم جۆرە چارەسەرکردنەی کێشەی کورد، سەرکوتکردنی جوڵانەوەی کوردی لە ساڵانی بیستەکان و سییەکانی بیردەخستینەوە. لە ئایاری (١٩٦١) دا لە بورسێ (٨) کوردییان خستە بەردەم دادگە: محمود ئەرتوش، باڵا کارتۆ، ئەمیر کارتاڵ، خالید کارتاڵ، عبدالباقی کارتال، عبدوباوکر ئەرتوش. جافیاگیزێر و عبدالکریم قەرەقوش، کە لەناو (٥٥) گیراوەکەی ساڵی (١٩٦٠) دا بوون رەوانەی بورسو کرابوون. ئەوان بە کاری تێکدەرانە تاوانبارکرابوون دژی یەکپارچەیی خاکی تورکیا. لە تەك رەشبگیریدا، دەسەڵاتدارانی سەربازی ئەو یاسایانەیان بەکارهێنا کە دەبووە هۆی تواندنەوەی ئەو نەتەوانەی کە تورك نەبوون، لەوانە کوردەکان بۆ رێگرتن لە بەردەم بوژانەوەی نەتەوەییان. وەك پێشتر باسمان لێوە کرد دەستووری تورکیادا ساڵی (١٩٢٤) بەدەرنەبوو لە توخمی رەگەزپەرستی و راسیستی کە میللەتانی ناتورکیان لە دەرەوەی یاسا دادەنا. لە کاتی ئامادەکردنی دەستووری (١٩٦١) دا زۆر لە شتە سلبییەکانی دەستووری پێشوویان لابرد. بەم شێوەیە لە جیاتی (هەموو تورکێك) زۆر لە مادەکان بە وشەی (هەموو هاووڵاتییەك) دەستی پێکرد...هتد. بەڵام پێش ئەمە ململانێیەکی زۆر لەناو کۆمیتەی ئامادەکردنی دەستووردا هەبوو .لە کاتی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوورەکەدا لە نێوان لایەنگرانی رادیکالیزمی رەگەزپەرستی تورکی و نەیارەکانیان لێدوانی گەرم هەبوو. سدیق سامی ئۆنار کە پرۆفیسۆر بوو سەرۆکی کۆمیتەی ئامادەکردنی دەستوور بوو.

کاتێکیش کە باس لە یەکسانی گشت زمانەکان دەکرا ئەو، ململانێیەکی توند کەوتە ناو لایەنەکانی ناو کۆمیتە. س.س ئۆنار رای وابوو کە ئەم جۆرە دانپیانانە مەترسی بەدواوە دەبێ، وەك ئەوەی لە داهاتوودا ببێتە هۆی گەشەکردنی کوردیزم، یان کوردایەتی بە پێچەوانەی ئەم مێژوونووسە بەناوبانگی تورك ت. ز- تونای کە ئەندامی کۆمیتەی دەستوور بوو لەگەڵ لایەنگرەکانی رایان وابوو کە ئەگەر رەتی بکەینەوە ئەوا لە دوارۆژدا کێشەی کوردی سەرهەڵدەداتەوە، بە ئاسانی دەکرێ دۆخی مادەکانی تری دەستوور بێلایەن بکرێت. سەرۆکی کۆمسیۆنی ئامادەکردنی دەستوور س. س ئۆنار لەبەر بیروبۆچوونەکانی لایەنگرانی ت. ز. تونای کێشەکەی خستە بەردەم کۆمیتەی یەکێتیی نەتەوەیی، ئەوانیش لە ئەنجامدا تونای و ی. گیریتلیان لە ریزەکانی لێژنەی ئامادەکردنی دەستوور دەرکرد. (٣٠، لا، ٣٧٩- ٣٨٠) .لە کاتی گفتوگۆ و لێدوان لەسەر پرۆژەی دەستوورەکە لەناو کۆنگرەی دەستووریدا ململانێیەکی توند کەوتە نێوان بەشداربوان، لایەنگرانی رەوتی ناسیۆنالیزمی رەگەزپەرستی تورکی هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو روحی ناسیۆنالیستانەی دەستووری پێشوو بپارێزن.

(ج. گورسێل) کە سەرۆکی حکومەتی تورکیا بوو، لە هەموان زیاتر هەڵپەی پێداگرتنی لەسەر بەهێزکردنی رۆحی ناسیۆنالیستی و رەگەزپەرستی لە پرۆژەی دەستوورەکەدا دەکرد. لە وتەیەکدا رایگەیاند ئێمە بە هۆی هەندێ بیرو بۆچونەوە با مجازەفەی لە دەستدانی تورکیزم و ناسیۆنالیزمی خۆمان نەکەین، با چەمکی ناسیۆنالیزم بخەینە ناو دەستوور، خۆ گەر کاتێك ئایدۆلۆجیای تورکیزم لە وڵاتدا هەڵوێستێکی تری وەردەگرت، ئەوا دەکرێ ئەو کاتە لای بەرین، ئێوە ئاگاتان لەو ململانێیە هەیە کە ئێمە لەگەڵ کوردیزمدا دەیکەین، ئەگەر ئێمە واز لە ناسیۆنالیزم بێنن ئایا ئەوان پاڵ ئەدەنە لای ئێمە؟ نەخێر ، بۆیە ئێمە پشت بە ناسیۆنالیزم دەبەستین، ئەگەر لە وڵاتدا حکومڕانیەکی ئاسایی بەرقەرار بکرێت، هیچ مەترسییەك روونادات. پێش هەر شتێك نەتەوەکەمان دەبێتە نەتەوەی تورکیاو پێویستە بۆ تورك بێت...... ئەگەر ئەمڕۆ ئێمە واز لەمە بێنین، ئەوا دوای (٥٠) ساڵ تاقەیەك تورك لە وڵاتدا نامێنێ. (٣٧، بەرگی ٢، لا، ١٠٨٠) .

بەم شێوەیە و لە دوای ئەوەی دەستووری تورکیا خەسڵەتێکی ناسیۆنالیستانەی وەرگرت، دەسەڵاتدارانی تورك هەوڵ و تەقەلایان بۆ ئەوە بوو کەمە نەتەوەکانی تر بتوێننەوە لەوانە نەتەوەی کورد. لەگەڵ ئەوەشدا دانەرانی دەستووری تورکیا توانییان بە رادەیەکی زۆر پرۆژەی دەستوورەکە لە دیاردە و توخمی رەگەزپەرستی (راسیستی) رزگاربکەن کە ئەمەش خۆی لە سەرکەوتنی هێزە دیموکراتییەکانی وڵات دەبینێتەوە.

لە دەستووری (١٩٦١) دا هەندێ حاڵەت و دۆخی وای تیابوو کە لە دەستووری ساڵی (١٩٢٤)دا بوونی نەبوو، بۆ نمونە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بەوەدا نراوە کە میللەتانی تری ناتورك لە وڵاتدا بوونیان هەیە. بە گوێرەی مادەی (١٢) هەموو بەرامبەر بە یاسا یەکسانن بە بێ جیاوازی زمان، رەگەز، جیاوازی ئاینی و مەزهەبی. (١٠، لا، ٧) . لەهەمان کاتدا هەوڵ و هیوا بۆ ئەوە بوو دۆخی دەستوورەکە جۆرێك بێت وەك ئەوەی لە وڵاتدا تەنها تورك بۆی دانەرانی دەستوور بەردەوام بوون لەوەی بەشێوەیەکی بەرفراوان تەفسیری وشەی تورك بکەن . جگە لە نوێنەرانی ئەو میللەتانەی کە بەزمانی تورکی قسە دەکەن، هەموو میللەتەکانی تریان بەجۆرێ حسێب کردبوو کە هەموویان سەر بە تورکن یان لە ناوەرۆکدا هەر تورکن . مادەی (٢٤) دەنوسێ : هەرکەسێك هاووڵاتییبوونی بە دەوڵەتی تورکیاوە گرێ درابێت - تورکە .

بەم شێوەیە دەستووری ساڵی (١٩٦١) ، هەر چۆنێك بێت نەیتوانیوە خۆی لە دیاردەی شۆڤێنیزمی و رەگەزپەرستی تورکی رزگار بکات کە ئایدۆلۆجیاکەی هەموو جۆرە مافێکی کەمە نەتەوەییەکان لە کۆماری تورکیا رەت دەکاتەوە . بۆ سەلماندنی راستی قسەکانمان ئەم مادەیەی خوارەوە دەخەینە روو:

دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت بێ قەید و شەرت دەبێ لەدەست نەتەوەی تورکدا بێت ..... (مادەی ٤).هەموو تورکێك مافی خۆیەتی لەیەکێك لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا کاربکات (مادەی ٥٨).هەموو تورکێك تەمەنی بگاتە (٣٠) ساڵ بۆی هەیە خۆی کاندید بکات (مادەی ٦٨).

هەر تورکێك تەمەنی بگاتە (٤٠) ساڵ بڕوانامەی خوێندنی باڵای هەبێ دەتوانێ خۆی وەك سیناتۆر هەڵبژێرێ (مادەی ٧٢) .

لە دەستووری (١٩٦١) دا گەلیٚ دۆخ و حاڵەت هەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دژی کەمینە نەتەوەکان ئاراستە کراون دژی چارەسەری کێشەی کوردن. لە دەستوورەکەدا هاتووە : دەوڵەتی تورکیا بەخاك و نەتەوەوە یەك پارچەیە و قابیلی پارچە پارچەکردن نیە (مادەیٚ ٣) .ئەوە مانای ئەوەیە کە کورد لە تورکیا نەك هەر مافی جیاکردنەوەی خاکی خۆی لە تورك نیە ، بەڵکو بۆی نییە ئۆتۆنۆمیشی لە چوارچێوەی کۆماری هاوچەرخی تورکیادا هەبیٚ . بە گوێرەی دەستوور هەموو هاوولاتیان ئەو مافەیان هەیە بە ئازادی لەناو ولاتدا هاتوچۆ بکەن و شوێنی ژیان بۆ خۆیان هەڵبژێرن . بەلام ئەم ئازادییە دەکریٚ بە یاسا سنووردار بکرێت بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاگادارکردنەوەی لە ئافات (مادەی ١٨) . سەرانی تورك لەژێر چەتری ئەم بیانووە بیٚ بناغەیەدا لە ساڵانی بیستەکان و سییەکاندا دەیان هەزار کوردیان ئاوارە و دەربەدەری ویلایەتەکانی ڕۆژئاوایی ولات کرد . دەستووری ساڵی (١٩٦١) دروستکردنی ئەو پارتە سسیاسییانەی قەدەغەکردبوو کە خەبات بۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوەکانی تر بە تایبەت کوردەکان بکەن.

مادەی (٥٧) دەلیٚ: پەیڕەو و پرۆگرام و چالاکییەکانی پارتە سیاسییەکان پێویستە لەگەڵ (پرنسیپی) یەکپارچەی دەوڵەت و نەتەوەی تورکیا کۆك بێت.

بڕگەی دووەمی مادەی (٦٨) مافی کەمە نەتەوەییەکان پێشێل دەکات، بەوەی کە دەلیٚ: هەر کەسێك نووسین و خوێندنەوەی نەبیٚ بۆی نیە خۆی هەڵبژێرێت بۆ ئەنجومەنی بالای نەتەوەی تورکیا . ئەگەرچی دەستووری ساڵی (١٩٦١) هەندیٚ لایەنی پێشکەوتنخوازی پێوە دەبینرا لەگەڵ ئەوەشدا کۆسپ بوو لە بەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بنەمای دیموکراسی. لەبەرئەوە لە دوای کودەتای ساڵی (١٩٦٠) ، کوردەکان سەر لە نویٚ دەستیان بە خەبات کردەوە لە پێناوی مافی نەتەوەییان. لە کۆتایی مانگی حزیرانی ساڵی (١٩٦٣) وەزیری ناوخۆ بیکات لە ئەنقەرە ڕایگەیاند کە ئۆرگانەکانی ئاسایشی ولات ڕێکخراوێکی نهێنییان ئاشکرا کردووە و (١٢) کەسیان لێگرتوون کە بۆ بەرژەوەندی کوردەکان کاریان دەکرد. (٥١، ٢٩، ٧١، ١٩٦٣).

هەر پەیوەندیدار بەم رووداوە وەزارەتی ناوخۆ بە پەلە نووسراوێکی ئاراستەی گشت پارێزگاکان کرد داوای لێکردبوون زۆر بە توندی خەبات لە دژی (چالاکی کوردە کۆمۆنیستەکان) بکەن و بە پەلە لێکۆڵینەوە لەو کەسانەی کە گومانتان لێیان هەیە بکەن چالاکی لەو جۆرە ئەنجام بدەن .رۆژنامەی (س ر ن خەبەر) لە یەکی تەموزی (١٩٦٣) دا هەواڵی ئەوەی بڵاوکردەوە کە پارێزگارەکان بە پەلە پەیوەندییان بە دامەزراوەکانی پۆلیس و ئاسایشەوە کردووە تا پەلە بکەن لە لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە گومانیان لێدەکرێت .لە دیسەمبەری (١٩٦٣) دا دادگەی سەربازی فەرماندەیی گشتی دەستی بە پرۆسەی دادگەییکردنی (٢٣) کەس کرد. کە ئەمانە زۆربەیان هاوینی (١٩٦٣) گیرابوون. هەموو ئەمانە بەوە تاوانبارکرابوون کە چالاکییان لە دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆدا نواندووە. دادوەر کە وشەی کۆتایی دەگوت لە تاوانبارکردنی گیراوەکاندا وتی: هەندێ دەوڵەت لەبەر هۆکاری جیاجیا هەوڵ دەدەن نائارامی و بێسەروبەری بخەنە رۆژهەڵاتی تورکیاوە کە جێگەیەکی گرنگ داگیر دەکات لە نێوان بلۆکی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا. دەستێوەردانەکەشی پەیوەندی بە کێشەی کورد و کۆمۆنیستەکانی ناو تورکیاوە هەیە. لە کۆتایدا دادوەر داوایکرد تاوانباران لە سێدارە بدرێن (٥١، ١٨، ١١لا، ١٩٦٣).

گرتن و پرۆسەی دادگەییکردنی کوردەکان بە درێژایی ساڵانی شەستەکان درێژەی هەبوو، پێویستە ئەوەش بڵێین کە دەسەڵاتدارانی تورکیا چونکە لە شۆڤێنێتی خۆیان و لە بە ئاشکراکردنی کێشەکان دەترسان، بۆیە هەوڵیان دەدا پرۆسەی سەرکوتکردن و دادگەییکردنی کوردەکان کە لە ژێر کاریگەری جوڵانەوەی نەتەوەیی خۆیاندا گیرابوون بە نهێنی و لە پشتی دەرگا داخراوەکاندا ئەنجام بدەن .

حکومەتی تورکیا کە سەرکردایەتی سیاسەتی دژە کوردی دەکرد و رەشبگیری کوردەکانی گرتبووە بەر، بەردەوامیش بوو لە هەماهەنگی و هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتانی عێراق و ئێراندا بە مەبەستی سەرکوتکردن و لەناوبردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی. بە پێی هەواڵی رۆژنامەی قاهیری (الحقیقه) کە لە نیسانی (١٩٦٣) دا بڵاوی کردبۆوە: نوێنەرانی تورکیا، عێراق، ئێران، لە بەغداد کۆبونەوەیەکیان کردبوو، لەوێدا

باسیان لە پلانێکی عەسکەری بەرفراوان کردبوو بۆ لەناوبردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد، رۆژنامەکە دەنووسێ: لە کاتی کۆبوونەوەکاندا لایەنەکان لەسەر وەشاندنی گورزێکی سەربازی بەهێز دژی کوردەکانی عێراق و تورکیا رێککەوتوون هەروەها داخستنی دەرگای سنوورەکان لە نێوان عێراق، ئێران، تورکیادا. بەڵام نە سیاسەتی رەشبگیرانەی توندو نە هەنگاوی عەسکەرییانەی رەق لەناو وڵاتدا و نە هەماهەنگی و ئۆپەراسیۆنی تەمبێکردن دژی کوردەکان لە لایەن تورکیا و عێراق و ئێرانەوە، نەیانتوانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی رابگرن کە لە نیوەی دووەمی ساڵانی شەستەکاندا تا دەهات بەهێزتر دەبوو.

لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکاندا جوڵانەوەی کوردی گەشەکردنێکی نوێ تری بە خۆوە دیت، فۆڕمی تازەی وەرگرت. لەگەڵ کاری نهێنیدا (بە تایبەت لە دروستکردنی رێکخراوی سیاسی) نیشتمان پەروەرانی کورد بە دوای دۆزینەوەی ئەلتێرناتیڤێکی باشتردا دەگەڕان بۆ ئەوەی بە ئاشکرا لە پێناوی بەرژەوەندی جەماوەری کورددا کاربکەن. یەکێك لەو شێوازانەی خەبات بریتی بوو لە کۆبوونەوەی گەورەی جەماوەری لە ناوچەو گەڕەکەکانی خۆیان کە زیاتر لە ژێر چەتری بۆرژوای — دیموکراتی بەڕێوە دەچوو.

لە میتینگ و کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا باس لەو(٥٥) سەرکردە کوردە دەکرا کە بۆ رۆژئاوای تورکیا دورخرابوونەوە، لە وتارەکاندا باس لە هۆکاری دوورخستنەوەیان کرابوو کە پێشتر بۆیان داڕشتبوون، گوایا ویستویانە جوتیاران لە دەست زوڵمی ئاغاکان رزگاربکەن یان ریفۆڕمی زەوی ئەنجام بدەن، ئەوان زیاتر قسەکانی عەلی بوجاقیان دووبارە دەکردەوە کە یەکێك بوو لەو سەرکردانەی دوورخرابۆوە و پێشتر گوتبووی: کاتێك ئێمە باس لە ریفۆڕمی زەوی دەکەین باس لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکەین، بۆچی ئێمە قاسماغای (گولێك)و جەویت ئاغا (ئۆرال) ، فەیزی لوتفی قەرە ئۆسمان ئۆغلور حاجی ئاغا و سەرانی تر بیر خۆمان نەهێنینەوە؟ بۆچی ئێمە لەو ئاغایانە کەمترین (٥٦، ١٩٦٨، ژمارە ٣١٠، لا- ١٠).کێشەکە لەوەدا بوو کە ئەو کەسانەی کە لە سەرەوە ناومان هێنان، دەرەبەگی گەورەی ناسیۆنالیستی تورکیا بوون بە هیچ جۆرێ ملك وماڵیان دەستی بەسەردا نەگیرابوو.

لە راستیدا هەروەك پێشتر باسمان کرد مەبەستی تورك لە دوورخستنەوەی ئەو (٥٥) کوردە هیچ پەیوەندییان بە ریفۆرمی زەوییەوە نەبوو، بۆ ئەوەش نەبوو کە رەوشی زەحمەتکێشانی لادێ چاك بکەن، بەڵکو مەبەستیان ئەوە بوو کاریگەری سیاسی ئەو سەرکردە کوردانە لەناو ببەن کە لەناو جەماوەردا هەیانبوو، لەبەرئەوە دوورخستنەوەیان ئەوەندەی پێوەندی بە خەسڵەتی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەبوو، ئەوەندە خەسڵەتی ئابووری پێوە دیارنەبوو.

گەشەکردنی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی وڵات حکومڕانانی تورکی زیاتر نیگەران کردبوو. لە کۆتایی حزیرانی (١٩٦٦) دا لە ئەنقەرە کۆبوونەوەیەکی نهێنی ئەنجامدرا کە راوێژکارانی (٢١) وەزارەت تیایدا بەشداربوون و لێدوانیان دەربارەی کێشەی کورد کرد. وەك چاپەمەنییەکانی تورکیا باسیان لێوەکرد لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری گرنگ درابوو، وەك دابڕاندنی جەماوەری کورد لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی.

ئەم بڕیارەش بۆ ئەوە بوو گوایا نیازیان هەبوو ئاستی ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی (١٦) ویلایەتی رۆژهەڵاتی وڵات بەرز بکەنەوە کە دانیشتوانییان بە زۆری کوردن، بە تایبەت باس لە خزمەتگوزاری سەرمایە دەکرا کە لەو ناوچەیەدا زیاد بکرێت، کردنەوەی قوتابخانەی نوێی تورکی، لە هەمان کاتدا هەر لەو ناوچانە سیستمێکی توندو تیژی ئاسایشی تێدا دامەزرا .

لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری (١٩٦٧) دا لە ئەنقەرە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ژێر سەرکردایەتیکردنی سەرۆك کۆمار ج. سونای بەڕێوە چوو. بە گوێرەی هەواڵی چاپەمەنییەکانی تورکیا، لەم کۆبوونەوەیەدا لە تەك هەندێ کێشەی تردا باس لە کێشەی کورد کرابوو وەك رۆژنامەی میللەت نووسیبوی: دوو کاربەدەستی بەناوبانگ لە قسەکانیاندا کە باسیان لە دۆخی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ کردبوو وایان وەسف کردبوو کە (دەستیان لە پشت دەدرێ) (٦٢، ١٧، لا، ١٩٦٧).لەگەڵ ئەوەشدا بە فەرمانی پارتی یەکسانی پارێزگەرەکانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بە هەموو شێوەیەك کۆسپییان دەختستە سەر رێگەی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆبوونەوە جەماوەرییەکان. دەسەڵاتدارانی ناوچەکە جەماوەری ویلایەتەکانی دەوروبەری تونجەلیان قەدەغەکردبوو بێن بۆ بەشدارییکردن لە

کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی تونجەلیدا. جگە لەمەش زۆر بە توندی کارمەندانی دەوڵەتییان قەدەغە کردبوو بەشداری لەو جۆرە کۆبوونەوانەدا بکەن. هەروەها بۆ تێکدانی کۆبوونەوەکان، بۆ نەهێشتنی مافی خەڵك بۆ کۆبوونەوە هێزەکانی پۆلیس و جەندرمەیان بەکاردەهێنا. لە شوباتی (١٩٦٧) دا حکومەتی تورکیا بۆ بەهێزکردنی یەدەگی یاسایی خۆی بۆ لەناوبردنی جوڵانەوەی کوردی مەرسومێکی تری دەرکرد، کە ژمارە(٦/٧٦٣٥) بوو. بە پێی ئەم مەرسومە (هێنان وبڵاوکردنەوەی هەر جۆرە کاسێت و بڵاوکردنەوەیەکی کوردی لەناو تورکیادا قەدەغەیە، بە تایبەت چاپەمەنی و قەوان) (٩، ١٤، ١١، ١٩٦).

ئەم جۆرە بڕیارە نەك هەر ناڕەزایی لەناو کوردەکاندا دروستکرد، بەڵکو زۆر لە رێکخراوی کۆمەڵایەتی جیاجیا لە دەرەوەی وڵاتیش ناڕەزاییان دەربڕی.

رێکخراوی کۆمەڵەی پارێزەرانی نێو دەوڵەتی لە ئەیلولی (١٩٦٧) دا لە ژنێڤ راپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا خەسڵەتی کێشەی کوردستانی تورکیای باسکردبوو لە هەمان کاتدا داوا دەکات مافە سەرەتاییەکان بۆ کورد دابین بکرێت. لە راپۆرتەکەدا باس لەوە دەکات کە حکومەتی تورکیا مافی کوردی پشت گوێ خستووە و هەوڵ دەدات کوردەکان لەناو وڵاتدا وەك نەتەوە بیانتوێنێتەوە. لە راپۆرتەکەیاندا هاتووە: ئەگەرچی حکومەتی تورکیا بە پێی رێککەوتننامەی لۆزانی — (مادەکانی ٣٨-٣٩) پابەند بووە کە رێز لە مافی نەتەوە بچوکەکان بگرێ، ، بەڵام ئەو بەڵێنانەی خۆی جێبەجێ نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەم حکومەتی تورکیا کردنەوەی قوتابخانەیان بە زمانی کوردی قەدەغە کردووە بۆ ئەوەی منداڵەکان فێری کوردی نەبن، هەروەها ئەوەشیان قەدەغەکرد کە ئەدەبی کوردی و کتێبی کوردی بێننە ناو تورکیا، جگە لەوەش راپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە حکومەتی تورکیا بەردەوام راوی کورد دەنێ و لە شوێنی رەسەنی خۆیان دەریان دەکاو هەر کەسێکیش دژی ئەو سیاسەتەی تورکیا بێت لەناوی دەبا (٥٦، ژمارە، ٣٢٤، لا، ١٢).حکومەتی تورکیا کە قوتابخانەی کوردی و چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی قەدەغەکردبوو، دەیویست لە سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورددا لەناو تورکیا بەردەوام بێت. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵانی شەستەکاندا حکومەتی تورکیا دەستیکرد بە کردنەوەی قوتابخانەی ناوخۆ لە شارەکانی کوردستاندا بۆ ئەوەی منداڵانی

کورد بە پێی یاسای ژمارە (٢٢٠) لە قوتابخانەدا بخوێنن و فێری زمانی تورکی بن تا کولتووری تورکی کاریان تێبکات. (٩، ١٢، ١، ١٩٦١).

زەحمەتە بتوانین بڵێین کردنەوەی قوتابخانەکان بۆ ئەوە بوو منداڵانی کورد فێری خوێندن و نووسین بن، چونکە لە ویلایەتەکانی رۆژئاوادا کرد زۆرن و رێژەی خوێندەواری لەوێ زۆر کز و نزمە. بەڵام حکومەت لەو ویلایەتانەدا ئەم جۆرە قوتابخانانە ناکاتەوە. بۆ ساڵی (١٩٦٨) نزیکەی (٤٨) قوتابخانەی سەرەتایی لەم بابەتە هەبوو، کە تیایدا (١٤٢٢٩) منداڵ دەیانخوێند، لە ساڵی خوێندنی(١٩٧٠-١٩٧١) لە (٥٧) قوتابخانەی ناوخۆ (٥١) دانەیان لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بوو، تەنها(٦) دانەیان لە رۆژئاوا و ناوەڕاستی وڵات بوو، ئەوانەی وەك قۆنیە، ئیستەمبوڵ، ئەنقەرە (٢٦، لا، ٤٠١ - ٤٠٣) . دەبێ ئەوەش بگوترێ کە کوردێکی زۆر لەو شارانەدا دەژیان ئەگەر ئەو قوتابخانانە بۆ ئەوە بوایە ئاستی خوێندەواری پێ بەرزبکراباوە، ئەوا دەبوایە لە شارەکانی: چۆروم، گیرێسون، کاستەمۆن، ئۆردو، ئیۆزگات، تۆکات، دروستکرابان چونکە نەخوێندەواری لەم ویلایەتانەدا زۆر بڵاوە .هەر لەم روانگەیەوە گرنگە باس لەوە بکەین کە ویلایەتی بیتلیس بە پێی سەرژمێری ئاماری ساڵی (١٩٦٥) دانیشتوانەکەی (٢٥٠) هەزار کەس بوون کە لە (٧٦٪ ی نەخوێندەوار بوون) . لەم شارەدا تەنها (٣) قوتابخانەیان لێ دروستکرد.

لە هەمان کاتدا لە ویلایەتی کاستەمۆنو کە ژمارەی دانیشتوانەکەی (٤٤٢) هەزار کەس بوو رێژەی نەخوێندەوارییان (٦٠٪) بوو. کەچی هیچ قوتابخانەی لەم بابەتەیان بۆ دروست نەکردن. وەك لەو باسەی سەرەوەدا بۆمان ئاشکرا دەبێ نیاز و مەبەستی حکومەتی تورکیا لە کردنەوەی ئەم قوتابخانانەدا تەنها بە تورککردنی نەوەی نوێی کوردی بووە .

هەر بۆ ئەم مەبەستە دەزگەیەکی رادیۆییان لە کۆتایی ساڵی (١٩٦٩) دا لە دیاربەکر و وان، ئەرزرۆم، قارس و چەندین شوێنی تری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دانا. بەرنامەکانی ئەم رادیۆیانە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ بەرنامەی رادیۆکانی ویلایەتەکانی رۆژئاوادا نەبوو. بەرنامەکانیان بە پێی پلان و بەرنامەی بەڕێوەبەرایەتی رادیۆ و

تەلەفزیۆن بەڕێوە دەچوو کە بە گوێرەی یاسای ژمارە (٣٥٩) دەبوایە هەڵوێستی ناسیۆنالیزمی تورکی بەهێز کردبا. هەر بۆ ئەم مەبەستەنەك هەر زمان و کولتووری کوردی پشتگوێ خرابوون، بەڵکو ئاشکراش سیاسەتی بە تورککردن لەو ویلایەتانەی زۆربەی دانیشتوانەکانیان کورد بوون بەڕێوە دەچوو. بەم شێوەیە ئەو سیاسەتەی لە سەردەمی سیستێمی فرە حزبیدا دەرهەق بە کورد دەگیرایە بەر هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ ئەو سیاسەتەی کە لە بارودۆخی سیستێمی تاقە حزبیدا بەڕێوە دەچوو. تەنها هەندێ شێوە و ئامراز و میتۆدی تواندنەوەی کوردیان جیاواز بوو.

ئەگەر پێشتر بۆ کپکردن و سەرکوتکردنی جوڵانەوەی کوردی پشت بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی و کرداری ئیداری و راگواستنی بە کۆمەڵ دەبەسترا، ئەوا لەو قۆناغەی دواییدا کە باسمان لێوەکرد شێوازی تر بەکاردەهاتن وەك پروپاگەندە و میتۆدی خوێندن بۆ ئەوەی لە رێگەی خوێندن و پەروەردەی تورکانەوە بتوانن سیاسەتی حکومەتی تورکیا لە کوردستان جێبەجێ بکەن .

(١٣) نیسانی (١٩٦٩) دا کۆبوونەوەیەکی جەماوەری (میتینگ) گەورە لە دیاربەکر رێکخرا. لەم کۆبوونەوەیەدا سەر لە نوێ دروشمی سیاسی بەرزکرانەوە و سیاسەتی حکومەتی حزبی عەدالەتیان ریسواکرد کە پرۆژەی داکۆکیکردن لە دەستووری (ئارامی و ئاسایشی و نیزام) هێنابووە ناو مەجلیس بە مەبەستی سنووردارکردنی ئازادیە بۆرژوازیەکانی وڵات و وەشاندنی گورز لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردی. هەندێ لەو دروشمانەی کە سەرنجراکێش بوون و لە کۆبوونەوەکەدا بەرزکرابوونەوە بریتی بوون لە:

- ئەی پەرلەمانتارەکانی رۆژهەڵات، بەس رۆژهەڵات بچەوسێننەوە .
- ئەم یاسایە داکۆکی لە دەستوور ناکات، بەڵکو لە ناوی دەبات .
- بڕوخێ ئایدۆلۆژیای ئیمپریالیزم .
- میللەت بە پێویستی دەزانێ داکۆکی لە دەستوور بکات.
- بڕوا لە ژێر یاسادا ناشاردرێتەوە.

لەناو ئەم دروشمانەدا، دروشمی وا هەبوو بە کوردی نووسرا بوون (٥١، ١٤، ١٧، ١٩٦٩) .وەك لەو دروشمانەدا دەبینرێ خەڵکی رۆژهەڵات خەسڵەت و بۆچوونێکی دژە

ئیمپریالستیانەیان هەیە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەن کە لە تورکیا جولانەوەی کوردی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێی چۆنایەتی. لە هەمان کاتدا جەماوەری زەحمەتکێشی ناوچە کوردییەکان چالاکانە خەبات دەکەن بۆ پشتگیریکردنی هێزە دیموکراتییە پێشکەوتنخوازەکانی تورکیا لە دژی فشاری ئیمپریالیزم و چینە بالادەستەکان، خەباتیان لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشە ئابووری- کۆمەلایەتییەکان داکۆکیکردنە لە دەستووری سالی (١٩٦١). لە سەرەتای ئازاری (١٩٦٩) دا لاوانی ویلایەتەکانی رۆژهەلات نامەیەکییان بۆ پەرلەمێنتارەکان بلاوکردەوە کە سەر بە ویلایەتەکانی رۆژهەلات بوون. ئەم نامەیە ئاراستەی سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی حزبە سیاسییەکان و کۆمەڵ و رێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان کرابوو. لەم نامەیەدا لاوان بە توندی سەرکردایەتی حزبی عەدالەتیان مەحکوم کردبوو، رەخنەیان لە ئامادەکردنی پرۆژەی داکۆکیکردن لەو سیستێمی دەستوورییە گرتبوو کە بە جۆرێك کارو چالاکی هەموو ئەو کەسانە و کۆمەڵ و رێکخراوانەی وەك تاوانبار لە قەڵەم دابوو کە هەولیان دەدا بۆ گەشەکردنی ویلایەتەکانی رۆژهەلات و دابینکردنی مافی هاوولاتی و مافی کۆمەلایەتی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە .لە نامەکەدا هاتووە: پرۆژەی ئەم یاسایە هەولێکە بۆ رەتکردنەوەی کولتووری جیاواز لە ئەنادۆڵ. ئەگەر رەزامەندی لەسەر بکرێ مانای وایە خەلکە هەرە هەژارەکانی رۆژهەلات نەك هەر لە ژێر ئازاری چەوساندنەوەی ئابووری ئیمپریالیزمدا دەنالێنن، بەلکو لە ژێر کولتوری ئیمپریالیزمیشدا تا ئێستە حکومەت بە ئەرکی خۆی دەزانێ مافەکانی رۆژهەلاتی ئەنادۆڵ کەم بکاتەوە و سنووورداری بکات بە تایبەت لە بواری کولتوور و زماندا.

لە کاتێکدا کە چالاکی کرێکاران و جوتیاران و رۆشنبیران و هۆشیاران گەشەی کردووە و دەستیان کردووە بە توێژینەوە و لێکۆلینەوە دەربارەی کولتوور و زمانی خۆیان، حکومەت بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات هەموو بۆچوونەکان پۆلێن بکات، هەموو راو گەرانێکی زانستی بە تاوان بناسێنێ. ئەم هەنگاوانەی حکومەت بۆ ئەوە بوو تاوانەکانی خۆی پێ پەردەپۆش بکات، حکومەت دەیویست لە بایەخیان کەم بکاتەوە و وەك عەقڵ تێکچوو لە قەڵەمیان بدات بۆ ئەم مەبەستەش رووی لە سیاسەتی بالندەی

*** (یا سترێب) کردو پرۆژە یاسای فاشیانەییان پێڕەو کرد . تەواوی حیزبە بۆرژواکـانی سەر بە پرینسیپی ناسیۆنالیستی و رەگەزپەرستی لەگـەڵ ئـەو سیاسـەتەدا بـوون کـە رەگەزی ناتورك لە وڵاتدا بتوێننـەوە، هـەر لەبـەر ئەمەشـە پرۆگرامـی هـەموو پارتـە بۆرژواکان پرینسیپی رەگەزپەرستی و شۆفێنیزم بەخۆوە دەگرێ. بۆ نمونـە لـە پرۆگرامـی پارتی عەدالەتدا هاتووە، لەسەر ئەندامەکان پێویـستە خـەبات بکـەن دژی هـەر جـۆرە بیروبۆچوونێك کە ببێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی رەگەزی، کولتووری، ئاینی، بیروباوەڕ لە نەریتەکان (مادەی، ٩) هەروەها پێویستە ببنە سەرکردەی ناسیۆنالیزمی تورکی کـە هەوڵ بۆ یەکێتی نەتەوەیی تورکیا دەدەن. (٢٧٤، لا، ٦، ٧) .تـا رادەیـەك ئـەو جـۆرە کەش و هەوایە لە پرۆگرامی پارتی گەلی- کۆماریشدا تۆمارکرابوو. لـە پرۆگرامەکـەدا نووسراوە: پ. گ. ك بە ئاواتی ئەوەیە میللـەتی تورکیـا وەك نەتەوەیـەکی یـەکگرتوو گەشە بکات کە باوەڕی بە زمان، کولتوور، ئایدۆلۆجیا و چارەنووسی جیاواز نیە.

لە بەرنامەکەدا دەڵێ : حزبەکەمان رای وایە ناسیۆنالیزم بریتییـە لـە دروسـتکەر و داکۆکیکەری رۆحی نەتەوەیی و هۆشیاری کە لە ئەنجامدا یەکێتی نەتەوەیی تورکیـا لـە دایك دەبێ. (مادەی ،٣) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە- ٥٨) بەو جۆرە بیروباوەڕە (پارتی جولانەوەی ناسیۆنالیستی) سەرکردایەتی دەکرا، کە بە پێی بەرنامەکانی: هـەوڵ دەدا بۆ گەشەپێدانی میللەتی تورکیا وەك نەتەوەیـەکی یـەکگرتوو لـە بـواری زمـان و کولتوور و چارەنووسدا (مادەی ٢٣) (هەمان سەرچاوە، لا، ١٨٣).

ناوەرۆکی سیاسەتی شۆفێنییانەی پارتە بۆرژواکان زیاتر و ئاشکراتر لـە پرۆگرامـی (پارتی تورکیای نوێ) دا رەنگی دەدایەوە کە تیایدا هاتووە: (دید و تێگەیشتنی ئێمە بۆ ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم بریتییە لە سۆڵیدارێتییەکی رۆحیانە- دژی هـەموو جۆرە جولانەوەیەکی فکری جوداخوازانە کە لەگـەڵ خۆیـدا جیـاوازی رەگـەزی، ئـاینی، کولتوری دروستدەکات، هەروەها جیاوازی ترادیسیۆنی ناوچەیی دروستدەکات، پشت بـە هیواو ئاواتی هاوبەشی هاووڵاتییان دەبەستێ کە خۆیـان بـە نەتەوەیـەکی یـەکگرتووی خاوەن زمان و کولتوورێکی یەکگرتووی تورکی دەزانن . (هەمان سەرچاوە، لا، ٣٧٦) . شایانی باس ئەوەیە کە هەموو پارتە سیاسییەکان بە جۆرێـك لـە جۆرەکـان خۆیـان لـە

کێشەکانی رۆژهەلاّت هەلّدەقورتاند و رای خۆیان لەسەر دەدا. حزبی عەدالەت هەر لە سەرەتای حوکمڕانی خۆیدا زۆر بە وریاییەوە چاودێری رووداوەکانی رۆژهەلاّتی دەکرد. ئەم حزبە رێکخەری خۆپیشاندانەکان و کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی بەوە تاوانبار دەرکرد کە هەولّ دەدەن ولاّت پارچە پارچە بکەن و ئەمانەشی بە خیانەتی نیشتمانی تاوانبار دەکرد، داوای دەکرد خەلّکی بەشدارییان لەگەلّدا نەکەن. (تەلعەت ئەسالّ) کە جێگری سەرۆکی ئەم حزبە بوو لە کاتی سەردانەکەی بۆ ویلایەتەکانی ئورفە، بینگۆل، تونجەلی و شوێنەکانی تر بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری هۆکاری کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکان بێت داوای لە خەلّکی دەکرد بەشداری نەکەن و خۆیان لەم کۆبوونەوانە بەدوور بگرن.

بەلاّم ئەم جۆرە بۆچوونەی حکومەت و سەرکردایەتی حزبی عەدالەت دەربارەی رووداوەکانی ویلایەتەکانی رۆژهەلاّت لەگەلّ بۆچونەکانی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان وەك یەك نەبوون، نوێنەرانی پارتی گەلی کۆماری و پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تر، ئەوانیش سەردانی ویلایەتەکانی رۆژهەلاّتیان کردبوو، بەلاّم بەشداری راستەوخۆیان لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکاندا نەکردبوو. بە گشتی پارتە سەرەکییە بۆرژوازییەکان لەبەر هەندێ هۆکاری تاکتیکی (هەلّبژاردنەکانی پەرلەمان نزیك ببوونەوە) زۆر بە ئاشکرا و بە توندی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکانیان مەحکوم نەکردبوو. بۆ نمونە کەمال ساتیر کە یەکێ بوو لە سەرکردە دیارەکانی پارتی گەلی کۆماری کە (پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز بوو) لە ماردین خوتبەی دەدا و وتی: پارتی ئێمە زۆر بە وریاییەوە چاودێری رووداوەکان و خۆپیشاندانەکانی کردووە، ئێمە تەماشای ئەو کێشەیە دەکەین و بزانین تا چەند لە ژێر کاریگەری هۆکاری ناوخۆ دەرەوەدان و تا چەند دژی یەکپارچەیی خاکی نیشتمان ئاراستەکراوە. من زۆر رازیم و بە شانازییەوە دەلّێم کە نیشتمان پەروەران و کوڕانی مەردی ئەم ناوچەیە لە پشتی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی نیشتمان وەستاون، بەلّێ کەسانێکیش هەن دەیانەوێ ئەم بارودۆخە بقۆزنەوە و ماسی لە ئاوی لێلّدا بگرن، خۆ ئەگەر ئەوانە بتوانن چەند کەسێکی هەلّەشە و توندڕەو رێکبخەن، ئەوا مانای ئەوە نیە هەموو ناوچەکە تاوانبار بکەین (هەمان سەرچاوە ١٨. X. ١٩٦٧) یاساڕێژی تورکیا رێگەی بە کەمە نەتەوەکان نەداوە پارتی سیاسی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن.

مادەکانی (۸۰- ۹۰) یاسا لە بارەی پارتە سیاسییەکان کە لـە تـەمووزی (۱۹٦٥) دا بڕیاری لەسەردراوە و پەسەنکراوە، دروستکردنی ئەو جۆرە پارتە سیاسییانەی قەدەغـە کردووە کە جەخت بکەنە سەر بوونی فرە نەتەوە لە وڵاتدا، یا هەوڵی پاراستنی

بەرژەوەندییەکانی کەمینەکانی خۆیان، یان خەبات بکات لە پێناوی بە دەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەیەکی دیاری کراو......(١٤، لا، ٢٦٠) .

دروشم و چالاکی دیـاریکراوی سیاسـی و رێکخـراوی کۆمەڵایـەتی کـە لـە لایـەن جوڵانەوەی کوردییەوە سەرکردایەتی دەکران، بەڵگەن بۆ ئەوەی بڵێین لە کۆتایی سـاڵانی شەستەکاندا خەباتی کوردەکانی تورکیا تا دەهات فـراوانتر دەبـوو لەسـەر بنـەمای دژە ئیمپریالیستی بەهێزتر دەبوو .

دیارە ئەم جۆرە گەشەکردنە، ئاساییە کە حکومەتی تورکیا و کۆنەپەرستانی وڵاتانی ناوچـەکەی رازی نـەکردووە و بـە تایبـەت لـەوە دەترسـان بەرەیـەك لـە هێـزە پێشکەوتنخوازەکان دروست ببێ دژی ئیمپریالیزم، هەر بۆیە بڕیاریاندا گورزێکی نوێ لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی بوەشێنن.

لە سەرەتای سـاڵانی حـەفتاکانی سـەدەی بیسـتەمدا تیپـەکانی (کۆماندۆسـی) و جەندرمەی تورکی جەولەیەکیان بـە ناوچـەکانی هـەکاری، مـاردین، سـیلڤان، باتمـان، بیسمیل، دیاربەکر، مەلازگرد، توتاق، تـەکمان، قـەرەیازیگ، کیغـی کـرد. لـە کـاتی جەولەکردنیان لە ناوچەکەدا خەڵکێکی زۆری مەدەنییان لە کوردستان ئازاردا.

کاتێکیش نوێنەرانی کورد بە ئەفـسەر و ژاندارمـەکانیان دەگـوت هەڵـسوکەوت و کردەوەکانتان پێچەوانەی دەسـتوورە، ئـەوان لـە وەڵامـدا دەیـانگوت: دەسـتوور ئێمـە ناوەستێنێ، ئێمە فەرمانمان لە سەرچاوەی (مرجع) بڵندتر وەرگرتـووە. (٢٦، لا، ٤٣) .

هەڵوێستی سەرانی تورك لە بارەی رووداوەکانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات نیشانیاندا کـە ئەوان نەك هەر نایانەوێ لەسەر بنەمای مرۆڤانە کێشەی کورد چارەسـەر بکـەن بـەڵکو بەردەوام لە هەوڵی بەرپاکردنی سیاسەتی رەشـبگیری و لـەناوبردنی کـورددا بـوون. لـە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ سەرانی پارتە سیاسییەکانی وڵاتدا لە سـەرەتای حزیرانـی (١٩٧٠) سەرۆك کۆمار سەبارەت بە رووداوەکانی کوردستانی تورکیا وتی: شـوێنی دەسـتی ئـەو

چالاکیانە دیارن کە هەڕەشە لە یەکپارچەیی وڵات دەکەن، بە تایبەت لە رۆژهەڵاتدا کوردە کۆمۆنیستەکان بەناوی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی هەوڵی وروژاندنی خەڵکی دەدەن، وەك دیارە چەپە توندڕەوەکان کە بە ناوی میللەتانی تورکیا قسە دەکەن، هەوڵ دەدەن نەتەوەکەمان پارچە پارچە بکەن بۆ چەند بەشێکی بچوك لە کوردەکانەوە تا دەگاتە چەرکەسەکان (٥٨، ٨، ٧١، ١٩٧٠) .

لە ناوەڕاستی مانگی حزێران سەرۆك کۆمار لە وەڵامی پرسیارەکانی هەواڵنێری رۆژنامەی (جمهوریەت) کەمال ئەیدار، وتی: (وەك چۆن پێشتر هەبوو، ئێستاش لەناوەوە و دەرەوەی دەوڵەت ئایدۆلۆجیاو کردەوەی وا هەندێ دژی یەکپارچەیی وڵات ئاراستە دەکرێن، بەڵام نابێ کەس گومانی هەبێ کە ئەم هەولانە چۆن لە رابردوو سەری نەگرت ئەمجارەش هەروا دەبێ و هەرەس دێنێ)) (٥١، ١٤، ٧١، ١٩٧٠) .

سەرۆك کۆمار سونای جارێکی تر وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، بەڵام بۆ هەواڵنێر ئایدین سۆسیاڵ کە نوێنەری رۆژنامەی (ئاکشن) بوو: لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات کەسانێك هەن هەوڵ دەدەن رووداوەکان و واقیعە مێژووییەکان بە شێوەیەکی نوێ باس بکەن، ئەمە بۆ ئەوەیە هاووڵاتییانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی تورکیا بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەکاربێنن. بەڵام حکومەت و دەوڵەت هۆشیارن، ناکرێ قبوڵی ئەوە بکەین ئەو هەوڵ و چالاکییانەی مەبەستیانە وڵات لەبەر یەك هەڵوەشێننەوە بگاتە ئەو رادە زۆرەی مەترسی بۆ سەر ئاسایشمان پەیدا بکات، حکومەت و دەوڵەت ئاگایان لەو پلانانە هەیە، توانا و هێزی ئەوەشیان هەیە بە زووترین کات لە ناویان ببەن (٤٨، ١٦، ٧١، ١٩٧٠) .

سەرۆك کۆمار هەمان ئەو قسانەی لە کۆتایی مانگی ئابدا بە بۆنەی جەژنە نەتەوەییەکان لە وتارەکەی خۆیدا، لە رادیۆ دووبارەکردەوە (٥١، ٣٠، ٧١١١، ١٩٧٠) .وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە کۆمەڵانی خەڵکی تورکیای وروژاند بوو، بەڵگەی ئەو راستییەن کە سەرانی حکومەتی تورکیا بە هیچ جۆرێ نیازیان نەبووە کێشەکانی وڵات بە شێوەیەك چارەسەر بکەن کە لە بەرژەوەندی هێزە پێشکەوتووەکان بێت و لە بەرژەوەندی گەشەکردنی دیموکراسی کۆماری تورکیا بێت.

لە هەمان کاتدا تیرۆری حکومەت لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا، بەهێزتر ببوو، لە کۆتایی حزیرانی ساڵی (١٩٧٠)دا (م. ئا. ئایبەر) کە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیا بوو داوای لە سەرۆك وەزیران کردبوو کێشەکە لەناو ئەنجومەندا لێدوانی لەسەر بکرێت، لە گوتارێکی لەناو پەرلەماندا بەڵگەی هێنایەوە کە تیپەکانی کۆماندۆس لە خەڵکی مەدەنی و بێ تاوانیان داوە و ئەم کردەوانەش لەگەڵ ناوەرۆکی دەستووردا پێچەوانەیە .

وەزیری ناوخۆی حکومەتی پارتی عەدالەت لە وەڵامەکانیدا هەوڵی دەدا پاسا و بۆ ئەو زوڵم و کارە نارەوایانە بێنێتەوە کە لە دژی کورد کرابوون و دەیویست کوردەکان بەوە تاوانبار بکات کە بەردەوام لە دژی کارو کردەوەکانی دەوڵەت دەوەستن و پەیوەندیان بەهێزە چەپڕەوەکانەوە هەیە.

وەك چاوەڕوان دەکرا، ئەنجومەنی نیشتمانی کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە نوێنەرانی تورکی دەسەڵاتدار پێك هاتبوو، ئامادە نەبوو تەماشای ئەو داواکارییانە بکات کە پێشکەش بە پەرلەمان کرابوو، داواکارییەکان سەبارەت بەو کردەوانەی حکومەت بوون کە لە دژی رۆژهەڵاتی وڵاتدا کرابوون.

راستە بە گوێرەی هەواڵە چاپ کراوەکانی کوردی دەرەوەی وڵات لە ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیادا نزیکەی (٨٠- ٩٠) نوێنەری بە رەگەز کوردی تێدابوو، بەڵام زۆربەی ئەو کوردانەی کە ئەندامی پەرلەمان بوون. تەعبیریان لە بەرژەوەندییەکانی ئاغاو شێخ و بازرگانە گەورە و دەرەبەگەکان دەکرد، هەر بۆیە هاوکاری و هەماهەنگی ئەوان لەگەڵ تورکەکان و هەموو ئەو کاربەدەست و باڵادەستانە بوو کە تورك بوون و زەحمەتکێشانی نەتەوە ناتورکەکانی ناو تورکیایان دەچەوساندەوە، ئەوانە لە بنەڕەتدا لە شارەکان دەژیان، بۆ خۆپاڵاوتن و پروپاگەندەی پێش هەڵبژاردن سەردانی ناوچە کوردییەکانیان دەکرد، کە ئەنجومەنی باڵای نەتەوەی تورکیا لە پێش هەڵبژاردندا ئەو پرۆسەیەی رێکخستبوو، هەر بۆیە پێداویستی و داواکاری جوتیارانی کورد بە لای ئەوانەوە ئەوەندە گرنگ نەبوو، هەر بۆیە گوێیان پێ نەدەدان.جوڵانەوەی کوردی لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و لە پێناو کۆتاییهێنان بە تیرۆر و رەشبگیری

تورك لە کوردستانی تورکیادا، لەناو خەباتی زەحمەتکێشان گەشەی دەکرد و بەهێز دەبوو، بە تایبەت ئەو کاتەی باس لە مافی ئابووری – کۆمەلاّیەتی دەکرا، باس لە دابینکردن و فراوانکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان دەکرا، دژی سیاسەتی ئیمپریالیزم و نۆکەر و بە کرێگیراوەکانیان لە تورکیا.

لەو بارودۆخە کۆنەپەرستانەی تورکیادا، لە سەرووی هەموویانەوە جەنەراڵە زلەکانی لەشکر و سوپا بڕیاریاندا دەستێك لە جولاّنەوەی دیموکراسی تورکیا بوەشێنن. لە (١٢)ی ئازاری (١٩٧١) دا سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی تورکیا بیرخەرەوەیەکی پێشکەش بە سەرۆك کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و ئەنجومەنی نەتەوەیی کرد. ئەم بیرخەرەوەیە زیاتر لە (ئولتیماتوم)=(هۆشداری دان) دەچوو. لەم بیرخەرەوەیەدا هاتووە: بێکاری بێ دەسەلاّتی حکومەت و پەرلەمان بێسەروبەری لێکەوتۆتەوە، ململانێ کەوتۆتە نێوان برایان، دۆخی ئابوری و کۆمەلاّیەتی شێواوە، لەبەر ئەوە پێویستە حکومەتێك لە سەرووی حیزبەکانەوە دروست بکرێت، کە بتوانێ ولاّت لە شێواوی و پەشۆکی بپارێزێ وریفۆرم ئەنجام بدات و دەستووریش بە پێی پرینسیپەکانی(ئەتاتورك) جێبەجێبکات. ئەگەرنا هێزە چەکدارەکانی ولاّت ناچار دەبن دەسەلاّت بگرنە دەست خۆیان .(٢٩، ٢٧٣، ٢٧٤).

لە هەمان رۆژداحکومەتی پارتی عەدالەت بە سەرۆکایەتی(سلێمان دێمیرێل)کە لە ساڵی (١٩٦٥) دا لەسەر حوکم بوو دەستی لەکار کێشایەوە.

رووداوەکانی ئەو دواییە نیشانیاندا کە سەرباری بیرهێنانەوەی (ریفۆرم) ، سوپا خۆی لە کارەکان هەڵقورتاند بۆ ئەوەی شێوازێکی رەق و توند بگرێتە بەر بۆ دامرکاندنەوەی جولاّنەوەی گەشەسەندووی کرێکاران و خەباتی پێشکەوتنخوازانەی بەشێکی لاواز و رۆشنبیرانی تورکیا و هەروەها خەباتی نەپساوە و بەردەوامی کوردەکان بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتییان .

(٢٦) ی ئازاری (١٩٧١) حکومەتێك لە دەرەوەی حزبەکانەوە بە سەرۆکایەتی نیهاد و ئێریم پێکهات، لە(٢٦) ی نیسانی هەمان ساڵدا ئەم حکومەتە دۆخی نائاسایی لە شارەکانی ئیستەمبوڵ، کۆجیلی، دیاربەکر، سیرت، بۆ ماوەی یەك مانگ رایگەیاند،

دواتر بۆ چەند جارێك لەو ناوچانە دۆخی نائاسایی درێژکرایەوە. بە شێوەیەکی سەرەکی دۆخی نائاسایی لە ناوەندە ئیداری و پیشەسازییەکانی وڵاتدا راگەیەندرا کە هێزی سەرەکی پرۆلیتاریای تورکیا تێیدا چەکەرەی کردبوو، هەروەها هێزەکانی خوێندکاران، رۆشنبیران و لە باشوری رۆژهەڵاتی وڵاتیش کە جوڵانەوەی کوردی تێدا بەهێز بوو حکومەتی تورکیای پەرێشان کردبوو.

حکومەتی تورکیا کە دەسەڵاتێکی زۆریان پێدرابوو دەستیان بە کۆمەڵێك کارو کرداری سەرکوتکەرانەی دژ بە جوڵانەوەی دیموکراسی لە وڵاتدا کرد، دەستکرا بە قەدەغەکردنی چەندین رێکخراوی سیاسی چەپڕەوانە، داخستنی دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵایەتی. لە (٢١) ی تەمووزی (١٩٧١) دا حکومەتی تورکیا بڕیاری قەدەغەکردنی پارتی کرێکارانی تورکیدا (لە راستیدا ئەو حزبە لە (٢١)کانونی دووەمی ساڵی (١٩٧١) وە قەدەغەکرابوو) .

بیانووی رووکەشی قەدەغەکردنی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی تورکیا، دادگەی دەستووری هەڵوێستی ئەم حزبەی لەبەرچاو بوو کە لە کۆنگرەی چوارەمیاندا بڕیارییان لەسەردابوو، بە تایبەت کێشەی کورد، ئەم حیزبە رای وابوو کە ئەم کێشەیە لە وڵاتدا هەیە و چارەسەرکردنیشی لە روانگە و هەڵوێستی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکارەوە دەبێت، ئەمە بووە هۆی ئەوەی دادگەی دەستووری ئەم حیزبە قەدەغە بکات.

بە مەبەستی سنووردارکردنی ئازادییەکان، لە ئەیلولی (١٩٧١) دا بەشێك لە ئەندامە کۆنەپەرستەکانی ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیا، نزیکەی (٣٠) مادەی دەستووری ساڵی (١٩٦١) یان هەموار کرد و گۆڕانیان بەسەردا هێنا. نیهاد وتی: تورکیا پێویستی بەو جۆرە دەستوورە نیە کە لاف و گەزافی پێوە لێدەدا، هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوەکرد کە لە رۆژهەڵاتی وڵاتدا مەترسی هەیە، هێزەکانی سوپا رۆژانە تاوانباران دەستگیر دەکەن و دۆخی نائاساییان لەو ناوچانەدا پیادەکردوە. (٥١، ١٤، IX، ١٩٧١).ئەوەی شایانی باسە، دادگەی سەربازی و دادگەی تایبەتی بوو، کە لە نیوەی مانگی ئاياری (١٩٧١) دا لە دیاربەکر پرۆسەی دادگەییکردنی گروپێکی (٢٢) کەسیان بەڕێوەبرد کە تاوانبارکرابوون بە تۆمەتی دروستکردنی

دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا، سەرجەم ئەو (٢٢) کەسە ئەندامی ئۆرگانی شۆڕشگێڕی کولتووری ڕۆژهەڵات بوون. (٥٣، ١١، ٧، ١٩٧١).

هەر لەو کاتەدا گروپێك لە شۆڕشگێڕان و ڕۆشنبیرانی کورد لە لایەن حکومەتی تورکیاوە و دەستگیرکران، لەوانە: تاریق زیا ئێکنجی، جانیپ ئیلدریم، کەمال بورقای، ناجی کوتلەی، مەهدی زانا، ئەمین بۆزئەرسەلان، یوسف ئێکنجی و سەدان کوردی تری نیشتمانپەروەر (٦٧، ١٩٧١، ژ، ٢، لا، ٢) .

بە پێی سەرچاوە و چاپەمەنییە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات، دوای ڕاگەیاندنی دۆخی نائاسایی لە ناوچە کوردییەکاندا بە تایبەت لە دیاربەکر و سلیڤان نزیکەی (٤٠٠) کورد گیران. (هەمان سەرچاوە).لە (١٧) ی نیسانی (١٩٧٢) دا کۆبوونەوەیەك لە دیاربەکر بە سەرۆکایەتی فەرید سەبارەت بەو کێشانەی کە لە ویلایەتەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا هەبوون سازکرا.

ئەوانەی بەشدارییان لەم کۆبوونەوەیەدا کرد بریتی بوون لە: سەرۆکی هێزی جەندرمەکانی سوپا(کەمالەدین ئێکین)، بەڕێوەبەری گشتی دەزگەی ئاسایش ئۆرفان ئێربۆگ. پارێزگەرەکان، سەرۆکی لقەکانی ئاسایش و هێزی. جەندرمەی ویلایەتەکانی ئەدییامان، ماردین، بینگۆل، سیرت، مالاتیا، بیتلیس، ئێلیازیگ و دیاربەکر (٦٢، ١٧، ١٧، ١٩٧١) . لەم کۆبوونەوەیەدا باس لە پێوستی ئەنجامدانی چالاکی سەربازی کرا بە مەبەستی تەمبێکردنی دانیشتوانی کوردستانی تورکیا.

لە کۆتایی نیسانی (١٩٧٢) دا سەرکردایەتی عەسکەری دۆخی نائاسایی لە ویلایەتەکانی دیاربەکر و سیرت لە بەیاننامەیەکدا بڵاوکردەوە (ژمارە ٦٣) لەوێدا چالاکییە عەسکەرییەکانی خۆیان دەربارەی تەمبێکردنی خەڵکەکە ڕوونکردبۆوە. لە بەیاننامەکەدا هاتبوو لە ئەنجامی هەزاران زمان لە یەکتردان زیاتر لە (١٠) هەزار کەس گیراون (٦٢، ٢٨، ١٧، ١٩٧٢).لە ئایاری (١٩٧٢) دا دادگەی نائاسایی دەستیکرد بە پرۆسەی دادگەییکردنی ئەندامان و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا. لە ناویاندا (عەبدولقادر ئۆکتەمان، سێباب بیلگیچ، ئاگیت تانریکلو، عارف زێریك، خورشید ئۆنۆك، محەمەد تەیفان، تاهیر ئۆکتیم، حەسەن ئۆکتیم، محمد قوندوس ڕەمەزان

خادیم نۆگلو، یوسف ئۆگلو، عبداللە کەیایپ تەتار، عبدالجمیل ئێرکان، سەبری ڤێسق، شەرەفەدین ئێلچی، نورەدین عیشق، فازیل چەفت پی، نادر چەفت چی، ئەحمەد قاریار، یوسف بێلق، عەبدی ئۆنار، سەلاحەدین تەیمورتاش، تەها قەرەنتاش، فەخرەدین یاوز، سولێمان خاك خان، موسا عەنتەر، زولکۆ شێخین) و چەند کەسێکی تر حوکمی غیابی دران، واتە لە دەرەوەی وڵات بوون، لەوانە: (دکتۆر سەید قیزمیزی تۆپ رەق، فایق ساواش، نازم بالکاس، حیکمەت بولتەقینە، حەسەن ئیکلمیش و عەلی قەپلان) (٦٢، ٢٣، ٧، ١٩٧٢).هەموو ئەوانە حوکمی جیاجیایان بەسەردا سەپێندرا. لە مانگی ئۆگستی ساڵی (١٩٧٢) کۆمەڵناسی بەناوبانگی تورکیا(ئیسماعیل بیشکچی) لە لایەن دادگەی عەسکەری دیاربەکر بە تاوانی پروپاگەندە بۆ کۆمۆنیزم و کوردایەتی ١٣ ساڵ حوکمی زیندانی بەسەردا سەپێندرا (٦٢، ١٥، ٧١١١، ١٩٧٢).

لە تەك گرتنی کاربەدەستانی پێشکەوتنخواز، دەسەڵاتدارە عەسکەرییەکان چەندین ئۆپەڕاسیۆنی عەسکەرییان لە شارە کوردییەکان ئەنجامدا بە مەبەستی تەمبێکردنی خەڵك. بە پێی سەرچاوەی رۆژنامەی (حوریەت) (٣٣) گوندی دەوروبەری شاری(باتمان)گشتیان راگوێزرانە ناوچەکانی تر (٥٨، ٢١، لا، ١٩٧٢).

لە تەك بەردەوامبوون لە درێژەپێدانی ئۆپەراسیۆنی عەسکەری لەناو وڵاتدا دژی کوردەکان، حکومەتی تورکیا بەردەوام بوو لە هەماهەنگی کردن بە مەبەستی لەناوبردنی جوڵانەوەی کوردی بە هێڵی سینتۆ.

بەم شێوەیە لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٧٣) لەتاران کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی سنتۆ بەڕێوەچوو لەکۆتایی کۆبونەوەکەدا لایەنەکان بەیانامەیەکیان بڵاوکردەوە تیایدا هاتبوو کە : لەبارودۆخی شێوادا وچالاکی تیرۆرستان و سنتۆ هەڵوێستی هۆشیاری و ئاگادارانە دەنوێنن (١٩٧٣،٧١،١٣،٦٢) بەواتایەکی تر حکومەتەکانی تورکیا وئێران هەموو هەنگاوێك دەگرنە بەر بەمەبەستی بوارنەدانی گەشەکردنی جوڵانەوەی کوردی لەو وڵاتانە گرتن و راونانی کوردە پێشکەوتخوازەکانی تا هەڵبژادنەکانی ساڵی (١٩٧٣) درێژەی هەبوو ئەم هەڵبژاردنانە بووە هۆی ئەوەی حکومەتێکی تێکەڵاو دروست بێت بە سەرۆکایەتی (بلَند ئەجەوید)کە پێکهاتبوو

لەئەندامانی پارتی گەلی کۆماری و پارتی رەفاهی نیشتمانی دەسەلاتی گرتنەدەستی حکومەتەکەی (ئەجەوید) بووە هۆی ژیانەوەی ژیانی سیاسی لەولاتدا بەهەوڵ و کۆششی پارتی گەلی کۆماری بەهاری ساڵی (١٩٧٤) لەئەنجومەنی بالای نەتەوەی تورکیا یاسایی لێبوردنی گشتی دەرچوو بەپێی ئەم یاسایە زیندانییەکان ئازادکران لەوانە کوردێکی زۆری سەر بە چەپەکان لەزیندان ئازاد کران دیارە ئەم کردەوە مرۆڤانەیەی کە لە تورکیا ئەنجامدرا هۆکاری و ناوخۆ و دەرەکی هەبووە بەتایبەتی سەرکەوتنی جولانەوەی کوردی لەعێراقدا ئەو بڕیارەی حکومەتی عێراق لەئازاری (١٩٧٤) دا کە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا راگەیاند بوو لە هەمان کاتدا ئەم هەنگاوە زیرەی بە حکومەتی تورکیا کردبوو هەربۆیە لەناوەڕاستی مانگی ئازاری (١٩٧٤) دا سەرکرەی هێزە سەربازەییە پیادەکانی تورك ، (جەنراڵ ئەشرەف ئاکنجی) و سەرۆکی هێزەکانی جەندرمەی تورکی (جەنراڵ ئۆرخان ئیکت) جەولەیەکی پشکنین یان بە ویلایەتەکانی دیاربەکر، کرخ تەپەر ئورخەر ، هاردین ، سیرت و چەندین ناوچەی تردا کرد کە مانۆڕی سەربازی تێدا ئەنجام دەدراو یەکێك لەئەنجامەکانی ئەم سەردان و مانۆڕە رێگرتن بوو لەبەردەم ئەگەری سەرهەڵدانی جولانەوەی چەکدارانەی کورددا (١٩٧٤/١١١/١٢/٥٨). تا ناوەڕاستی سالانی حەفتاکان لە تەك بەهێزبوونی جولانەوەی چەپڕەوی لە تورکیا چالاکی تورکەکانیش زیندووبوونەوە بەجۆرێ رێکخراوی ئاشکرایان دروستکرد و رۆژنامە و گۆڤاریان دەرکرد، سەرباری ئەوەی گۆڤار و چاپەمەنییەکان قەدەغە کرابوون پرۆسەی دادگەییکردنی کوردەکانیش بەردەوام بوو، لەگەڵ ئەوەشدا جولانەوەی کوردی لە کوردستانی تورکیا تا دەهات فراوان دەبوو، هەر لەو قۆناغەدا بە ئاشکراو نهێنی چەندین پارت و رێکخراوی سیاسی کوردی چالاکییان دەنواند لەوانە : پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا (پ د ك ت) پارتی کرێکارانی کوردستان (شوانییەکان) پارتی کرێکارانی کوردستان (ئاپۆیەکان) پارتی سۆسیالستی کوردستانی تورکیا وەك (کوردستان ئولوسالکورتولیش چولاری) (نەتەوەی رزگاریخوازی کوردستان) ئالای ئازادی تێکۆشین کاوە.... هتد . ئەم رێکخراوانە چەندین گۆڤارو رۆژنامەیان دەردەکرد، لەوانە (رۆژا ولات) (ئۆزگولیۆك یۆلۆ) رێگەی ئازادی رزگاری (ژینانو)

(دێوەعجی دیموکرات گینچلیك) (لاوانی دیموکراتی شۆرشگێر) (ئوزگورلۆك) ئازادی تێکۆشین و زۆری تر. لەم بڵاوکراوە و چاپەمەنییانەدا لە چوارچێوەی یاسادا رووە جیاجیاکانی کێشەی کورد لە تورکیا لێك دەدرایەوە و رەخنە لە سیاسەتی رەسمییانەی حکومەتی تورکیا دەگیرا هەروەها رەخنەش لە حیزبە بۆرژواکانی تورکیا دەگیرا لەسەر ئەو هەڵوێستانەی کە بەرامبەر بە کورد هەیانبوو. هەر لەم چاپەمەنییانەدا تیشك دەخرانە سەر داواکارییە نەتەوەییەکان. کورد هاوکات لەگەڵ راپەرینەکانی دژ ئیمپریالیزم و دژ بە شا لە کوردستانی ئێراندا حکومەتی تورکیا سیاسەتی توندو رەقی گرتە بەر دژی جولانەوەی کرێکاری لە تورکیا و دژی خەباتی کوردەکانی لە پێناو بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییدا. لە کۆتایی مانگی (دیسەمبەری) کانونی یەکەمی (١٩٧٨) دا حکومەتی تورکیا باری نائاسایی بۆ ماوەی دوو مانگ لە (١٣) ویلایەت راگەیاند، لەوانە لە ئەنقەرە ، ئیامازیگ ، بینگۆل ، ئەرزەرۆم ، ئەرزنجان ، غازی ئەنتاب ، ئەستەمبول ، کاخرامان ماراش ، قارس مالاتیە ،سیواس ، ئوفەر ، بیاتوە راگەیاندنی باری نائاسایی لەم شارانە بۆ ئەو رووداوە خوێناوییە ئەگەرێننەوە کە لە شاری قارەمان ماراش روویدا ئەنجامەکەشی زیاتر (١٠٠) کوژراو و سەدان بریندار لێکەوتەوە، لە راستیشدا قوربانییەکان زۆر لەو ژمارەیە زیاتر بوون کە حکومەت بە رەسمی رایگەیاندبوو. دۆخی نائاسایی جگە لە ئەنقەرە و ئەستەمبوڵ ئەو شارانەی گرتبۆوە کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن. وەزیری ناوخۆی تورکیا ئۆزاریدنیلی لە کۆبونەوەیەکی هاوبەشی هەردوو ئەنجومەنی پەرلەمانی تورکیادا وتی: ئەو هەنگاوە کتوپڕانە کە حکومەت دەینێ بۆ دەرپەراندنی تیرۆر و کوشتن و بڕینە کە خەریکە بە ئاشکرا هەرەشەمان لێدەکەن هەروەها وەزیر وتی : بە تایبەتی لە باشوری رۆژهەلاتی وڵات ژمارەیەك دەستیان بە ئاژاوەگێڕی کردووە و دەیانەوێ دوژمنایەتی ئاینی بخەنە نێوان توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ ، بەتایبەتی لە نێوان سونەو شیعە بە وتەی (بلند ئەجەوید) ی سەرۆك وەزیران: حکومەتی ناچار بووە دۆخی نائاسایی لەو چەند ویلایەتەدا رابگەینێ تا بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە، چونکە چارەنووسی وڵات کەوتبووە بەر هەڕەشەو پەلاماری تیررۆستی و پەلاماری چەکدارانە. پێکدادانی خوێناوی لەقارەمانان مەرامی

لەلایەن کۆماندۆسەکانی سەر بە حزبە نیمچە فاشیەکەی جولانەوەی ناسیۆنالستی ئاتاتورکیش دروستکرا بە مەبەستی چاندنی تۆوی دووبەرەکی نێوان شیعە و سوننە.

کۆنەپەرستەکان دەیانویست گورزێك لە جولانەوەی نەتەوەی کوردی بدەن، چونکە لەم ناوچەیەدا کە بەشێکی دانیشتوانەکەی شیعە مەزهەبن کۆنەپەرستەکانی تورکیا هەولیان دەدا موسلمانە سوننەکان دژی موسلمانە شیعەکان هان بدەن، چونکە ئەمەی دوایی (واتە: شیعەکان) زیاتر لایەنگری هێزە پێشکەوتووخوازەکان بوون و لە هەلبژادنەکانی پەرلەمانی (١٩٧٧) دا ئەوان دەنگییان بە هێزە چەپە میانڕەوەکان و پارتی گەلی کۆماری دا حکومەتی تورکیا لەکۆبونەوەکانیدا تۆوی دووبەرەکی ئاینی لەنێوان سوننەو شیعەی موسلماندا دەچاند و گوندێکی ئێجگار کەم مابوونەوە شان بە شانی یەکتر سوننەو شیعە بتوانێ بەیەکەوە بژین. پیاوی سوننە نەیدەتوانی کچە شیعەیەك بێنێ بە هەمان شێوە پیاوی شیعە بۆی نەبوو کچە سوننەیەك لە خۆی مارە بکات و بیکاتە هاوسەری خۆی حکومەتی تورکیا کە تۆوی دووبەرەکی دەخستە نێوان سوننەو شیعە مەبەستی بوو گورزێك بوەشێنێتە جولانەوەی نەتەوەیی کوردکە عەلەویەکان لەو ناوچەیەدا لەسوننەکان زیاترن ،گرنگە ئاماژە بەوەش بدەین کە لەتورکیا ئاین پێچەوانەی ئێران و شیعەگەرییە،چونکە لە تورکیا ئاین رۆلی گرنگی نابێ ، لە (٢٠) ئازاری (١٩٧٩) دا لە بارودۆخێکی نائاساییدا چەندین ئاگاداری و رێنمای هاتبوو لەوانە بە گوێرەی ناوەڕۆکی ئەو بەیاننامەیە لە ویلایەتەکانی ئەدەنە و قەهرەمان مەراش ، غازی ئەنتاب ، ئورفە ، ژمارەیەکی زۆر لە بلاوەکراوە و چاپەمەنی لە گۆڤار و رۆژنامە قەدەغەکران کە گشتیان ئاراستەی چەپڕەوییان هەبوو ئەمە جگە لەو بلاوکراوانەی کە بۆنی کوردایەتییان لێدەهات (١٩٧٩/١١١/٥١). لە سەرەتایی نیسانی (١٩٧٩) دا کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەستی پێکرد و لەوێدا باس لە کێشەی (جوداخوازی)کورد کرا لەرۆژهەلاتی ولاتدا (١٩٧٩/١٧/٦/٧١) ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیا بڕیارێکی تایبەتی دەرکرد کە بە گوێرەی ئەو بڕیارە سەرکردایەتی هێزەکانی سوپا هێزە عەسکەریەکانییان لە ناوچەکانی کوردستانی تورکیادا زیادکرد بە تایبەتی لە ناوچە سنوورییەکانی رۆژهەلاتی ولات، ئەو هێزانەی کە

بنکە و بارەگاکانیان لەوێ بوون ئامادەکرابوون بۆ هەرساتێك جەنگ دەست پێ بکەن. بۆ ئەوەی کوردەکانی عێراق دزە نەکەنە ناو سنوورەکانی تورکیا. هێزەکانی سوپای تورکیا بۆ بەرگرییکردن لە خۆیان رێوشوێنی هێزەکانیان گرتەبەر بە تایبەتی لەو سنوورانەی کە خەڵکی زیاتر تێکەڵاویان لەگەڵ یەکتریدا هەبوو سوپای پیادەی تورکی ژمارەیان لەو ناوچانەدا زیاتر کرد لە هەمان کاتدا کۆبوونەوەی چواردە پارێزگەی باشووری رۆژهەلات، رۆژهەلاتی تورکیا رێکخرا بە مەبەستی زیاترکردنی رەشبگیری لەو ناوچەیەدا و دانانی رێوشوێنی گونجاو بۆ لەباربردنی جولانەوەی کوردی، لە هەمان کاتدا هاوکارییەکانی نێوان عێراق و تورکیا بەهێزترکرا بۆ سەرکوتکردنی جولانەوەی کوردەکان. بەم شێوەیە لە نیوەی یەکەمی نیسانی (١٩٧٩) دا سەرۆك هێزە چەکدارەکانی تورکیا (ئێڤرین) سەردانی عێراقی کرد، وتوێژەکانی ئەو دەربارەی هاوکارییکردنی هەردوو دەوڵەت بوو بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان. (٢٦) ی نیسانی هەمان ساڵ حکومەتی تورکیا دۆخی نائاسایی لە ویلایەتە کوردییەکانی ئەدیبیامان، دیار بکر ، هەکاری ، ماردین ، سیرت ، تونجەلی راگەیاند بەم شێوەیە دۆخی نائاسایی (١٩) ویلایەتی گرتەوە و دواتر بوو بە (٢٠). حکومەتی تورکیا کە دۆخی نائاسایی رادەگەیاند دواتر بیانووی دەهێنایەوە کە دەستی بێگانە لە پشت هەموو ئەو روداوانەوە هەن چ لە دەرەوەی وڵات و چ لە ناوەوەی وڵاتدا، هەروەها بەرفراوانکردنی ئەو ناوچەو ویلایەتانەی کە دۆخی نائاسایی دەیانگرێتەوە حکومەتی تورکیا لە راگەیاندنێکیدا دەڵێ (زۆر بە توند و ڕەقی لەگەڵ هەموو ئەو کۆمەڵە و سەندیکایانە دەجولێنەوە کەدژی دۆخی نائاسایی قسە دەکەن).(٥٢/١٩٧٩/ژ/٦/لا/٥) لە راستیشدا حکومەتی تورکیا یان ئاشکراتر بلێین دەسەلات بەدەستە عەسکەرییەکان بەردەوام بوون لە گرتنی هەموو ئەو کەسانەی کە تاوانبار دەکران بە کاری تێکدەرانە دژی ڕژێمی تورکیا. لە مانگی حوزەیرانی (١٩٧٩) دا ڕۆژنامەی (ئوزگورلوك) بە ئازادی دەرچوو لە ڕاستیدا ئەمەش درێژەی ئەو ڕۆژنامە و چاپەمەنییانە بوو ئەوانەی وەك رێگەی ئازادی و ڕۆژی وڵات کە لە کاتی ڕاگەیاندنی دۆخی نائاسایی لە ساڵی (١٩٧٨) لە وڵات قەدەغەکرابوو لە شیکردنەوەی بارودۆخی وڵات و کوردستانی تورکیا، بە تایبەتی ڕۆژنامەی ئۆزگورلوك دەنووسێ: پەیڕەوکردنی

سیاسەتی ڕاگەیاندنی دۆخی نائاسایی بۆ بەرژەوەندییەکانی کۆنەپەرستانی تورکیا بە هیچ جۆرێ ناتوانرێ چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە لە بەردەم وڵاتدا وەستاون، چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەی ڕۆژنامەکان پەیوەندی بە گەشەکردنی دیموکراسییەوە هەیە لە وڵاتدا کە بریتییە لە جێبەجێکردنی ریفۆرمی کشتوکاڵی و دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا و پێکهێنانی کۆمیتەی هاوکاری جوتیاران و لە ناوبردنی دەرەبەگایەتی و هەڵوەشاندنەوەی مادەی (١٤١-١٤٢) لە یاسای تاوان و قەدەغەکردنی پارتە ڕەگەزپەرستەکان و دابینکردنی ئازادی و ماف بۆ خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکاران و جوتیاران، هەروەها راگرتنی سیاسەتی ناسیۆنالیستانە شۆڤینستانە بەرامبەر بەگەلی کورد و کەمەنەتەوەکانی تر و راگرتنی چەوسانەوەی ئابووری لەسەر کوردستان و پێدانی مافی بەکارهێنانی زمانی دایك بۆ کوردەکان (٦٥/١٥/٧/١٩٧٩) . هەر لەو ماوەیەدا تیرۆر لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا درێژەی هەبوو. وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی (نوێنەری بێلایەن لە ناوچەی ماردین) شەرەفەدین ئیلیچی (کورد بەنەتەوە) بەشداری لەو لێدوانانەدا نەکرد دەربارەی درێژکردنەوەی دۆخی نائاسایی. لە نیوەی دووەمی ئابی (١٩٧٩) دا سەردانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کرد بۆ دیراسەکردنی ڕووداوەکان کە سەردانی (قزل تەپەی)کرد لە ویلایەتی (ماردین) وەزیر گەیشتە ئەو باوەڕەی کە دوای کوژرانی پۆلیسێك لەقزل تەپە هێزەکانی کۆماندۆس دەستیان کردبوو بەلێدان و راونان و ملکەچکردنی خەڵکی مەدەنی ناوچەکە. (٦٨/٢٣/٨/١٩٧٩) بۆجێبەجێکردنی نیزامی چاودێری لەسەر ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات لە (٢١) ئابی (١٩٧٩) دا (کەنعان ئیڤرین) بە فرۆکەیەك بەرەو دیاربەکر بە ڕێکەوت. سەردانی سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی وڵات بۆ کوردستان پەیوەند بوو بە دڵەڕاوکێی ناوبراوەوە بە دۆخی نائارامی کوردستانەوە لە کۆتایی ئابی هەمان ساڵدا وەزیری ناوخۆی حکومەتی ئەجەوید حەسەن فەهمی گنش سەردانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی کرد و لە(٢٨) ئابدا ناوبراو کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانی لەئەرزەرۆم کرد و لەوێدا وتی : حکومەتی تورکیا ڕێوشوێنی تەواوی گرتۆتەبەر بە ئامانجی نەهێشتن و ڕێگەنەدان بە هێزە جوداخوازەکان کە لە ئێران و عێراقەوە بپەڕنەوە ناو خاکی تورکیا (٦٨ ، ٢٩ ،٨ ، ١٩٧٩). پێویستە ئەوەش بڵێین

کە لەو ماوەیەدا ژمارەیەك ئەندام پەرلەمانتار نەك هەر داوای راگرتنی تیرۆریـان دژ بـە کوردەکان دەکرد بەڵکو داوای مەحکومکردن و ریـسواکردنی سیاسـەتی خومەینیـشیان دەکرد کە هێرشی سەربازی کردبووە سەر جوڵانەوەی ئۆتۆنۆمیخوازی کوردستانی ئێران .

(بلند ئەجەوید) لە وەڵامی پرسیارەکانی ئەندام پەرلەمانەکاندا بە تایبەت لە حزبی گەلی کۆماری (عەزیز ئۆگلو و یەڵماز) کە دەربارەی راپەرینەکانی کوردی کردبوویان وتی حکومەت هەوڵ دەدات تورکیا لەو رووداوانـەی کـە لـە دەرەوە روودەدەن خـۆ بـە دوور بگرێت ، تورکیا تێکەڵاوی ئەو رووداوانە نابێت کە بە کێشەی نـاوخۆی ئێـران حـسێب دەکرێت (٥٨ ، ٣١ ، ٨ ، ١٩٧٩) لە سەرەتای مانگی ئەیلولی (١٩٧٩) دا (ئەیوب ئۆگلو)کە جێگیری سەرۆکی وەزیران بوو وتـی: جوڵانـەوەی کوردەکـان لـە رۆژهـەڵات و باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا هەرەشە لە یەکپارچەی خاکی تورکیا دەکەن و ئەو جوڵانەوەیە لەناودەبرێت بە شێوەیەك کە پێویست بەوە نەکات هیچ هێزێکی سەربازی زیاتر بنێرینـە ناوچەکە . بەڵام بۆچوون و رایەکی تر هەبوو لە تورکیا ئەویش بۆچوونی بـاڵی راسـترەوی بۆرژوای تورك بوو کە پێیان باش بوو زۆر بە رەقی و تونـدی لـە جوڵانـەوەی نەتـەوەیی کوردی بدرێ . لە مانگی کـانوونی یەکـەمی (دیـسەمبەر) ی (١٩٧٩) دا رۆژنامـەی تورکی (یانك) وتارێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هـاتبوو (ئەجەویـد ودیمریـل) دەیانـەوێ رژێمی دۆخی نائاسایی لە وڵات بەردەوام بێت، بە تایبەت دژی کوردەکان، هەر ئـاوا بـە رەقی بەرێوە ببرێت وەك دوای (١٢) ی ئازار کە هیچ رێکخراوێك دوای ئەوە نەبینرێت . کۆنەپەرستانی تورك بە تایبەت ئەوانەی دەسەڵاتیان هەبوو، سـوپا و عەسـکەریان هـان دەدا و ناچاریان دەکردن پەلاماری جوڵانەوەی نەتەوەیی کـورد بـدەن . لەگـەڵ ئەوەشـدا حکومەتی تورك بەرامبەر بەو ئەفسەرانەی کە بە رەچەڵەك کورد بـوون دردۆنـگ بـوو، ئەوانە وەك ئەفسەری پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا . هیچ کات باوەڕ بـە سـەربازانی کورد نەدەکرا بیانکەنە پاسەوانی جبەخانە و عەمباری چەك و فیشەك ، بەڵکو زیاتر بـۆ خاوێنکردنەوەی شوێنەکان بەکاریان دەهێنان . حکومەتی تورکیـا پۆلیـسە کوردەکـانی بەوە تاوانبار دەکرد کە سیاسەت لەناو ئۆرگانەکانی پۆلیسدا دەکەن .

چیتر کوردیان بە پۆلیس قبوڵ نەدەکرد، بۆ نمونـە کوردەکـان زۆر بـە سـەرکەوتووی تاقیکردنەوەکانی ساڵی(١٩٧١) یان ئەنجامدا کەچی ئەو ساڵە لە ویلایەتەکانی تونجەلی، وان ، تاقەیەك کورد بە پۆلیس وەرنەگیرا و قبوڵ نەکرا . هەر لە هـەمان کاتـدا وەزیـری پەروەردە و رۆشنەگەری نەتەوەیی کـە لـە حزبـی گـەلی کۆماریـدا بـوو ، دەسـتی بـە حەملەیـەك کـرد بـۆ دەرکـردن و دەرپەڕانـدنی هـەموو ئـەو مامۆسـتا کـوردە نیشتمانپەروەرانەی کە لە قوتابخانەکان کاریان دەکرد ، ئەوانـە راگـوێزران بـۆ رۆژئـاوای وڵات .لە ئەنجامدا سەدان مامۆستای نیشتمانپەروەری کورد لە ویلایەتـەکانی قـارس ، ئاگری ، بینگۆل ، بتلیس ، ماردین ، لە کاردەرکران و ئاوارە کران یان گیران (١٢ ، لا ، ١٥).

* یاسای ژمارە ٥٢٢٧ لە ٢٨ ی حزیرانی ساڵی ١٩٤٨- ماوەی گەڕانەوەی کوردەکان بۆ ویلایەتەکانی خۆیان بۆ سـاڵێکی تـر درێژ کرایەوە .(٧، بەرگی ٢٨: لا، ١١١٩- ١١٢٠) .

**- لە کۆتایی ئەیلولی (١٩٦٥)دا کۆتایی بە پرۆسەی دادگەییکردنی (٤٩) کوردەکە هات کە لە (١٩٥٩)دا بەردەوام بـوو، (١٦) کەس یەکی (١٦)مانگ حوکم دران لە زیندان، ئەوانی تر ئازادکران(تەبریـە بـوون)، لـەناو تاوانبارکراوەکانـدا پێـنج کـەس لـە کاندیدەکانی ئەنجومەنی تێدابوو، دوو کەس لەوانە سەر بە پارتی کرێکارانی تورکیا بوون، یەکێك لەوانەی تورکیای نـوێ و دوو کەسـی تریش بێ لایەن بوون.

*** یا سترێب . بە عەرەبی باشق، رخمە، جۆرە باڵندەیەکە.

ئەو لە یەکێك لە وتارەکانیدا وتی: رێکخەری ئەم کۆبوونەوانە غەرەز و مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەوان دەیانەوێ نیشتمان پارچە پارچە بکەن، نوێنەرانی نەتەوەکەمان بکاتە دوژمنی یەکتر، کارو چالاکیەکانییان بریتییە لـە خیانـەتی نیـشتمانی (٢٢،٥١،لا، ١٩٦٧).

بەشی سێیەم
یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد
دوای کودەتای ساڵی ١٩٨٠

پایزی ساڵی (١٩٨٠) بارودۆخی سیاسی ناوخۆی تورکیا تەواو شێوابوون، رەوشی سیاسی شل و شۆق وای لە هەردوو پارتی سیاسی (پارتی گەلی کۆماری و پارتی عەدالەت) کردبوو لەسەر دەسەڵات نوقمی ناو ململانێی سەخت بن لەسەر دەسەڵات، حیزبە راسترەوە ناسیۆنالیستەکانیش دەستیان دابووە تیرۆرێکی دڕندانە.

تەنها لە ماوەی دوو ساڵدا بە دەستی توندڕەوەکان زیاتر لە (٥) هەزار کەس کوژران و زیاتر لە(١٤) هەزار کەسیش بریندار بوون، قوربانییەکان زیاتر ئەو کەسانە بوون کە دیدو بۆچوونی پێشکەوتنخوازییان هەبوو .

لەم بارودۆخەیدا لە (١٢) ی ئەیلولی (١٩٨٠) دا لە وڵات کودەتایەکی سەربازی ئەنجامدرا . سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی وڵات دەسەڵاتی گرتە دەست . ئەم حکومەتە نوێیە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بە سەرۆکایەتی (جەنراڵ کەنعان ئێڤرین) دروستکرد کە سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی وڵات بوو . ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەرکی ئۆرگانی یاسادانانی گرتە ئەستۆی خۆی. ئەو حکومەتەکەی(دیمێرێل) و پەرلەمانی لەبەر یەك هەڵوەشاندەوە، چالاکی و کاری گشت پارتە سیاسیەکان و گروپ و رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی قەدەغەکرد، مافی پارێزراوی ئەندام پەرلەمانەکانی نەهێشت و دۆخی نائاسایی لە تەواوی وڵاتدا راگەیاند و بڵاوکردەوە . سەرکردە عەسکەرییەکانیش وەك پێشتر جارێکی تر رایانگەیاند کە بە هیچ جۆرێ دان بە مافی نەتەوەیی کورد نانێن . رژێمی عەسکەری تورکیا بەردەوام بوو لە درێژە پێدانی سیاسەتی دژە کورد. بڕیاری

دروستکردنی هەرێمی ئاسایشیدا بە قووڵای (١٠-٢٠)کم بە درێژایی سنوورەکانی خۆیان لەگەڵ عێراق و ئێران و سوریادا. رژێمی عەسکەری بە ناوی لەناوبردنی چەتەگەریی و کۆنترۆڵ هەزاران بنکەی ئابووری و بازرگانیان لە غازی ئەنتاب و دیاربەکر و بەتلیس و باتمان و بایەزید و چەندین شاری تر داخست، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەم شارانە کوردن . دەسەڵاتدارانی عەسکەری تورکیا هەموو ئەو رۆژنامە و چاپەمەنییانەی کە لە لایەن کوردە رۆشبیرەکانەوە دەردەکرا دایخست . لەوانە (رۆژا وڵات) (رێگەی ئازادی) (ژینانو) (دیۆرمجی دیموکرات گێنجلیك) (شۆزگورلوك) (تێکۆشین ...... هتد) . لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا لە کوردستان پرۆسەی دادگەییکردنی ئەندامان و سەرکردەکانی پارتە سیاسییە کوردییەکان ، رێکخراو و کۆمەڵەکان ، خاوەن چاپخانە و بنکەکانی پەخشی و وەشاندن دەستی پێکرد. وەك هەموو جارەکانی تر ئەوان بەوە تاوانبارکران کە دەیانەوێ (یەکپارچەی نەتەوەیی تورك) تێك بدەن و تورکیا پارچە پارچە بکەن. بەپێی سەرچاوەی چاپەمەنییە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات ، تەنها لە ماوەی سێ ساڵ دوای ئەنجامدانی کودەتا سەربازییەکە زیاتر لە (١٧٠) هەزار کەس گیران و لە زیندانەکاندا ئاخنران و (٢٠٠) کەسیش لەژێر ئەشکەنجەی تورکەکان گیانیان لە دەستدا ، لە ئەنجامی پەلامار و ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورك نزیکەی (٧٠٠) کەس کوژران ، (٤٨) کەسیش لەوانەی کە دژی حکومەت بوون سزای مەرگ و لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرا . (٦٣ ، ١٩٨٣ ، ژ ، ٥ ، لا ، ٥) .

زۆربەی هەرە زۆری ئەم قوربانییانە کورد بوون . دەسەڵاتدارانی عەسکەری لە کاتێکدا کە دۆخی نائاساییان لە تەواوی وڵات بڵاوکردبۆوە لە هەمان کاتدا بەشێکی سوپای دووەمیان لە قۆنیەوە بۆ مالاتیا گواستەوە، هەر هاوکات بەشێکی ئێجگار زۆر لەشکری عەسکەری لە سەربازگەکانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی وڵات ئامادە کرابوون. لەشکری تورك تەواوی ناوچە کوردییەکانی داگیر کردبوو . بەناوی گەڕان بە دوای چەکدا، کۆماندۆس و جەندرمە و پۆلیس هەڵیان دەکوتایە سەر گوندە کوردنشینەکان و مەڕ و ماڵاتی جوتیارانیان بە تاڵان دەبرد . لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی تورکیا بەردەوام بوو لە کار و کردەوەکانی بە مەبەستی بە عەسکەرییکردنی کوردستان . هەر بە هاوکاری

ئەمەریکییەکان لە ناوچەی هەکاری فڕۆکەخانەیەکی عەسکەری دروست کرا و فڕۆکەخانەی ویلایەتی وانیش فراوانترکرا .

بەمەش گرنگی ستراتیجی سەربازی شارە کوردییەکان دەرکەوت . بە سەربازییکردنی کوردستانی تورکیا نەك هەر دژی گەلی کورد بوو، بەڵکو دژی تەواوی جوڵانەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیك و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو . بەمەش تورکیا یارمەتی و پشتگیری ئەمریکییەکانی وەردەگرت . ئیمپریالیزمی ئەمەریکی کۆنەپەرستەکانی تورکیای هاندەدا دژی کوردەکان چالاکی بنوێنن، بە تایبەت لەو شارانەی کە نزیك بوون لە سنوورەکانی سوریا و ئێران و عێراق ئەمەش بۆ ئەوە بوو دۆخێکی وا لە هەرێمەکەدا بخولقێ تا بە ئارەزووی خۆی دەست بخاتە ناو کاروباری وڵاتانی ناوچەکە و ئەو وڵاتانە ئیستفزاز بکات و تورکیاش بکاتە داردەستی خۆی و بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی بەکاری بهێنێ .بەم شێوەیە بە دەست تێوەردانی ئەمەریکا لە کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی (١٩٨٣) هێزە سەربازییەکانی تورکیا کە ژمارەیان (١٥) هەزار کەس دەبوو سنوورەکانی تورکیا و عێراقیان بەزاند و بە قووڵایی (٣٠) کم هاتنە ناو خاکی باکوری عێراق ، ئەو شوێنەی کە بنکە و بارەگاکانی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تێدا بوو .بەڵام دوای ئەوەی دووچاری بەرگرییەکی بەهێز هاتن لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا و مەحکومکردنی لە لایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە ناچار بوون ناوچە کوردییەکان بەجێ بهێڵن و لە عیراق پاشەکشە بکەن .*

ئەم هێرشەی هێزەکانی تورکیا بۆ خاڵی کوردستانی عێراق بە ئامانجی لاوازکردن و، سەرلێشێواندنی جوڵاندنی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی گەشەسەندووی کوردی بوو لەو قۆناغەدا، بۆئەوەی کار نەکاتە سەر جوڵانەوەی کوردەکانی تورکیا.سیاسەتی کۆنەپەرستانەی سەرکردە عەسکەرییەکان وەك یاسا لە دەستووری نوێی تورکیا کە لە ئەنجامی ڕیفراندۆمی (٧٧ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٢) جێگیر و پەسەند کرا. ئەم ڕیفرادۆمە لە دۆخێکی نائاسایی وڵاتدا ئەنجامدرا. بە فەرمی راگەیەندرا کە لە (٨٨,٥٪)خەڵك لە (٩١٪)ئەوانەی بەشدارییان کرد دەنگیان بە دەستووری نوێی تورکیا دا. بەڵام دەنگدەران هیچ جۆرە هەڵبژاردنێکی تریان نەبوو. هەر بەم شێوەیە

ڕێفرۆندۆمەکە سەرۆکی ڕژێمی عەسکەری (کەنعان ئێڤرین) وتبووی: ئەگەر میللەت نەڵێ بەڵێ (بۆ دەستووری نوێ ئێمە هەر دەسەڵات بەجێ ناهێڵین) . (I, Y, I, ژ,١٩٨٣, ٦٦٩). بێجگە لەمەش دەسەڵاتدارانی عەسکەری بە هیچ جۆرێ بواری ڕەخنە گرتنیان بە دەستوور نەدەدا.

لە لایەکی تر حکومەت بڵاوی دەکردەوە کە ئەگەر ئەو کەسانەی بەشداری لەو ڕیفراندۆمەدا نەکەن بۆ ماوی (٥) ساڵ مافی دەنگ دانی لێ دەسێنرێتەوە ، واتە مافی دەنگدانی لە هیچ جۆرە هەڵبژاردنێکدا نابێت .

لەوەش زیاتر لە کوردستان حکومەت پڕوپاگەندە و هەڕەشەی وای بڵاودەکردەوە کە ئەگەر کەسێك لە دژی ئەو دەستوورە دەنگ بدات، ئەوا دووچاری ئەشکەنجە دەبێت.

لە بارودۆخی ترس و تیرۆر و تۆقاندندا ئەم جۆرە قسە و باسانەش ڕۆڵی خۆیان لەگوند و دێهاتە نشینەکاندا دەبینی. سەرکردە عەسکەرییەکانی سوپا قسەیان لەگەڵ ریش سپی و پیاوماقولانی کورددا کردبوو، هەڕەشەیان لێکردبوون ئەگەر کەسێك بە (نا) دەنگ بەو لەو ڕیفراندۆمە بدات. لە کاتی دەنگدانیشدا لەسەر سندوقەکانی دەنگدان پۆلیس و جەندرمە وەستابوون . لە بارودۆخێکی ئاوا ترسناکدا دەنگ نەدان یان لە دژی دەستوورەکە دەنگ بدەی پیاوی ئازای دەوێ ، هەر لەم کەش و هەوایەدا لە (٩١%) بە بەڵێ دەنگیاندا .هەرچەندە ئەنجامی ریفراندۆمەکە لە ڕاستیدا بە دوور بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی بەرژەوەندی خۆیان ئەنجامیان ڕاگەیاند، بۆ نموونە لە کوردستانی تورکیا ئەوانەی دژ بوون ئەوانەی هەر دەنگیان نەدا زۆر لەوە زیاتر بوون کە بە فەرمی لە وڵات ڕاگەیەنرابوون .

پارێزگەکان	دەنگدان لە دژ	دەنگ نەدان
بینگۆل	٢٣ ٪	١٠ ٪
بەتلیس	٪١٣	٩
دیار بەکر	٢٠	١٣
ئێلیازیگ	١٥	١١
هەکاری	١٨	٣٠
ماردین	١٣	١٢
موش	١٥	١٨
سیرت	١٢	١٩
ئونجەلی	١٨	٢١

هەروەك لەو زانیارییانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت زۆربەی دەنگدەران لە دژی دەستوورەکە دەنگیان دابوو، لەو نۆ پارێزگەیەی کە دانیشتوانەکەیان بە زۆری کوردن، ڕێژەی ئەو دەنگدەرانەی کە بەشدارییان لە دەنگدان نەکرد یان لە دژی دەنگدان بوون دووجار و نیو لە ڕێژەی سەدا لە ناوەڕاستی ولاّت زیاتر بوون ، هەموو ئەو هەڵوێستانە گەواهی ئەوە دەدەن کە سەرباری گرتنی تیرۆر و تۆقاندن کە لە لایەن لەشکری تورکەوە دژی کورد لە کوردستان بەکاردەهات، دانیشتوانی گوندێك کە هەزار کەس دەبوون لە نزیك ماردین تێکڕا بۆ دەنگدان نەچوو بوون، ڕۆژنامەکانی سەر بە حکومەتی عەسکەری تورکیا بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بشارنەوە و لە خەڵکی بشێوێنن نووسیبویان کە سەرباری بەفر و سەرما و سۆڵەی زستان لە ویلاتەکانی ڕۆژهەلاّتدا ملیۆنەها کەس لە هاونیشتمانەکانمان بەرەو سندوقەکانی دەنگدان ملی ڕێگەیان گرتبووە بەر (٥٨ ، ٨ ، ١× ، ١٩٨٢) بەلاّم (کەنعان ئێڤرین) سەرۆکی دەوڵەت لە سەردانێکی بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاّت لە دوای ریفراندۆمەکە لە وتارەکانیدا بۆ نمونە لە قارس و ئارتڤین و وتبووی : هەر چەندە چەند کەسێك دژی دەستوور دەنگیان دابوو ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەوانە ئامانجی خراپیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو ، لەبەر ئەوە ئەوانە بە خائین و جوداخواز لە قەڵەم دەدرێن (٦٦ ، ١٩٨٣ ، N.٧ ، /y، I) بە پێی هەندێ بەڵگە و سەرچاوە

دەسەڵاتدارانی عەسکەری دوای هەڵبژاردنەکە رق و کینەی لەو کەسانە هەڵگرتبوو کە بە دڵی ئەوان دەنگیان نەدابوو ، تۆڵەیان لێکردبوونەوە . بۆ نمونـە لـە دەوروبـەری مـاردین (١٠) ریش سپی گیران و جوتیارێکی زۆریش بەر هەڵمەتی گـرتن کـەوتن ، ئـەم جـۆرە گرتنانە لە شارەکانی بینگۆل و دیار بـەکر و سـیرت و مـوش دریـژەی هـەبوو (٦٦ی ١٩٨٣ ، ژمارە ٧ ، لا ، ٢) بەم شێوەیە حکومەتی تورکیا هەوڵی ئەوەی دەدا تۆڵە لەو کەسانە بکاتەوە کە دژی دەستوور دەنگیان دابوو ، یان هەر نەچوو بوون بۆ دەنگدان کـە ئەمەش خۆی لە خۆیدا تەعبیر لە هەستی نەتەوەیی کوردی دەکات.

دەستووری ساڵی (١٩٨٢) ی کۆماری تورکیا وەك دەستوورەکانی پێشووتر ئـاواتی گەلی کوردی پشتگوێ خستبوو، دان بە مـافی نەتـەوەیی گـەلی کـورد نـەدەنا، جگـە لەمەش تەعبیرێکی یاسایانە بوو بۆ سیاسـەتی تواندنـەوەی نەتـەوەیی کـورد و گـشت کەمەنەتەوەکانی تر لە لایەن حکومەتی تورکیاوە .

بە رووکەش دەستوورەکە دانی بەوەدا ناوە کە گشت هاووڵاتیان بەرامبەر بـە یاسـا یەکسانن، ئەوەتا لە پێشەکی دەستوورەکەدا هاتووە :

(هەموو هاووڵاتییەکی تورك) (تورك وەتەن داشـی) نـاڵێ (هـاووڵاتی تورکیـا) (تورکیا وەتەن داشی) - مافی بە دەستهێنانی ژیانی هەیە لـە بوارەکـانی کولتـووری نەتەوەیی و پێشکەوتن و بیناکردنی یاسا و گەشەپێدانی لایەنی مادی و رۆحی خۆیدا .

دواتر لە مادەی (١٠) دا هاتووە : هەمووان بەرامبەر بـە یاسـا یەکـسانن بـە بـێ جیاوازی زمان ، ڕەگەز ، ڕەنگی پێست ، بیروباوەڕی سیاسی ، فەلسەفەی جیهانبینی ، ئاین ، هەموو جۆرە باوەڕ و مەزهەبێکی تر .. هتد .

بەڵام ئەگەر تەماشای مادەکانی تری ئەم دەستووره بکەین بۆمان دەردەکـەوێت کـە ئەم جۆرە یەکسانییە بوونی نیە ، بەڵکو بە بیرێکی ناسیۆنالیـستانەی بـۆرژوای تـورکی توندڕەو بۆن و بـەرامی گرتـووە. بـە گـوێرەی دەسـتووری کۆمـاری تورکیـا. سـەر بـە ناسـیۆنالیزمی ئەتاتورکـە، پـشت بـە هەنـدێ بنـەما و پرنـسیپ دەبەسـتێ کـە لـەم پێشەکییەدا هاتووە، مادەی (A-٢) لـە تـەك چـەندین حاڵـەت و دۆخـی تـر کـە لـە پێشەکییەکەدا هاتووە، ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەم دەستووره تەواو لەگەڵ تێگەیشتنی

ناسیۆنالیستانەی دروستکەری کۆماری تورکیا ، واتا (ئەتاتورك) رێکە و دەگونجێ، دواتر لە پێشەکییەکەدا وتراوە کە : (شکۆمەندی و سەروەری و بێ هیچ مـەرجێ دەگەڕێتـەوە بۆ نەتەوەیی تورك ، بە هەمان شێوە ئەم جۆرە بۆچوونە دەکرێت لە مادەی شەشدا ببینین کە دەڵێت : (نەتەوەیی تورك سەروەری تەواوی هەیە و خاوەن شکۆمەندییە و ئەم جـۆرە سەروەرییە لە رێگەی ئۆرگانە جیاجیاکانەوە جێبەجێ دەکات ، هـاوجووت لەگـەڵ ئـەو بنەماییانەی کە لە دەستووردا هاتوون، هەرچەندە لە تورکیا نزیکەی (٣٠) میللەتی جیا جیا دەژین کە ژمارەیان لـە(٢٠) ملیـۆن زیـاترە لەگـەڵ ئەوەشـدا دەسـتووری تـورکی هەموویانی پشتگوێ خستووە بەڵگەش بۆ ئەمە ئـەو دۆخەیـە کـە دەڵـێ : پێکهاتـەی یاسادانان یان یاسارێژی بە ناوی نەتەوەی تورك سـەر بـە ئەنجومـەنی بـاڵای نەتـەوەیی تورکیایە = مادەی٧ دواتر = پێکهاتەیی دادگەی قەزائی کە بە ناوی نەتەوەیی تورکەوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات و دادگەیەکی سەربەخۆیە . مادەی /٩/ .

چ لە پێشەکییەکە و چ لەناو دەستوورەکەدا ئەوەندە بڕگەی دیماگۆگی هـاتووە کـە هەندێکییان بە نموونە دێنینەوە :-

نەتەوەی هەتا هەتایی تورك //. دەوڵەتی تورکیای پـیرۆز //، (نەتـەوەی تـورکی بلیمەت) ، . لە دەستوورەکەدا هاتووە :- هەموو تورکێك بۆی هەیـە هـەموو کارێـك لەناو دەوڵەتی تورکیادا بە دەست بینێت.

مادەی/٧٠/ هەموو تورکێك تەمەنی (٣٠) ساڵ تەواو بکات دەتوانێت بە نوێنـەر خۆی هەڵبژێرێت مادەی /٧٦/ ئەدی ئەگەر تورك نـەبێ. وا پێدەچـێت وەك ئـەوەی لـە دەستووری کۆماری تورکیاوە هاتووە لە تورکیا ناتورك بوونی نەبێت تەنها تورك بـوونی هەیە، دەستوورەکە هەوڵ دەدات هەموو هاووڵاتییانی تورك کە سەر بە نەتـەوەی تـورك نین بە تورك حسابیان بکات .

بەم شێوەیە مادەی (٦٦) دەڵێت : هەر کەسێك هاووڵاتی دەوڵـەتی تورکیـا بێـت تورکە . هیچ تورکێك مافی هاووڵاتیبوونی لێناسـەندرێتەوە، ئەگـەر ئـەو کـارێکی وا نەکات ناکۆك بێت لەگەڵ دڵسۆزی بۆ نیشتمان، پێویستە ئەوەش بڵێین کە سەرانی تورك خۆشیان باوەڕییان بـەو جـۆرە گاڵتەجارییـە (دیماگۆگیـە) نـەبوو، هـەر بۆیـە تـەواوی

سیاسەتەکانییان بەرەو توانەوەی نەتەوە ناتورکەکان ئاراستە کردبوو. بۆ ئەوە بوو کە لە وڵات تەنیا تورك بژی، بەڵگەش بۆ ئەم قسانە هەندێ مادەی تری دەستوورەکەیە.

بۆ نموونە : مادەی (٤٢) دەڵێت : جگە لە زمانی تورکی هیچ جۆرە زمانێکی تر بۆی نیە لە قوتابخانەکان بخوێنرێن و وانەی پێ بوترێتەوە وەك زمانی دایك . بە واتایەکی تر منداڵانی کەمە نەتەوەکانی تر مافی خوێندنییان نییە بە زمانی دایك و نەتەوەکەی خۆیان. ئەوان تەنها بۆیان هەیە بە زمانی تورکی بخوێنن، ناوەڕۆکی ئەم مادەیە بریتییە لە سیاسەتی تواندنەوە ، هەر لە مادەی (٤٢) دا هاتووە، ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان وەك خۆیان دەمێننەوە و دەپارێزرێ واتا هێزی مانەوەیان هەیە .

ئاشکرایە لێرەدا قسە لەسەر ڕێککەوتننامەی ئاشتییەکە لە کۆنفرانسی لۆزاندا بڕیاری لەسەر درا. مادەکانی (٣٧- ٤٤)دا ئەم ڕێککەوتننامەیە پەیوەندی بە داکۆکیکردن لە مافی کەمە نەتەوەکانەوە هەیە، بە شێوەیەکی وردتر پەیوەندی بە کەمینە ناموسلمانەکانەوە هەیە (٥ ، لا ، ١٥١ ، ١٥٢) .

بە گوێرەی مادەی (٣٧) تورکیا وابەستەو دەبێ تەواوی دۆخی مادەکانی (٣٨-٤٤)جێبەجێ بکات و بیانپارێزێت و دانیان پیابنێ وەك بنەمای یاساکان ، هەروەها تورکیا نابێ هیچ یاسایەك دەربکات، هیچ جۆرە حاڵەت و کردەوەیەك بکات و دروست بکات ناکۆك بێت لەگەڵ دۆخی ئەو مادانەی کە لە سەرەوە باسمان لێوە کرد.

مادەی (٣٨) ی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەڵێ : حکومەتی تورکیا دەبێ تەواوی ئازادی و پێداویستییەکانی ژیان بۆ دانیشتوانی تورکیا دابین بکات بە بێ جیاوازی ڕەگەز و نەتەوە و بنەماڵە و زمان و ئاین .

لە مادەی (٣٩) دا هاتووە : هاووڵاتییانی تورکیا ئەوانەی کە موسڵمان نین وەك موسڵمانەکان تەواوی مافی مەدەنی و سیاسییەکانیان پێویستە بۆ مسۆگەر بکرێت.

نابێ بەهیچ جۆرێك و بە هەر بیانویەك بێت سنوور بۆ هاووڵاتییانی تورکیا دابنرێ لەوەی کە نەتوانێ زمانی ڕەسەنی خۆیان بەکاربێنن . ئەم سنووردارکردنە قەدەغەیە ئینجا لە هەر بوارێکدا بێت. لە بوارەکانی بازرگانی یان لە بواری ئاینی، یان لە بواری

ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنییەکاندا یان لە کۆبونەوە ئاشکراو گشتییەکاندا (٥ ، لا ، ١٥٢) .

بەڵام حکومەتی تورکیا بەردەوام ئەو پابەندبوونانەی وڵاتەکەی خۆی پێشێل کردووە و بەندەکانی ڕێککەوتننامەی جێبەجێ نەکردووە. بەڵگەش بۆ ئەم قسانە دەستووری نوێی تورکیایە کە چەند حاڵەتێکی سەیر لەخۆ دەگرێت .

لە کات و سەردەمی جیاوازدا، لە چەندین شوێنی جیاوازی وڵاتدا کاربەدەستانی ڕەسمی تورکیا فەرمانییان دەدا و لافیتەیان هەڵدەواسی و بەردەوام دووبارەیان دەکردەوە کە جگە لە زمانی تورکی قسەکردن بە هەر زمانێکی تر قەدەغەیە. ئیتر ئەمە دەکراو چاکیش دەیانزانی کە دژی ناوەرۆکی دەستوورە. ئەم جۆرە سیاسەتە خرایە ناو دەستوور و بوون بە بڕگەیەکی دەستوور .

بەم شێوەیە مادەی (٢٦) ی دەستوور بە ئاشکرا دەڵێ :

لەکاتی قسەکردن یان نووسین و چاپکردنی بیرو بۆچونەکانتان ناکرێ ئەو زمانانە بەکاربێن کە بە یاسا قەدەغە کراون .

مادەیەکی لەم جۆرە کە لە دەستووردا هاتبێ و ناوەرۆکێکی ئاوا شۆڤێنیانەی هەبێ زەحمەتە لە وڵاتێکی تردا بەرچاوت بکەوێ . یانی چی زمان بە یاسا قەدەغە کرابێ. زمان بریتییە لە ئامرازی تێکەڵاوبوونی نێوان خەڵك. بە بێ زمان نە مرۆڤ هەیە و نە کۆمەڵ . لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ئاشکرایە کە مەبەستیان قسەکردن لەسەرکام زمانە. هەڵبەت لێرەدا قسە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر زمانی کوردییە . هێشتا پێش نوێنەرانی دەستەی ڕۆشنبیری کوردی سەردانی ڕاگوازراوانی پارێزگەی ئەنقەرەیان کردبوو تا، ڕێگەیان پێبدا بلاوکراوەی (ڕۆژنامەی ڕۆژی وڵات) بە تورکی و کوردی دەربکەن. کارمەندی ئەم کارگوزارییە بە هەڕەشەکردنەوە وتی: دەتوانن ئەم ڕۆژنامەیە بە هەر زمانێك بتانەوێ دەری بکەن، تەنها بە کوردی نەبێ، ئەگەر واش نەکەن ئەوا سەرێکی زۆر دەپەرێنرێت . (٦٦ ، ١٩٨٢ ، ژ ، ٥-٦ ، لا-٤) .

لە مادەی (٢٨) دا هاتووە: نابێ هیچ نووسینێك بە زمانە قەدەغەکراوەکان چاپ بکرێت و بلاوبکرێتەوە. لە دەستووری ساڵی (١٩٦١) دا ئەم جۆرە حاڵەتە بوونی نەبوو.

هەرچەندە خۆ پێشتریش هەر چاپ و بڵاوکردنەوە بە کوردی قەدەغە بوو، بەڵام لێرە و لەوێ چاپەمەنی کوردی هەر بڵاودەکرایەوە. لە دەستووری(١٩٨٢) دا سەرانی کۆنەپەرستی تورك هەوڵیان دەدا بۆچوونە شۆڤێنیەکانیان لە ڕێگەی یاسا و دانانی یاساوە جێبەجێ بکەن سەبارەت بەو میللەتانەی کە لە تورکیا دەژین و تورك نین .دەستووری نوێ هاتوچۆ و گواستنەوەی شوێنی ژیانی خەڵکی سنووردارکرد، زەمینەی بۆ ڕاگواستنی نوێ خۆشکرد . مادەی (٢٣) لەم بارەیەوە دەڵێ : ئازادی نیشتەجێ و هەڵبژاردنی شوێنی ژیان لەوانەیە کەمبکرێتەوە بە مەبەستی نەهێشتنی تاوان، دابینکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکی گەشەسەندوو، دابینکردن و داکۆکیکردن لە موڵکی دەوڵەت و دروستکردنی شاری هاوچەرخ و خۆشگوزەران .

ئەم مادەیە ئەوەی ئارەزووی لێبێ دەتوانێ زۆر بە فراوانی تەفسیری بکات. حاڵەتی ئەم جۆرە یاسایانە چەندین جار لە ساڵانی بیستەکان و سییەکاندا دژی کورد بەکاردەهێنران بە مەبەستی ڕاگواستنیان لە شوێنی خۆیان بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوایی وڵات .

ئەگەر بە وردی تەماشای مادەکانی ئەم دەستوورە بکەین، ئەوا لە ڕوانگەی سیاسی و پلانی سیاسییەوە هەر زوو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ڕێك دژی خەباتی جوڵانەوەی کرێکاران و دژی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە. بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم بۆچوونە هەندێ حاڵەتی ئەم دەستوورە بە نمونە دێنینەوە . مادەی (١٤) دەڵێ :هیچ کام لەو ماف و ئازادییانەی کە لەم دەستوورەدا هاتووە ناتوانی بەکاریان بێنی بۆ مەبەست و ئامانجی تێکدانی یەکپارچەیی دەوڵەت، وڵات، نەتەوە، نابێ بەکاربێن بۆ هەڕەشەکردن لەسەر بوونی دەوڵەتی تورکیا و کۆمار .

مادەی (٦٨) دەڵێ :

پەیڕەو پرۆگرامی پارتە سیاسییەکان نابێت ناکۆك بن لەگەڵ یەکپارچەیی دەوڵەت و وڵات و نەتەوە.

مادەی (١٢٢)، لە حاڵەتی کارو کردەوەی توندوتیژیدا کە لە ناوەوەی وڵات یان دەرەوەی هەڕەشە بکەنە سەر یەکپارچەیی وڵات و دەوڵەت و نەتەوە، ئەنجومەنی وەزیران

دەتوانێ دۆخی نائاسایی رابگەیەنێ لە چەند شوێنێکی ولاّت یان لە تەواوی ولاّت بە گشتی .

پێوەری دلّسۆزی هەرە گەورە و بەرز بە رای دانەری دەستووری نوێ بریتییە لە: پشتگیرییکردنی یەکێتی ولاّت و نەتەوەی تورك .

لە مادەی (١٤٣) دا هاتووە : پێشنیازی دامەزراندنی دادگەکان دەکەین بۆ پاراستنی ئاسایشی دەولّەت و تەماشاکردن و پێداچوونەوەی ئەو کێشانەی کە پەیوەندییان بەو چالاکییانەوە هەیە دژی یەکێتی نەتەوەی تورك و یەك پارچەیی خاکی ولاّت ئەنجام دەدرێن و دژی ئاسایشی ناوەوە و دەرەوەی ولاّتن. بەم شێوەیە لە شیکردنەوەماندا بۆ هەندێ لە مادەکانی دەستووری تورکیای سالّی (١٩٨٢) بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم دەستوورە مافی نەتەوەیی میللەتانی ناتورکی تورکیای پشتگوێ خستووە.

لە شیکردنەوەی مادەکانی دەستووری تورکیا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە سەرانی کۆنەپەرستی تورکیا توانای خۆیان بەگەڕ خستبوو بۆ زیاتر پیادەکردنی سیاسەتی تواندنەوەی کەمینە نەتەوەکانی ترو پشتبەستن بە دەستوور ئەوان رەشبگیری و راونانی میللەتانی ناتورکیان زیاتر کرد، بە تایبەت دژی کوردەکان کە جولاّنەوەکەیان لە کۆتایی سالاّنی حەفتاکان و سەرەتای سالاّنی هەشتاکاندا گەشەی کردبوو روو لە زیادبوون بوو. دەستووری نوێی تورکیا بە بەراورد لەگەلّ یاسا بنەڕەتەکانی سەردەمی کۆماریدا وەك هەنگاوێك بۆ دواوە وابوو. لە کۆتایشدا ئەم جۆرە دەستوورە دەبێتە مایەی فراوانبوون و بەهێزبوونی ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان نەتەوە جیاجیاکان و چینە جیاجیاکان لە ولاّتدا. دیاردەی زەقی ناسیۆنالیستی دەستووری سالّی (١٩٨٢). بە ئاشکرا لە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتە بۆرژواکانی تورکیادا رەنگی دایەوە، بە تایبەت لە دوای وەرگرتنی مۆلّەت بۆ پێکهێنانی پارت و رێکخراوی سیاسی لە سالّی (١٩٨٣) دا هەموو ئەو پارتانە ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی بۆرژوازییان بەخۆوە گرتبوو، هەرچەندە بەرنامەکانیان جۆرێك تەفسیری جیاوازی تێدا بوو .

پارتی ناسیۆنالیست، لە هەمووان زیاتر رادیکال و رەگەز پەرستتر بوو، کە پاڵپشتی کودەتای ساڵی (١٩٨٠) بوو. ئەم حیزبە لە بڕگەی دووەمی پڕۆگرامەکەیدا دەڵێ: پارتی دیموکراتی ناسیۆنالیست باوەڕی بە رۆح و فەلسەفەی (جولآنەوەی ١٢ ئەیلول هەیە، کە دەوڵەتی تورکیای لە پارچە پارچە بوون و لەتبوون رزگارکرد و نەتەوەی تورکیشی لە لێکترازان رزگارکرد، پارتی دیموکرات بەو ئاراستەیە درێژە بە سیاسەتی خۆی دەدات).بڕگەی چوارەمی پڕۆگرامی ئەم پارتە بۆ تەفسیرکردن و لێکدانەوەی پرینسیپەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی تەرخانکراوە و دەڵێ: دابەشی ناکات بەڵکو یەکگرتن دروست دەکات، ئەمە ناسیۆنالیزمی کولتوورییە هەموو هاوولآتیان بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هەر هاوولآتییەکی کۆماری تورکیا کە خۆی بە ئەندامی نەتەوەی تورك بزانێ، رێز لە دەوڵەت بگرێ، بەشدارە لە چارەنووس و خۆشی و هۆشیاری نەتەوایەتییدا کە بێگومان ئەو هاوولآتییە بە ناسیۆنالیستی تورك حسێب دەکرێت.ناسیۆنالیزمی تورکی جەخت لەسەر بەهاکانی نەتەوەیی، مێژوویی، ئەخلاقی دەکاتەوە، ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی نەتەوەیی تورکە تا ئاستی شارستانییەتی رۆژئاوا، دژی کۆمۆنیزم و دژی گشت ئەو رژێم و فەلسەفە و ئاینانەیە کە لە دەستووری ولآتدا قەدەغە کراون و دەبنە مایەی شێواندنی ئارەزووی نەتەوەیی (٦٩، ٢١، لا، ١٩٨٣) بە کورتی و بە واتایەکی تر پارتی دیموکراتی نەتەوەیی خەبات دەکات لە پێناوی رێکخستن و بە یەکەوە گرێدانی هەموو هاوولآتییانی ولآت بۆ بەرژەوەندی سەرانی شۆڤێنیستی تورکیا، بۆ پتەوکردنی رژێمی حوکم بە دەست، دژی دیموکراسییکردنی ژیانی سیاسی- کۆمەڵایەتی و دژی خەباتی کوردەکانە لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییاندا.

لە مادەی دووەمی پرۆگرامی ئەم پارتەدا هاتووە: پارتی خەڵك باوەڕی بە ناسیۆنالیزم هەیە. خەبات دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەوەی هەموو ئەندامانی نەتەوە لە بوارەکانی کولتوور، زمان، چارەنووس و ئیدیاڵ (میالی) بە نەتەوەیی بکرێن، بە رای ئەم پارتە ئەتاتورکیزم ئامانجی بە مۆدێرنکردنی کۆمەڵی تورکیا بوو. ئەم رێزی بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکانی تر دژی هەر جۆرە چەوساندنەوە و زێدەڕۆییەك دەستنیشانی تورکیزم (تورکچیەتی) بۆ هاوولآتیان دەکات نەك لەسەر بنەمای رەگەز و عەشیرەت،

بەڵکو بۆ ئەوەی دڵیان بکەوێتە سەر ئایدیاو کولتـوور و ئامانجـەکانی نەتـەوەی تـورك، داکۆکیکردن لەو یەکێتییەی کە ناکۆکی دروستی ناکات لە نێـوان وڵات و نەتـەوەدا لـە دەوڵەتی تورکیا (هەمان سەرچاوە) .

بەم شێوەیە هەرچەندە پارتی خەڵك کەمێك جیاوازتر لەوانی تر تەفسیری ناسیۆنالیزم دەکات، بەڵام لە پارچە پارچەکردنی نەتـەوە و هەڵوەشـاندنەوەی وڵات و دەوڵـەت هـیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئامانجەکانی پارتی دیموکراتی ناسیۆنالیستدا نییە.

پرینـسیپی ناسـیۆنالیزم لـە پرۆگرامـی پـارتی نیشتمانیدا (ئەنەڤەتـەن پـارتی) جێگیرکرا. لە مادەی یەکەمی پرۆگرامی ئەم پارتەدا هاتووە: ئەم پارتە دان بەوەدا دەنێ کە خـۆی بـە ناسـیۆنالیزم و بـەهاکانی ئـەخلاقی و نەتـەوەیی دەبەسـتێتەوە (هـەمان سەرچاوە) .

تەواوی پارتە بۆرژوازەکانی تورکیا دروشمـی ناسـیۆنالیزم و خۆبەسـتنەوە بـە بـیری نەتەوەیی تورکییان بەرزکردبۆوە. ئەم حیزبانە کە ئـەم پرینـسیپەیان لـە پرۆگرامـەکانی خۆیاندا جێگیرکردبوو، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کـە ئـەوان پابەنـدن بـە ڕێبـازی (ئەتاتورك و کەمالیزم)، کە ڕژێمی حوکم بە دەستە و دژی چارەسـەرکردنی کێـشەکانی نەتەوەیی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە لەسەر بنەما دیموکراسییەکان.

بەرنامەی حکومەتیش کە لە لایەن سـەرۆك وەزیـران تورگـوت ئـوزال لـە (١٩)ی دیسەمبەر(کانوونی یەکەم) ی (١٩٨٣) دا خوێندرایەوە و پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵای نەتەوەی تورکیا کرا لەگەڵ ڕۆحی دەسـتووری نـوێ و پرۆگرامـی پارتـە سیاسـییەکاندا هاوجووت بوو.

بە گوێرەی پرۆگرام و پرینـسیپ و ئایـدۆلۆجیای حکومـەت پـارتی نیـشتمانی بـە پارتێکی ناسیۆنالیزم حسێب دەکرا، بـە هـیچ جۆرێـك بـاوەڕی بـە مـافی نەتەوایـەتی میللەتانی ناتورکی وڵات نەبوو.

تورگۆت ئۆزال کە پرۆگرامی حکومەتەکەی دەخوێنـدەوە وتـی: (حکومـەتی ئێمـە بریتییە لە حکومەتێکی ناسیۆنالیستی.... بۆچوون و تێگەیشتنی ئێمە بۆ ناسـیۆنالیزم

بۆ داكۆكیكردن لە وتەكانی دەستوورە دەربارەی سەربەخۆیی و یەكپارچەیی نەتەوەی تورك و یەكێتی ولآت.

دەستووری ناسیۆنالیزمی توركی ئێمە، لەگەڵ بۆچوونەكانی ئەتاتورك سەبارەت بە ناسیۆنالیزم هاوجووتە كە دەبنە بنەمای فكری كار و چالاكییەكانی ئێمە).

لە هەمان كاتدا حكومەت بەڵێنیدا بەردەوام خەبات دژی ئەنارشیزم، تیرۆریزم، سیپاراتیزم (جوداخوازی) و جوڵانەوەی توندڕەوی بكات بە قسەیەكی تر مەبەستی بوو درێژە بە سیاسەتی پێشووی خۆی بدات لە سەركوتكردنی جوڵانەوەی چینایەتی كرێكاران و جوڵانەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی كوردەكان.

لە درێژەپێدانی سیاسەتی شۆڤێنیستانەیاندا بەرامبەر بە گەلی كورد، لە ئایاری (١٩٨٣) دا ئەنجومەنی راوێژكاری یاسایەكییان پەسەندكرد دەربارەی راگواستن (میللی ئیسكان یاساسی). بە گوێرەی ئەم یاسایە و بە بیانووی پاراستنی (ئاسایشی نەتەوەیی) دەسەڵاتدارانی تورك بۆیان هەبوو بە زۆر خەڵك لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر بگوازنەوە (٥٥، ١٩٨٣، ژ، ٥٤، لا، ٤) بە كورتییەكەی لە كاتێكدا ئەگەر جوڵانەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی كوردی گەیشتە ئاستێكی بەرز ئەوا حكومەتی توركیا دەتوانێ (یاخی بووە) كوردەكان رابگوازرێ بەرەو شارەكانی رۆژئاوایی توركیا، وەك چۆن چەندین جار ئەم دیاردەیە لە ساڵانی بیستەكان و سییەكاندا دووبارە دەبوونەوە و روویان دەدا. بە پێی سەرچاوە كوردییەكان كە لە دەرەوەی ولآت بڵاویان دەكردەوە، بە تایبەت رۆژنامەكانیان، لەسەر بنەمای ئەم یاسایە چەندین خێزانی كورد بەرەو شارەكانی رۆژئاوای ولآتدوورخرانەوە (١٩٨٣/٦٣ژ،٥، لا،٧) ناكرێ بوترێ كە حكومەتی توركیا لەو قۆناغەدا تەنها لە رێگەی عەسكەری و سیاسییەوە ویستویەتی چارەسەری كێشەی كورد بكات، بەڵكو بڕیاری ئەوەیان دابوو كە كارێكی وا بكەن گەشە بە ناوچە كوردییەكان بدەن و بەرای ئەوان ئەو گرژییەی كە لە كوردستانی توركیادا هەیە كەم دەبێتەوە . ئەوەبوو سەرۆكی حكومەت تورگوت ئوزال وتی: (ئەو پرۆژەیەی كە بە رای ئێمە یەكجار گرنگە و سوودی كۆمەڵایەتی و ئابوری دەبێ، پرۆژەی گەشەپێدانی باشوری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵە، ئێمە لە جێبەجێكردنی ئەو پرۆژەیە بە ئەركی نیشتمانی خۆمانی

دەزانین کە هەموو ڕێگەو شوێنێك بگرینە بەر بۆ ئەوەی لە کورتترین ماوەدا جێبەجێ بکرێت. یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی حکومەت بریتییە لە گرنگی پێدان و گەشەپێدانی ئابووری شارەکانی تورکیا، بە تایبەتی ناوچە دواکەوتووەکان. بە پلەی یەکەمیش شارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و ناوچەکانی باشوری ڕۆژهەڵات دێن بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە کەم بکرێتەوە کە هەندێ ناوچە دەوڵەمەند و پێشکەوتووە و هەندێکی تریشی هەژار و دواکەوتووە لە وڵاتدا . بە گوێرەی ئەو بەرنامەیەی کە لە تەمووزی (١٩٨٤) دا هێزی یاسای وەرگرتبوو لە (٢٧) شار و پارێزگەدا (هەرێمی ئازاد) ڕاگەیەنرا، لەناو ئەو هەرێمانەدا. ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی گرتووەتە. بەپێی ئەم بڕیارە مۆنوپۆلی فرە نەتەوەیی و توانایی ناوچەیی خۆماڵی کە وەبەرهێنانیان کردووە لە شارەکانی ئاگری، قارس، تونجەلی ، بنیگۆل ، موش ، بتلیس ، سیرت ، هەکاری ، گوموشانێ و وان باج و گومرگی پێویست نادەن و ئەو مۆنۆپۆلانەی کە سەرمایە گوزارەکان کردبوویان لە پارێزگەکانی سیواس، مالاتیە، ئیلیازیگ، دیاربەکر، ئادیامان، قارەمان مەرەش، ئورفە، چان کیری، چۆروم، قاستەمۆن، سینۆپ، یۆزگاد، ئارتڤین، ئەرزەروم، ئەرزنجان و ماردین تەنها لە(٤٠٪) گومرگ و باجەکە دەدەن. بۆ ئەم مەبەستە دەبوایە سەرمایەیەك بەکاربێت بۆ بەرهەمهێنان لە بوارەکانی ئابووریدا وەك کشتوکاڵ و ئەو بوارانەی کە پەیوەندییان بەوەوە هەیە ، پیشەسازی و دەرهێنانی سامانی ژێر زەوی و بەرهەمهێنانی جەنگی. کاتێك کە حکومەتی تورکیا ڕایگەیاند شارە کوردییەکان بە هەرێمی ئابووری ئازاد حیساب دەکرێن، هەوڵی دەدا سەرنجی کەپیتاڵ و سەرمایەی بێگانە بۆ ئەو ناوچانە ڕاکێشن بە مەبەستی چەوساندنەوەی خەڵك و سامانی کوردستانی تورکیا، چونکە لەبەر ناجێگیری دۆخی سیاسی لەو هەرێمەدا بۆرژوای تورك نەیدەویست سەرمایەی خۆی تێدا بەکاربێنێت . هەرچەندە ڕیکلام و پروپاگەندەیەکی زۆر بۆ ئەو پرۆژانە دەکران، حکومەتی تورکیا نەیتوانی بچوکترین هەنگاوی ئاشتیانە بنێ لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا بۆ کەم کردنەوەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردی، هەر بۆیە لە هێرش و پەلاماری سەربازی خۆیان بەردەوام بوون بە تایبەت لە پەلاماری تەمبێکردندا بۆ سەر ناوچە کوردییەکان .

هێرش و پەلامارە سەربازییەکانی ئەنقەرە مەترسی بۆسەر بەرژەوەندییەکانی میللەتان و وڵاتانی ناوچەکە دروست کردبوو. ئەو ناوچانەی کە جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی تێدا هەڵگیرسابوو، بە تایبەت هەوڵ و جوڵانەوەی نەتەوەی کوردی لە تورکیا و عێراق و ئێران کە ئۆپەراسیۆنە پارتیزانییەکان تا دەهات فراوانتر دەبوو. بەهێزبوونی جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستاندا بووە هۆی ئەوەیك کە حکومەتەکانی تورکیا و عێراق لە ساڵی (١٩٨٢) دا رێککەوتننامەیەك مۆر بکەن، لەم رووەشەوە گرەو لەسەر هێزی سەربازی تورکیا کرابوو بۆ دژایەتییکردنی هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کورد. ئامانجی دڕندانەی رێککەوتننامەی(عێراق - تورکیا)و جێبەجێکردنی مادەکانی ئەم رێککەوتننامەیە بریتی بوون لە هەڕەشەکردنێکی جدی بۆ سەر ئاشتی لە هەموو ناوچەکەدا واتە لە رۆژهەلاتی نزیکدا. لەم بارەیەوە ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا(عەلی ئیلەری) و ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عێراق(کازم حبیب) بەهەڵەدا نەچووبوون کە وتبوویان ئەم رێککەوتننامەیە نەك هەر دژی بەرژەوەندییەکان و مافە یاسایەکانی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ئاراستەکرابوو، بەڵکو سەرەتایەکی نیاز خراپی ئیمپریالیزمە، پێش هەمووشیان ئیمبریالیزی ئەمەریکییە بۆ هەموو ناوچەکە . هەر لەو روانگەیەوە هەردوو پارتی کۆمۆنیستی برا، تورکیا و عێراق بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بلاوکردەوە و لەوێدا جەختیان لەسەر ئەوە کردبۆوە کە لە رێی تورکیاوە وەك ئەندامێکی بلۆکی لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکاندا کە ئەندامی ئەم بلۆکەن و دەیانەوێ کاریگەرییان لە ناوچەکەدا زیاترو بەهێزتر بێت. رۆڵی جەندرمە و ناوچە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا رێك لەگەڵ بەرژەوەندیەکان و ئاواتەکانی حکومەتی تورکیا دەگونجێت. کە ئەمانە هەر خۆیان رێگەی شۆڤێنستی و فراوانخوازی دەگرنەبەر و بە ئاواتی دەخوازن .

بێگومان رێککەوتننامەی دوور لە رەوشت و چالاکی دڕندانە هەڕەشەن بۆ سەروەری هەردوو دەوڵەت و ئەمانە زەمینە خۆش دەکەن تا هێزی بیانی دەست بخاتە ناو کاروباری ناوخۆی هەردوو دەوڵەتەکە و ئەوجا دەبنە مەترسی گەورە بۆ سەر ئاشتی ناوچەکە و هەموو جیهان (١٩٨٥،٤٧،ژ،٤،لا،٩٦) هەردوو پارتی کۆمۆنیستی عێراق و تورکیا

داوایان کرد بە پەلە هێرش و پەلامارە سەربازییەکانیان لەسەر سنوورەکان راگیرێ، ئەوان بانگەوازیان بۆ هێزە پێشکەوتووخوازەکانی جیهان و کۆمەڵی نێودەوڵەتی بڵاوکردەوە، داوایان لە هەموو ئەو لایەنانە کرد کە ئاشتییان بە لاوە گرنگ و پەسەندە تا پشتیوانی لە خەباتی عادیلانەی کۆمەنیستەکان بکەن و پشتگیری خەباتی هێزە پێشکەوتوخواز و دیموکراتییەکانی هەردوو دەوڵەت بکەن دژ بە گەشەسەندنی دیکتاتۆری و لە پێناو هێنانەدی ئەلتێرناتیڤێکی دیموکراتیدا .

لە راگەیاندنەکان و هەواڵەکانی کاربەدەستانی تورکیادا بە تایبەت لە چاپەمەنییەکاندا سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنەکان، سیاسەتی تورکیا لە ناوچە کوردییەکاندا وا لێراهاتبوون کە ناو و ناتۆرەی سەیر بەسەر جوڵانەوەی کوردییدا بسەپێنن و دەیانگوت (تیرۆریست) مەترسییە لە لەتلەتبوونی خاکی تورکیا. هەروەها دەیانگوت " کۆمەنیستەکان " و " مارکسییەکان " ی رێکخراوە تیرۆریستەکان پشتیوانی لە کوردەکان دەکەن. دەزگەی هەواڵی ئەنادۆل بەردەوام سەردێری وای بڵاو دەکردەوە کە لە راستیدا سیاسەتە بێ بەزەییانەکەی حکومەت نیشان دەدەن و هەموو ئەوانەش نیشانەی هەڵچوون و گەرمبوونی دۆخی ویلایەتەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا بوون . لەگەڵ ئۆپیراسیۆنە سەربازییەکاندا حکومەتی تورکیا کاری سیاسی و ئیداریشی دەستی دابوویە کە بە رای ئەوان ئەمە یاریدەدەرە بۆ سەرکوتکردنی رزگاریخوازی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردەکان . هەر لەم دیدەوە لە (٤) ی نیسانی (١٩٨٥) دا دوو بڕیاری تریش بۆ سەر یاساکان لە بارەی گوندەکانەوە زیادکران، بە گوێرەی ئەمە وەك پێی دەڵێن پاسەوانی دێهات، دەبوایە ئەم پاسەوانانە بە فەرمی داکۆکییان لە دانیشتوانی دیهاتەکان بکردایە و ژیان و سەروەت و سامانییان بپاراستنایە (١٧،٧٣-٢٣، ١١١ ، ١٩٨٦) لەم رووەشەوە حکومەت چەك و پاداشتی ئەدانێ، بەڵام هەر زوو ئەم دیاردەیە (پاسەوان) گۆڕانی بەسەردا هات و لە جیاتی گەڕان بە دوای تیرۆریستاندا کەوتنە گیانی خەڵکی مەدەنی، جگە لە ئازاردان، دەستدرێژیشیان دەکردنە سەریان. لە شوباتی(١٩٨٦) دا حکومەتی تورکیا بڕیاری راگواستنی دانیشتوانی (١١) دێهاتی سەر سنوورەکانی عێراق و ئێرانیدا بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئەنەدۆڵ، ئەم راگواستنە بە مەبەستی دژایەتییکردنی

تیرۆریستان کرا کە لە دەرەوە روویان کردبووە ناوچەکە، لە هەمان کاتدا سوپا و لەشکری تورکیا بە ناوچەکەدا بڵاوبوونەوە گوایا بۆ پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت. لەمەش بترازێ حکومەتی تورکیا لە دژی کۆمەڵێك کردەوەی دیکەشی دەست پێکردبوو، بۆ نموونە لە دوای کودەتایی ساڵی (١٩٨٠) لە ناوچەکانی باشوری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا زیاتر(٨٠٪) ی ناوی گوندەکان گۆڕدرا (١٩٨٦،٧،٢٥،٦٢)، بە تایبەتی ناوی کوردی دەگۆردرا بۆ ناوی تورکی، لەوانە لە کۆی ٥٥٨ گوندی ناوچەکانی ئاگری ناوی (٣٧٦)گوندی کوردی گۆردرا. لە وان لە (٤٢٦، ٢٨٩) گۆردرا. (٢٨٩) لە کۆی (٣٦٣) لە ویلایەتی موش، لە کۆی (٢٢٩ ،٢٧٣)گوندی ناوچەکانی بیتلیس، هەموو ئەو کارانە بەناو و بیانووی ئەوەکران گوایا ئاسایشی وڵات دەپارێزن .

لە سەرەتای نیسانی (١٩٨٦) دا چاپەمەنییەکانی تورکیا بڵاویان کردەوە کە حکومەت دەستی بە جێبەجێکردنی پلانێك کردووە ئەویش یەکخستنی گوندەکان بوو لە دەوری یەکتری و سەرەتاش وا بڕیاردرا لە ویلایەتەکانی تونجەلی و سیرتەوە دەست پێ بکەن. بە رای حکومەت ئەم جۆرە یەکخستنی گوندانە دەبێتە هۆی باشتربوونی ژیانی ئابووری - کۆمەڵایەتی خەڵکەکەو دەبێتە هۆی ئەوەی سەرکەوتووانە دژی تیرۆریزم خەبات بکرێت (١٧،٣،٦٢، ١٩٨٦) .

لە پێناوی بنبڕکردنی تێرۆرتیزمدا بە قسەی سەرۆکی بەڕێوەری گشتی دەزگەی ئاسایشی تورکی سەفێت ئاریکان بێدنی "حکومەتی تورکیا ٢,٥ ملیار لیرەی تورکی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی هێزی تایبەتی تورکیا لە یەدەگەکانی سوپا پێك بێنن وەك هێزێکی تایبەتی، دەبوایە لە دوای کۆتاییهاتنی حاڵەتی دۆخی نائاسایی لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا دابمەزرێن (١٧،١٨،٦٢، ١٩٨٦). بارودۆخی ناوچە کوردییەکان ئەوەندە گرژ و ئاڵۆز ببوو هەر جۆرە باسکردنێك لە کێشەی کورد قەدەغەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وردە وردە لەسەر رووپەری رۆژنامە تورکییەکانیش باس لەو کێشەیە دەکراو لێدوانی دەربارە دەکرا . لە تەمموزی (١٩٨٧) دا نووسەری رۆژنامەی(جمهوریەت) ئوگرو موجور نووسیبوی :

ڕووداوەکانی باشوری -ڕۆژهەڵات تەواو جێگەی نیگەرانیە، ئەم ڕووداوانەی ئـەمڕۆ بە جەنگێکی ڕاستەقینە حسێب دەکرێـت . (١٤،لا، ٣٣٩) .لـە ڕاسـتیدا حکومـەتی تورکیا هەوڵدانەکانی لە دژی تیرۆرزم بۆ ئەوە بوو کـە هێـزە کۆنەپەرسـتە ڕاسـترەوەکان یەکبگرن بە مەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ بۆچوونە دڕندانەکانیان دژی دەوڵەتانی دراوسێ و میللەتەکانی، دژی جوڵانەوەی نەتـەوەیی ڕزگـاریخوازی کوردەکـان، هـات و هـاواری تیرۆریزم بۆ ڕاچلەکاندن بوو، بۆ ئەوە بوو حکومـەت خەڵکی تورکیای پـێ بلـەرزێت .بـۆ ئەوە بوو تا خەڵکی لە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هێور بکاتەوە، بۆ لاوازکردنی گرژی و ئاڵۆزی سیاسی بوو لە وڵاتدا کە تا ئەو کاتە نزیکەی ٩ ساڵ بوو ئابڵوقە و دۆخی نائاسایی لە ویلایەتەکانی دیاربکر، سیرت، ماردین، هەکاری، درێژەی هەبوو .

(١٩) ی تەموزی سـاڵی (١٩٨٧) دۆخـی نائاسـایی و ئابڵوقـە هەڵوەشـێنرایەوە . حکومەت بڕیارێکی دەرکرد کە هێزی یاسایی هەبوو، بـە گـوێرەی ئـەم بڕیـارە دۆخـی نائاسایی پارێزگەکان دروست کرا کە بریتی بوو لـە (٨) ویلایـەت، دیاربـەکر، سـیرت، ماردین، هەکاری، تونجەلی، وان، ئیلیازیگ، کە تا ئەوکاتە لە دۆخی نائاساییدا دەژیان. پارێزگەکان لەتەك ئەو دەسەڵاتەی کە هەیانبوو دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی دۆخی نائاسـاییان وەرگرت کە بە پێی یاسـا و بـە گـوێرەی مـادەی (١٢١) ی دەسـتوور دەکـرا لـەکاتی پێویستدا جێبەجێ بکەن.

ئەوی ڕاستی بێت ئەم بارودۆخە هەر لە یاساکانەوە هەبوو، هـەر بۆیـە پارێزگـەکان هەر بەوەندە نەوەستان، بەڵکو دەسەڵاتی زیاتریان بەدەست هێنا، بەتایبـەت کـە دۆخـی نائاسایی ناوچەی پارێزگەکان ئەم دەسەڵاتەیان بۆ زیادکرا :

١- ئامرازەکانی هاتووچۆی کارگەکان، باڵەخانەکان، کەسانی پـسپۆر و ڕێکخـراوی کۆمەڵایەتی گشتیان خرانە ژێر فەرمان و دەسەڵاتی پارێزگەوە .

٢- سەرکردایەتییکردنی ئۆرگان و بنکەکانی ئاسایشی ناوچەکە .

٣- بۆیان هەبوو داوای یارمەتی لە سوپا لە سەربازگەکانیاندا بکەن لە ناوچەکەدا .

٤- لەسەر کار لابردن و گواستنەوەی هەموو کەسێك، تەنها سـەرباز و جەندرمـەو دادوەرەکان نەبێ .

٥-گۆڕینی شوێنی گوندەکان و بە یەکەوە گرێدانی چەند دێیەك .

٦- ناچارکردنی ئەو هێزە سەربازییانەی کە لە ناوچەکەی ئەودان، ئەنجامدانی ئۆپێراسیۆنی سەربازی لە ویلایەتەکانی تری دراوسێدا .

٧- زیادکردنی مووچەی ئەو کارمەندانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا کاردەکەن بە رێژەی (١٠-٢٠٪)موچەی بەرزترین کارمەندی دەوڵەت .

٨- سەرپەرشتییکردنی کێشەی هەر کارمەندێك کە لە ژێر دەسەڵات و فەرمانی ئەودایە. (٥٥،ژمارە، ١٠٠،لا، ١٠) .

بەم شێوەیە پارێزگەکانی ناوچەکانی (رحالە گواری) باری نائاسایی و دەسەڵاتێکی ئێجگار زۆریان لە دەست چڕیووە، بە تایبەت لەو ویلایەتانەی کە ناومان هێنان، ئەو دەسەڵاتانەش بۆ سەرکوتکردنی جوڵانەوەی زەحمەتکێشان و جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردەکان بوو.

حکومەتی تورکیا لە قبوولکردنی ئەو بڕیارەدا کە هێزێکی یاسایی هەبوو، هەوڵی دەدا سیاسەتی شۆڤێنستانەی خۆی دژی کوردەکانی وڵات پیڕەو بکات . شایەنی باسە جێبەجێکردنی ئەم جۆرە دامەزراوە کۆلۆنیالیستانە لە لایەن حکومەتی تورکیاوە یەکەمجار نەبوو، چونکە لە ساڵی (١٩٢٧) یشدا ئەم جۆرە دەسەڵاتانە درابووە بەرێوبەری چاودێریکردنی گشتی کە لە ویلایەتە کوردنشینەکاندا جێبەجێ دەکران . ئەم ئۆرگانە ئیدارییە سەرکوتکەرانەیە تا نیوەی دووەمی ساڵانی سییەکان بوونی هەبوو. ئەم سیاسەتە دڕندانەیەی حکوموتی تورکیا لە لایەن وڵاتانی دەرەوە ریسوا کرا، بە تایبەت کاتێك سەرۆکی لیبیا م. قەزافی بە رادیۆ وتی:

(نابێ پشتگیری لەو کردەوانەی تورکیا بکرێت، هەموو میللەتانی جیهان لە دژی ئەو ئۆپراسیۆنەن، کوردەکان نەتەوەیەکن پێویستە رێزیان لێ بگرێت، پێویستە رێز لە مافی سەربەخۆیی و یەکێتییان بگیرێ) " ٦٨، ١٩٨٦، ژ،١٧،لا،٤ " .

لە شوباتی (١٩٨٦)دا لە کۆبونەوەیەکی گشتی (٤٢) ساڵەی دامەزراندنی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گوتارێکییان خوێندەوە کە لەوێدا پشتگیری لە مافی مرۆڤ و مافی رزگاریخوازی میللەتان دەکرد، لەو وتارەکەدا

هاتبوو : دەوڵەتی تورکیا هەر لە سەرەتاوە سیاسەتێکی رەگەزپەرستانە پێڕەو دەکات ..... دان بە بوونی نەتەوەی کورددا نانێ. مافی داکۆکیکردن لە کولتوور و نەریت و قسەکردن بە زمانی کوردی لە گوتارێکی دیکەی سەنتەری ئەوروپادا سەبارەت بە جیهانی سێیەم هاتبوو:

چل ساڵ بەسەر راگەیاندنی بەیاننامەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا تێپەڕیوە کەچی تا ئێستە دەوڵەتی تورکیا بوونی (١٢) ملیۆن کورد بە درۆ دەخاتەوە کە لە تورکیا دەژین ... لە ژیانی رۆژانەدا کوردەکانی تورکیا نووسین و ئاخافتنیان بە زمانی دایك لێ قەدەغە کراوە، زەوتکردنی مافی کوردەکان بۆ دیاریکردنی داهاتووی خۆیان، لێدان و گورزێکە لە ئاشتی و ئاسایشی هەموو ناوچەکە دەکەوێت. (٦٨، ١٩٨٦، ژمارە،١٧،لا،٧) .

لە حوزەیرانی (١٩٨٧) دا لە سترازبورگ پەرلەمانی ئەوروپا لێدوانێکی لەسەر کێشەی کورد و ئەرمەنی کرد، لەوێدا دانیان بە بوونی کێشەی کورددا لە تورکیا نا کە پێویستی بە چارەسەرکردنێکی بە پەلە هەبوو. پەرلەمانی ئەورووپی بڕیاریدا: نکوڵیکردنی حکومەتی تورکیا و دان نەنان بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان کە تورکە لاوەکان لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمدا کردبوویان هەروەها ئامادەنەبوونی تورکیا لە قبووڵکردنی رێسا و بنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتی، لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ یۆنان و داگیرکردنی قوبرس، خۆ گێل کردن و دان نەنان بە بوونی کێشەی کورددا لە تورکیا ئاماژەن بۆ نەبوونی دیموکراتییەتی پەرلەمانی و رێزنەگرتن لە ئازادی تاکەکەس و گروپە کۆمەڵایەتییەکان لە تورکیادا، هەموو ئەمانە دەبنە کۆسپ لە بەردەم بوونی تورکیا لە بە ئەندامبوونی لە یەکێتی ئەوروپادا. (١٤،لا، ٣٤٤) .

دوای پەسەندکردنی ئەم بڕیارانە لە لایەن پەرلەمانی ئەورووپاوە، کۆنەپەرستانی تورك ئاگریان گرت، دەستیان کرد بە پڕوپاگەندەیەکی بێ بناغە دژی ئەوروپا و کورد و ئەرمەن. هەر هەمان کات وایان بڵاوکردەوە کە ئەمە بڕیارێکی خیانەتکارانەیە لە ئەوروپا دەرچووە و بڕیارەکە نازیانەیە سەرۆکی تورکیا کەنعان ئێڤرین هەڕەشەی ئەوەی دەکرد تورکیا لە ناتۆ دەکشێتەوە . لەوەش زیاتر لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی(

حوریەت)لە (٢٧) ی تەمووزی (١٩٨٧) دا، زیاتر رووناکی خستبووە سەر کێشەکە. بە ئاشکرا حکومەتی تورکیا پشتگیری لە رۆژنامە و چاپەمەنییەکان دەکرد و جەختیان لەسەر مەترسی بەرامبەر بە تیرۆریزم دەکردەوە. (٢١،٧١، ٧١ ، ١٩٨٧) .

لە شوباتی (١٩٨٧) دا حکومەتی تورکیا بە پشتبەستن بە مادەی یەکەمی یاسایی ژمارە (٣٣١٠) بە گوێرەی رێککەوتننامەی تورکیا - عێراق لە ساڵی ١٩٨٤دا بڕیاریدا ئۆپراسیۆنێك لە دەرەوە ئەنجام بدات (٥٠، ١٩٨٧ ، ژ، ٢٥ ، لا، ٥٦) .

لە سەرەتای ئازاری هەمان ساڵدا فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا چەندین بنکە و بارەگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی عێراقیان بۆمباران کرد. لە هەمان کاتدا حکومەتی تورکیا دەیویست فشار بخاتە سەر سوریا کە بە رایی تورکەکان چاوپۆشی و کار ئاسانیان بۆ کوردەکانی تورکیا کردووە لە کردنەوەی بنکە و بارەگاکانیان لەناو خاکی سوریا و هێرشبردنە سەر تورکیا .

لە دوای کودەتاکەی ساڵی (١٩٨٠) گرتن و راونانی کوردەکان زۆر زیاتری کرد و گورزی کوشندەیان لە کورد وەشاندە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی بە تەواوی جوڵانەوەی کوردی و پارت و رێکخراوە کوردییەکان لەکار بخەن .بۆ ئەوەی کار و کردارە ئیداری و سەربازییەکانی خۆی بە راست نیشان بدات حکومەتی تورکیا بە هاوکاری دەزگەکانی راگەیاندن هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی بەرفراوانیان دژی کورد دەستپێکرد گوایە کوردەکان دەیانەوێ تورکیا پارچە پارچە بکەن و رژێمێکی کۆمەنیستی دروست بکەن، بەڵام سەرانی تورك هەر بە پڕوپاگندە نەوەستان، بەڵکو لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتاکاندا ئۆپەراسیۆنی سەربازییان دژی کورد زیادکرد، بە تایبەت کە لەو هێرشانەدا یەکە سەربازییەکان و هێزەکانی ئاسایش و کۆماندۆس و پاسەوانانی دێهاتەکانیش بەشدارییان لە سەرکوتکردنی جوڵانەوەی کوردیدا دەکرد .ئامانجی ئەم ئۆپراسیۆنە سەربازییانە تەنها دژی کورد نەبوو، بەڵکو بۆ لەناوبردنی هێزە چەپڕەوەکانی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیش بوو دەزگەی هەواڵی ئەنادۆڵ بەردەوام وا راهاتبوو کە سەرجەم رووداوەکانی دەخستە خانەی تیرۆریزم و هەڕەشەکردن لەسەر ئاسایشی وڵات. بۆیە هەمیشە سیاسەتی میلیتاریزمانەی هێرشبەرانەی توندوتیژی لە دژی خەڵکی بێ

دیفاعی ناوچەکە پێڕەو دەکرد . پاسەوانانی دێهاتەکان وەك هێزێکی نیزامی بۆ پاڵپشتیکردنی هێزەکانی ژاندرم و عەسکەر و کۆماندۆس و پۆلیس دروستکرابوون، هەر گوندەو (٢- ٣) پاسەوانی دێهاتی لێبوو. بە رایی نویزویك ژمارەی گشتی پاسەوانانی دێهاتەکان تا ئازاری ساڵی (١٩٨٧) گەیشتبووە (٦) هەزار (٦٤، ٣٠، ١٩٨٧) .

ئەم پاسەوانانە (جاش-وەرگێڕ) تەمەنیان لە (٣٢ تا ٦٠) ساڵ دەبوو، مانگی (٥٤) هەزار لیرەیان وەردەگرت کە نزیکەی (٦٧٠) دۆلاردەبوو. ئەمەش بۆ ئەوان پارەیەکی زۆر بوو . بە پێی نیزامی پاسەوانانی دێهاتەکان بۆیان هەبوو چەك بەکاربێنن :

١-دژی ئەو کەسانەی هێرشیان بۆ دێنن یان هەڕەشە لە ژیانیان دەکەن .

٢-لە کاتی کارکردندا ئەگەر ئەو هیچ ئامرازێکی تری نەبێ بۆ رزگارکردنی ئەندامی بنەماڵەکەی .

٣-ئەگەر بیەوێ گومانلێکراوێك دەستگیر بکات و ئەویش خۆی بەدەستەوە نەدا .

٤-ئەگەر بکوژێك دەستگیر کرابێت و هەوڵی راکردن بدات .

٥-ئەگەر کەسێك لە ناوچەی قەدەغەکراودا پەیابێ .

٦-ئەگەر پاسەوان لە پڕ بکەوێتە ناو کۆمەڵێ باندەوە .

ئەگەر پاسەوانی دێهاتەکان بەدەر لەم حاڵەتانە چەك بەکاربێنێت ئەوا دووچاری سزادان دەبێتەوە. کاربەدەستانی سیاسی و رۆژنامەکان و دانیشتوانی ویلایەتەکانی رۆژهەلات و لەگەڵ هەندێ لە سەرۆك عەشیرەتەکان رەخنەیان لەو پرۆگرامە دروستکراوی پاسەوانانی دێهاتەکان گرت و لە بارەی کێشەی پاسەوانانەوە یەکێك لە رۆژنامەنووسان وتی : ئەمە کێشەیەکی ئێجگار سەختە کە پاسەوانانی دێهات زۆر لە جوتیاران دەکەن بەروبوومی گۆشت و پەلەوەر وەربگرن. لە حاڵەتێکدا حکومەت چەك بە لایەنێك دەدات گەر هاتوو لایەنەکەی تر جموجولەکەی راناگرێت، جوتیار بێدەسەلاتە و ئازار دەچێژێت. من پێموایە دەوڵەت دەیەوێ دووبەرەکی بخاتە ناو گوندەکان، دەوڵەت و سوپا لەبەر ئەو کارانەی کە دەیکەن متمانەو باوەڕیان لە دەستداوە، بە تایبەت لە پڕچەککردنی گوندەکان (٢٥،لا،٢٧) .

کۆمیتەیەکی کۆنگرێسی ئەمەریکا لە (١٩٨٧) دا دەربارەی چاودێرییکردنی پێکهاتن و رێککەوتنی لادێیەکان سەردانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی کردبوو بە جۆرێك باسی سیاسەتی حکومەتی تورکیایان کردبوو لە کوردستان کە بە لەناوبردنی نەتەوەیی کورد شوبهاندبوویان .

لە ساڵی دا (١٩٨٦) و لە مانگی حوزەیراندا کارمەندە گەورەکانی دەوڵەت کە لە ئینستیوتی ئاماردا کاریان دەکرد درانە دادگەی ئۆرگانەکانی ئاسایش و بە تۆمەتی (جوداخوازی) تاوانبارکران. چونکە لە بلانکێتێکی ساڵی (١٩٨٠) و (١٩٨٥) دا ئاماژەیان بە زمانی کوردی کردبوو کە دەیزانن، بلانکێتەکە پرسیاری وای تیابوو بۆ نمونە:

کام زمان دەزانی ؟ حاکمی دەوڵەتی بەوە تاوانباری کردبوو کە یەکێك لە دیالێکتەکانی زمانی تورکییان بە زمانێکی سەربەخۆ داناوە. سەرۆك پۆلیسی بتلیس موستەفا توستۆن داوای کردبوو کە (١٢) کەس تاوانبار بکرێن بەوەی ناوی کوردییان لە منداڵەکانیان ناوە. بە بڕیاری کارمەندێکی گەورەی وەزارەتی ناوخۆ ئەوانە نەك هەر مادەی (١٦/ ٤) یاسای ژمارە (١٥٨) یان پێشێل کردووە، بەڵکو لەگەڵ کولتووری نەتەوەییشدا ناکۆکە و بە ئیهانەکردنی رای گشتی دادەنرێت، جگە لەمەش ئەم ناوانە لە بەڵگەنامەی لە دایکبووندا تۆمار نەکران. لەمەش بترازێ حکومەتی تورکیا ناوی گوندێکی زۆری کوردستانی گۆڕی و چاپەمەنییەکان باسیان لەوە دەکرد کە لە پێنج گونددا ناوی چواریان گۆڕا واتە لە (٣٥٢٤) گونددا ناوی (٢٨٤٢) گوندیان گۆڕی کە لە ویلایەتەکانی: ئەدریانا، غازی ئەنتاب, ماردین, ئورفەن, سیرت, دیاربەکر بوون. (١٩٨٦/٢٥/٧١) لە مانگی سێپتەمبەری (١٩٨٨) دا کێشەی کوردبوو بە بابەتی باسکردن و لێدوان لە ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیادا، محەمەد علی ئیرێن کە ئەندامی پەرلەمان بوو لەسەر لیستی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات بەدەر لە بەرنامەی رۆژانەی پەرلەمان باسی کوردی کردو وتی : کێشەی کورد ئەمڕۆ وەك برینێکی ناو کۆمەڵی لێهاتووە رای گشتی نیگەران کردووە و پێویستە چاوخشانێکی هەمە لایەنە بەو کێشەیەدا بکرێت و رێگەیەکی هەمیشەیی بۆ ئەو کێشەیەی رۆژهەڵات بدۆزێتەوە،

کوردەکان قسەکردنیان بە زمانی خۆیان لێ قەدەغە کراوە سیاسەتی تواندنەوە لە دژیان بەردەوامە ناوی دیهاتەکانی دەگۆڕێن, هاووڵاتیان لە رۆژهەڵاتدا ناتوانن بە ئازادی ناو لە منداڵەکانیان بنێن بۆیە پێویستە لەسەر تورکیا دیموکراسییەکی راستەقینە لە هەموو وڵاتدا پێڕەو بکات (٧١/٢١/١/١٩٨٨) ئەم ووتارە بووە هۆی دەربڕینی نارەزایی لە لایەن نوێنەرەکانی پارتی نیشتمانییەوە، وەزیری ناوخۆ (مستەفا کەلاملی) وتی : جارێکی تر دەمەوێ مادەی سێیەمی دەستوورتان بۆ بخوێنمەوە، تورکیا وەك دەوڵەت وڵاتێکی یەکگرتووە و یەکپارچەیە و قابیلی پارچە بوون نیە،لە سەردەمی هێرش و پەلامارە سەربازییەکاندا کە دەسەڵاتدارانی تورك ئەنجامیان دەدا زۆر لە گوندنیشنە کوردییەکان ناچارکران وڵاتەکەی خۆیان چۆڵ بکەن و روو لە شارەکان یان ناوچەکانی رۆژئاوای تورکیا بکەن. ئەم پرۆسەیە ساڵانێکی زۆر درێژەی هەبوو. لە مانگی ئابی (١٩٩٠) دا لە ویلایەتی سیرت دانیشتوانی (١٧-١٨) گوندیان بە تەواوی یان زۆربەیان راگوێزران، بۆ ئەوەی خەڵکەکە نەگەرێنەوە سەرتاپای گوندەکان وێرانکران. لە ساڵی (١٩٩٠) دا لە شارۆچکەی بەرواری لە ویلایەتی سیرت دانیشتوانی (٣٨) گوندو (٥٤) شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵك راگوێزران، هەر لە هەمان ساڵدا دانیشتوانی(٧٠) گوند راگوێزران، لە شارۆچکەی لیجەی ویلایەتی دیاربەکر گوندی حەدیك بە بێ دانیشتوان مایەوە.

(بابرلی سەید دۆغان) کە ریش سپی گوندەکە بوو وتی: زۆر لە جوتیاران لە ژێر هەڕەشەی هێزەکانی ئاسایش ناچار بوون گوندەکە جێبهێڵن و کۆچ بکەن، بە قسەی ئەو پیرەمێردە کە دەیگوت (هێزەکانی ئاسایش بە هەڕەشەکردنەوە دەهاتنە لامان و لێیان دەپرسین کە پێیان بڵێن لایەن گرانی(PKK) پارتی کرێکارانی کوردستان لە کوێن هەروەها دەیانگوت خۆ ئەگەر پێمان نەڵێن ئەوا خراپتان بەسەر دێنین، هەندێ لەوانەی تۆقێندرابوون کە ئازاد دەکران بە هەموو هێزیان رایان دەکرد (٣١, لا ١٥٧,) لە سەرەتای (١٩٩٠) دا ئەو گوندانەی راگوێزران بەم شێوەیە بوو : -(١٧٥)گوند لە ویلایەتی سیرت, (٢٤) لە وان, (٤٨) لە هەماری (٣٩) لە تونجەلی, (١٠) لە ماردین، ئەگەر دانیشتوانی ئەو دێهاتانە بەرگرییان بکردبا ئەوا دووچاری بۆمباران وسوتاندنی

گوندەکانیان دەهاتن. سەبارەت بە بارودۆخی باشووری رۆژهەلاتی ولات و چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و خەبات و چالاکی پارتیزانەکان سەرۆکی فەرماندەی گشتی سیاسی تورکیا (نەجیب تورنتای) لە ناوچەکەدا لە ئابی (۱۹۸۹) دابە نووسین راگەیاند کە لەشکری تورکیا سیاسەتی بەڕێوەبردنی ویلایەتەکانی لە باشووری رۆژهەلاتی ولاتدا گرتۆتە دەست خۆیی و لە ژێر کۆنترۆلی ئەودان (۱۹۸۹/۱۱۱/۱۸/۷۲).

بە کورتی (نەجیب تورنتای)وتی :

۱- هێزە چەکدارەکانی تورکیا تەماشای تیرۆریستەکان وەك دوژمنی خۆیان دەکەن، ناوچەکە بۆتە شانۆیەکی جەنگی پارتیزانی و بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی پێویست بە بۆچوونی عەسکەرییانەی شارەزا هەیە.

۲- ئەوەی هاوکاری تیرۆرستان بکات بە دوژمنی تورکیا دادەنرێت.

۳- بە دیل گرتنی خەلکی بیانی کە لەگەل کوردەکانن مانای ئەوەیە جەنگی پارتیزانی گەشەی کردووە سنوورەکانی فراوان بووە.

٤- هێزە چەکدارەکانی تورکیا بۆیان ئاشکرا بووە کە جوداخوازەکان یارمەتی لە ناوەوە و دەرەوەی ولات وەردەگرن.

٥- ئەگەر هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش تەواوی توانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆ کۆنترۆلکردنی بارودۆخەکە هێشتە ئەو کێشانە هەر دەمێنن، ئەمەش بەهێزی عەسکەری نزامی هەیە کە لە دژی تیرۆر ئامادە بکرێت و ئەوی لە هەرێمەکەدا بمێنێتەوە.

٦- سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی تورکیا ئەوە باش دەزانێ کە چالاکی تیرۆرستەکان لە ناوچەکەدا بە زۆری پەیوەندی بە شێوازی پڕوپاگەندەی چەکدارانەو جەنگی دەروونییەوە هەیە.

۷- وەك ئاشکرایە هاوکاری لە کارکردندا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تیرۆر لەگەل ئەوەشدا ئەو باوەڕە لای هێزە چەکدارەکان هەیە کە پێویست بەوە دەکات لە ماوەیەکی کورتدا لێدان بە دوای لێدان دەست پێ بکرێت .

۸- سوپا دەزانێت چارەسەرکردنی سەرەکی کێشەکان لە باشوور و رۆژهەلاتدا پەیوەندی بە بەرنامەیەکی چڕی حکومەت خۆیەوە هەیە بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ.

٩- ئەرکی سەرەکی سوپای تورکیا بریتییە لە نەهێشتنی ئەو هەڕەشەیەی کە لەسەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا هەیە کە لەوانەیە لە ناوەوە یان لە دەرەوە سەر هەڵبدات .

١٠-بۆ ئەوەی هێزەکانی تورکیا بە ئامانجەکانی خۆی بگات بە گوێرەی توانا و بە زیانێکی کەم گورزی کوشندە بوەشێنێت (٢٤لا٢٦) لە ئابی (١٩٨٩)دا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران کرا کە(تورنتای)وتارێکی دوور و درێژی دوای کۆبونەوەکەدا (تۆرگوت ئوزال) وتی : حکومەت هیچ بڕیارێکی سیاسی دەرنەکردووە تەنها کردەوە عەسکەرییەکانی بەهێز کردووە و چرای سەوزی بۆ سوپا داگیرساند. لە (٢١) ی ئەیلولی ساڵی (١٩٨٩) دەسەڵاتداران بانگەوازی کۆبوونەوەیەکیان بۆ سەرۆك عەشیرەتەکاندا، لەو کۆبوونەوەیەدا دە کەس بەشداربوون، یەکێك لە سەرکردە عەسکەرییەکانی سوپای تورك بە ناوی (ڕێجان ئوگورلوگو) بوو، لە کاتی کۆبوونەوەکەدا وتی: باس لە ڕۆڵی سەرۆك عەشیرەتەکان بکەن سەرکردایەتی سوپا قبووڵ ناکات سەرۆك عەشیرەتەکان لە تەك سوپادا چەك هەڵنەگرن ئەگەر وا نەکەن ئەوا بە لایەنگری (PKK) دادەنرێت و تووشی سزای قورس دەبێت (٥٤ و لا ١٩٨٩).

بە مەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخە سیاسییەکە، بە تایبەتی کە مەسەلەی کورد، بە تەواوی گرژی پەیداکردبوو، سەرۆك کۆماری تورکیا تۆرگۆت ئۆزال هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەی بە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانەدا، بۆ ئەم مەبەستەش بەشێکی دیموکراتخوازانی ناو حکومەت و پەرلەمان و هێزە سیاسییەکانی تورکیای لەگەڵ بوو، بەڵام سەرکردایەتی سەربازی وڵات دژی وەستان. لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا سەرانی تورك هەوڵیان دەدا نەك هەر دان بە بوونی کێشەی کورددا نەنێن، بەڵکو بە بوونی کوردیشدا لە تورکیا. بەڵام ئێستە ئەوان ناچاربوون کە دان بە گرنگی ئەو کێشەیەدا بنێن. بەم شێوەیە لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٠) دا نوێنەری سکرتێری گشتی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات (ئێردال ئینۆن) لە سەردانێکیدا بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات لە شاری (دیاربەکر) لە وتەیەکیدا وتی: کێشەی کورد کێشەیەکی دیموکراسییە لە وڵاتدا، هیچ پێویست بەوە ناکات خەڵك بە یەك زمان یان بە هەمان زمان قسە بکات لە

کۆبوونەوەیەکی تری جەماوەریدا هەر لە دیاربەکر ئێردالْ ئینۆن ڕایگەیاند لەم ناوچەیەدا هەر کەسێك پێویستە بە ئارامی بە زمانی ڕەسەنی خۆی قسە بکات، ئێمە نابێ بەو کەسانە بڵێین جوداخواز، دواتر ئەو بەڵێنی ئەوەی پێدان کە ئەگەر لە حاڵەتێکدا حیزبەکەی دەسەڵات بگرێتە دەست ئەوا سەرمایەیەکی زۆر لە ناوچەکە دەخاتەگەڕ و لە هەمان کاتدا ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بە توندی، دژی ئەو کەسانەش دەوەستێت کە بیانەوێت وڵات پارچە پارچە بکەن (٥٨/٧/لا١٩٩٠) لەو سەردانەدا بۆ ویلایەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، سکرتێری گشتی پارتی گەلی سۆسیال دیموکراتیش (وێنس بەیکاڵ) بەشداربوو، لە ئەنجامی سەردانەکەی بۆ ناوچە کوردییەکانی وڵات سەرکردایەتی ئەو پارتە وتارێکی ئامادەکرد کە باس لە بارودۆخی سەختی ویلایەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ئەکات و پێشنیازی ئەوەیان کردبوو لە قوتابخانەکاندا لە تەك زمانی تورکیدا زمانی کوردیش بخوێنرێت (٧١/١٣/٥/١٩٩٠) .

جگە لەمە سەرکردایەتی پارتەکە ئامادەیی خۆی نیشاندا چاو بەو بڕیارەدا بخشێنێتەوە کە پێشتر دابوویان سەبارەت بە دەرکردنی چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیا کە بە نەتەوە کورد بوون و لە حیزب دەرکرابوون، چونکە لە(١٤-١٥) ئۆکتۆبەری (١٩٨٩) دا چووبوون بۆ پاریس بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەیەکدا بە ناوی "کورد مافی مرۆڤ و ناسنامەی کولتووری" لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی تورکیا بەردەوام بوو لە سزادانی ئەو گوێنەگرانە و لە ئەنجامدا کۆمیتەیەکی تێکەڵاوی یاسایی لە سەرەتایی ئایاری (١٩٩٠) دا پێکهێناو بڕیارياندا حیصانەی پەرلەمان لەم ئەندامانە وەربگرنەوە:- تۆفیق کۆچاك، عەدنان ئێکنان، ئیبراهیم ئەڤسۆی، محمد علی ئێری، بە بیانووی ئەوەی کە ئەوانە پڕوپاگەندەی جوداخوازی و چالاکییان ئەنجامداوە بۆ پارچە پارچە کردن و دابەشکردنی تورکیا(٥١/١١/٧/١٩٩٠).

لە ئازاری (١٩٩٠) دا تۆرگۆت ئۆزالی سەرۆك کۆمار مەرسومێکی دەرکرد بۆ ئەو پارێزگارانەی کە ناوچەکانیان باری نائاسایی دەیگرتنەوە و دەسەڵاتی ئەوەی پێدابوون کە دانیشتوانی ناوچەکە لە شوێنی باو و باپیرانیان ڕاگوێز بکەن بۆ شوێنی تر، چاپخانەکان دابخەن و حوکمی زیندانییەکانیش دووجار زیاد بکەن، مەبەست لەو زیندانییانە ئەو

کەسانە بوون کە بە تاوانی جوداخوازی حوکم درابوون. ئەگەرچی ئەم دەسەڵاتدارە توندڕەوانە چەندین کاری تری ناڕەوای لەم بابەتەیان دژی کوردەکان ئەنجام دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی کورد لە وڵاتدا لەوە دەرچوو بوو، بە شێوەیەکی گەلێ بەرفراوان و لە ئاستی جیا جیادا لێدوانی لەسەر دەرکرا. هەر سەبارەت بەم کێشەیە لە(٥) ی تەمووزی (١٩٩٠) دا تۆرگۆت ئۆزاڵ لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئیزڤێستیای) سۆڤێتیدا وتی : کێشەکە کۆنەو زۆر ئاڵۆزە، ئەمڕۆ نەك هەر سەرنجی تورکەکانی ڕاکێشاوە بەڵکو سەرنجی کۆمەڵی جیهانیش، ئێمە ڕامان وایە کە ئەم کێشەیە تەنها بە ڕێگەی ئاشتیانەو یەکسانانە چارەسەر دەبێت و دەکرێ واز لەو ڕکەبەرایەتی و تیرۆر و بەرەڵاییە بهێندرێ. بەو شێوەیە بە درێژای مێژووی کۆماری تورکیا و بۆ یەکەمین جار لەسەر زاری سەرۆك کۆماردا دان بە بوونی کێشەی زیندووی کورددا بهێنرێ و ئاوات بۆ ئەوە بخوازێ کە بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆك کۆمار سەر لە نوێ ئاماژەی بەوەدا کە هەموو ئامرازێك بەکاردەهێنرێ لە پێناوی پاراستن و هێشتنەوەی یەکپارچەیی خاکی تورکیادا وتی پێویستە خەڵك بزانێ : هیچ هێزێك ناتوانێ و ئەوەی لەبار نیە یەکپارچەیی کۆماری دیموکراسی لەت بکات کە سنووری نەتەوەیی ئەو کۆمارە لە لایەن(ئەتاتورکی) بلیمەتەوە دیاریکراوە و نرخەکەی ژیان و خوێنی میللەتی تورکە و دووبارەی دەکەینەوە کە یەکپارچەیی کۆمار بە هەموو توانا و ئامرازێکییەوە داکۆکی لێدەکرێت. دیارە مەبەستمان لە چوارچێوەی دەستوورە و پشت بە دەستوور ببەسترێت هیچ ناگوترێت، چونکە دەستوورەکە خۆی بریتییە لە تەعبیرێکی شۆڤینیانەی یاساڕێژی سەرکردایەتی تورك دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی، ئەم دەستوورە هیچ دۆخێکی تێدا نییە بتوانێ چارەسەری کێشەکانی تورکیا بکات. لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا سەرۆك کۆمار وتی: ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات پێویستیان بە خستنەگەڕی سەرمایەداری هەیە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ و زیادکردنی پارە بۆ گەشەپێدانی ئابووری. لە ڕاستیدا هەموو توندوتیژییەکی نەتەوایەتی لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتدا پەیوەندی بە دواکەوتووییەوە هەیە لەبەرئەوە ئومێد دەکەم گەیشتن بە ئاستێکی خۆشگوزەرانی و شارستانییەتی کێشەکە خۆی لە خۆیدا چارەسەر بێت. ئەم

جۆرە دەربڕینەی سەرۆك ئەو مانایە دەگەیەنێ کە سەرانی تورك بەردەوامن لەسەر ئەوەی تەماشای کێشەی کورد نەکەن وەك کێشەیەکی نەتەوایەتی، بەڵکو وەك کێشەیەکی ئابووری تەماشای بکەن ئەمە لە کاتێکدا کە بارودۆخەکە بە شێوەیەکی دیکەیە و هۆشیاری نەتەوایەتی کوردی گەشەی کردووە و خەباتەکەش چالاکتر بووە لە پێناوی بە دەستهێنانی مافەکانیاندا و کۆمەڵی ئەورووپاش پشتگیری لەم مافانە کردووە کەچی هێشتە دەسەڵاتدارانی تورکیا ئەوەیان لە باردا نییە بتوانن بڕیارێکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە وڵاتدا بدەن. بە پێچەوانەوە حکومەتی تورکیا لە گرتنەبەری سیاسەتی ڕەشبگیری لە ناوچە کوردییەکاندا بەردەوامبوون. لە ئۆکتۆبەری (۱۹۹۰) دا لە ناوچەکانی قزل تەپەی سەر بە ویلایەتی ماردین نزیکەی (۱۵۰) کەسیان گرت و لە ناوچەکانی تریش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو: ئوڵودێر(۱۱۰)، قۆرتەلانێ (۵۰)، بیسمێلا (۵۰)، شرناخ (۳۵۰) ، وان (۹۰)، قارس (۱۲۰)، سیرت (۱۰۰)، چوقەرجە (هەکاری)۵۰ کەس (٤،۷۵، ۱۹۹۰). لە سەردەمی قەیران و جەنگی کەنداوی فارسیشدا حکومەتی تورکیا هەڵویست و سیاسەتی ئێجگار توندوتیژی بەرامبەر بە کێشەی کورد نواند. لەو قۆناغەدا تورکیا ژمارەی هێزە چەکدارەکانی کە لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتدا بنکە و بارەگایان دامەزراندبوو زیادیکرد بۆ (۱۸۰) هەزار کەس. پێش ئەوەی عێراق کوێت لە ساڵی (۱۹۹۰) داگیر بکات ژمارەی هێزەکانی تورکیا لەو ناوچەیەدا (٦٥) هەزار سەرباز بوو، جگە لە (۳۵) هەزار پۆلیس و جەندرمە کە لە ناوچەکەدا جێگیر کرابوون بۆ پاڵپشتیکردنی هێزەکانی سوپا. بە قسەی کۆزال چۆئۆغلو کە پارێزگەری ناوچەکانی باری نائاسایی بووە لەسەر حکومەت پێویست بووە کە خەرجی زیاتر دابین بکات بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی هەموو ئەو ناوچانە بکات تا دەگاتە سنوورەکانی تورکیا-عیراق کە مەوداکەی (۳۵۰) کم دەبوو. پارێزگەر وتی: خاڵەکانی پاسەوانان و دەوریەی سەربازی لە(۱۰) کم سنوورەکانی تورکیا دادەنرێت و پێویستیان بە خواردەمەنی هەیە و ڕێگەو بانەکانیش لەو ناوچانەدا خراپن بۆیە دەبێ بە هەلیکۆپتەر کۆمەك بکرێن و ژمارەی سەربازەکانیش پێویستە زۆر زیاد بکرێت، چونکە شەو و ڕۆژ خەریکی چاودێری و ئێشکگرتن دەبن .

لە ساڵی (١٩٩١) دا لە تورکیا هەڵبژاردنی پەرلەمان پێش کاتی دیاریکراو دەستپێکرد. ئەوان کۆتاییان بە مۆنۆپۆلی دەسەڵاتی پارتی پارێزگەر هێنا کە دامەزرێنەرەکەی تورگۆت ئۆزال بوو. نزیکەی(٣٠٪) دەنگیان بە حیزبەکەی سلێمان دێمیرێلدا. بەمەش پارتی پارێزگاران لەبەر چەندین هۆکارێك مۆنۆپۆلی پێشووی خۆی لە دەستدا لەوانە قەیرانی ئابووری - کۆمەڵایەتی و سیاسی لە وڵاتدا. بەم شێوەیە دێمرێل یەکەمجار بوو لە دوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (١٩٨٠)دەرفەتی بۆ رەخسا حکومەتێکی ئیئتلافی دروست بکات (٢١،٤١،لا، ١٩٩١) .حکومەتی ئیتلافی نوێ کە تازە دەسەڵاتی گرتبووە دەست هەر گوێی نەدایە رەخنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هەموو کارێکی دەکرد بۆ ئەوەی سێستێمی پاسەوانی گوندەکان بەهێزتر بێت لە ناوچەکەدا.

(سلێمان دێمرێل) دەیگوت: ئەم سێستێمە پارتی عەدالەت بۆی داناوین و ئێستەش هیچ بڕیارێك نیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی..(٣١،لا،١٥٢) .

لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی ئەنقەرە سەردانێکی بۆ باشووری رۆژهەڵاتی وڵات رێکخست کە چاپەمەنییەکان ناویان نابوو (مزەللی) پەرەشوتیست. لەم سەردانەدا (دێمرێل و ئینێۆن)، سەرۆکی فەرماندەیی گشتی سوپا(دۆغان) و چەندین کاربەدەستی گەورەی تر بەشداربوون ئەمە جگە لەوەی گروپێکی بەرچاوی رۆژنامەنووسان هاورێیەتی ئەم سەردانەیان دەکرد. ئەم سەردانە ئامانجی ئەوە بوو ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەکە دابین بکات و پشتگیری خەڵکی هەرێمەکەش بە دەست بێن، بەڵام رووداوەکانی دواتر دەریان خست سەردانی گەورە پیاوان و کاربەدەستانی دەوڵەت هیچ جۆرە ئاشتی و ئارامییەکیان بۆ هەرێمەکە نەهێنا .

لە کانونی دووەمی (جەنیوەری) (١٩٩٢) دا حکومەت بڕیاریدا و باری شارستانی(١٥) هەزار کەسی گەڕاندەوە کە پێشتر حکومەت لێی زەوتکردبوون، چونکە لە دوای کودەتاکەی(١٩٨٠) دا وڵاتیان جێهێشتبوو. بە قسەی وەزیری ناوخۆ (عیسمەت سیۆزگین)حکومەتی تورکیا هەوڵیداوە کۆتایی بەو کارو کردەوانە بێنێت کە دەبنە پێشێلکردنی بنەماکانی ماف و ئازادییەکان .

حکومەتی ئیتلافی کە لە نۆڤەمبەری (١٩٩١) دا دەسەڵاتیان گرتبووە دەست بەڵێنیان دابوو هەموو ئەو یاسایانە هەڵوەشێننەوە کە لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتی حوکمی عەسکەری ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٣) دەرچووبوون (١٧،٤٦، ١٩٩٢) .

ئەگەر پێشتر سەرکردایەتی تورکیا دانییان بە بوونی نەتەوەیی کورد نەدەنا. ئەوا حکومەتی(سلێمان دیمرێل) بە رووکەش دانییان بە بوونی ئەم نەتەوەیەدا نا، بەڵام هەر بە قسە، لە تەك جەنگی راستەوخۆی کوردستان، حکومەت جەنگێکی نهێنی دژی رێکخراوە کوردییەکان بەرپاکردبوو کە بە ئاشکرا لە شارەکاندا کۆمەڵە و رێکخراویان دروستکرد بوو .

پۆلیسی نهێنی تورکیا بە نهێنی و بە دزی کوردیان لەناو تورکیادا دەکوشت. لە تەمووزی (١٩٩١) دا تا کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ زیاتر لە (٣٥٠) کوردی چالاکی بوارەکانی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتییان لە پەناو پەسێودا کوشت.

کوردێکی زۆر لە ناوچەکانی شیرناخ، کولپە، ڤارێ، جزیرە کوژران (٤٤، ١٩٩٢،ژ،٤٨،لا،١٨) .

لە ساڵی (١٩٩٣) دا زیاتر لە هەزار کوردی کەسایەتی ناسراوی کۆمەڵایەتی و نووسەر و زانا و ئەندام پەرلەمان و ئەندامی پارتی دیموکراتی (محەمەد سنجار) کوژران (٤٣، ١٩٩٤ ،ژ،٥،لا،١٥) . پێویستە باس لەوەش بکەین کە پارتە بەناوبانگەکانی کوردی ئەو کات لە پەرلەماندا رۆڵێکی باشیان هەبوو لە دەوڵەتدا. لە وڵاتدا ئیتر میکانیزمی سیاسی ئەوەندە کارا نەبوو، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی سەرکردایەتی بوارەکانی(ئابووری، سیاسی، سوپایی) دەکرد و کۆنترۆڵیکردبوون، ئەم ئەنجومەنە چەندین سەنتەر و ناوەندی توێژینەوەی دروستکردبوو. لە واقیعدا حکومەت و پەرلەمان هیچ بڕیارێکیان بە دەستەوە نەمابوو، بەڵکو ئەوان تەنها فەرمانەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییان جێبەجێ دەکرد . (هەمان سەرچاوە ، ژ،٣،لا،٢٥) . لە(١٧) ی نیسانی (١٩٩٣) دا (تۆرگۆت ئۆزال) لە پڕ دڵی وەستاو کۆچی دواییکرد (ئۆزال سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو لە نێوان ساڵانی(١٩٨٣ - ١٩٨٩) .

بە مردنی ئۆزال تورکیا یەك لە گەورەترین کەسایەتییەکانی خۆی لە دەستدا. دوای مردنی ئەو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی رۆڵی سەرەکی لە بوارەکانی (ئابووری، سیاسی و کێشەی نەتەوایەتیدا) بینی بە تایبەت چارەسەرکردنی کێشەی کورد کەوتە دەستی ئەم ئەنجومەنە. بە گوێرەی هەواڵی چاپەمەنییەکان لە کۆتایی ئازاری (١٩٩٤) دا حکومەتی تورکیا دەوروبەری چیای ئاراراتی بە ناوچەی عەسکەری راگەیاند، هاووڵاتیانی مەدەنی ئەو ناوچەیە دەبوایە شوێنی ژیانی خۆیان چۆڵبکەن و بە جێیهێڵن، هەر کەسێکیش بە بێ مۆڵەت وەرگرتن لەو ناوچەیەدا ببیندرێ دەستگیر دەکرێ و لە شوێنی خۆی گوللەباران دەکرێت ئەم ناوچەیەی پێکدادان بۆ ئەوە دروستکرابوو، چونکە پارتیزانە کوردەکان لە دەرەوەی تورکیاوە دەخزانە ئەو ناوچەیە . (٤٦، ١١، ١٩٩٤) .(١٩) ی نۆڤەمبەری (١٩٩٤) دائەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیا بڕیاری درێژکردنەوەی باری نائاسایی بۆ ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی وڵات پەسەندکرد بۆ ماوەی چوار مانگی تر .

بە گوێرەی هەواڵی دەزگەی ئەنادۆڵ کە باری نائاسایی تێدا درێژکرابۆوە ئەو شوێنانەی دەگرتەوە : (باتمان ، بەتلیس، بینگۆل، دیاربەکر، هەکاری، ماردین، سیرت، تونجەلی، وان) ، هۆکارەکەشی ئەوە بوو چونکە لەو ناوچانەدا چالاکی پارتیزانی کوردی تێدا بەهێز بوو. لە ناوەڕاستی ئازاری (١٩٩٥) دا ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیا بڕیاری درێژکردنەوەی باری نائاسایی بۆ ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی وڵات پەسەندکرد بۆ ماوەی چوار مانگی تر بە گوێرەی هەواڵی دەزگەی (ئەنادۆڵ) کە باری نائاسایی تێدا درێژکرابۆوە ئەو شوێنانەی دەگرتەوە: باتمان، بەتلیس، بینگۆل، دیاربەکر، هەکاری، ماردین، سیرت، تونجەلی، وان، هۆکارەکەشی ئەوە بوو چونکە لەو ناوچانە چالاکی پارتیزانی کوردی تێدا بەهێزبوو.

لە ناوەڕاستی ئازاری (١٩٩٥) دا ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیا باری نائاسایی بۆ ماوەی چوار مانگی تر لە (١٠) ویلایەتی باشووری رۆژهەڵاتی وڵات راگەیاند. رێك لەو شارانەدا چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان چالاکیان دەنواند و لە ئابی (١٩٨٤) وە خەباتیان لە پێناوی بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان کورددا دەکرد. ئەم

جۆرە درێژکردنەوەی باری نائاساییە نزیکەی (٢٠) جار ڕاگەیەندرا. ئەمە مانای ئەوەیە کە لە باکووری کوردستاندا ڕژێمی کۆلۆنیالی دژی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد هەبووە.

لە کۆتایی حزیرانی (١٩٩٥) دا کۆبوونەوەی پارێزگەکان لە شاری (وان) ئەنجامدرا، ئەوانەی لە چوارچێوەی هەرێمی پارێزگەکانی باری نائاساییدا بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا پارێزگەری هەرێمەکە (ئونال ئێرکان و حەسەن قۆنداغچی) کە سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی ناوچەکە بوون لەگەڵ (٣٠) پارێزگەی تری ویلایەتەکان لە چوارچێوەی باری نائاساییدا دەژیان. لەم کۆبوونەوەیەدا(ئۆناك) وتی: لە یانزە ساڵەی ڕابوردوودا تیرۆر وێرانکارییەکی زۆری بۆ هەرێمەکە هێناوە, حکومەتەکەمان هەنگاوی جدی دەنێن بۆ نەهێشتنی ئەو کاولکارییە. زەحمەتە بڵێین(ئۆناك) مەبەستی ئەوە بووە کاولکاری و وێرانکاری وەلاوە دەنێت، بەڵام وەك ئاشکرایە ئەو خەڵکانەی توشی ئازارو زیان بوون بە دەست جەنگ و پەلامارە سەربازییەکان و بە زۆر ڕاگواستنیان هیچ جۆرە یارمەتیەکییان لە حکومەتی تورکیاوە وەرنەگرتووە(٦٧, ١٩٩٥ , ژ\٧, ١١\٣). بەڵێ حکومەت ئەم جۆرە ئەرکەی بۆ خۆی دانەناوە بە درێژایی ساڵانێکی دوور و درێژ جەندرمە و پۆلیس لە کوردستانی تورکیا بە شێوەیەك هەڵسوکەوتیان دەکرد کە لە ڕاستیدا وەك هێزێکی داگیرکەر وابوون. ئەوانەی بەشدارییان لە پەلاماری سەربازییدا دژی کوردەکان دەکرد بریتی بوون لە یەکە سەربازییەکان, جەندرمەکان, پۆلیس, پاسەوانی دێهات, هێزەکانی ئاسایش, هێزی تایبەت, ئامانجی ئەو هێزانەش تەنها ڕاونانی هێزە بەرهەڵستکارەکان نەبوو بەڵکو لێدان و لەناوبردنی هەموو ئەو هێزە نیشتیمان پەروەرانە بوو کە لە ڕۆژهەلاتی وڵاتدا چالاکییان هەبوو. لە زۆربەی ڕاگەیاندنە ڕۆژنامەوانییەکانی کاربەدەستانی حکومەتدا, لە بارەی پەلامارە سەربازییەکانیاندا بەردەوام زاراوەی (تیرۆرستیان) پێوە دەلکاند، بەڵام قەوارەی هێرش و پەلامارە سەربازییەکانی تورك لە کوردستانی تورکیادا, قسەیەکی تر دەکەن، بۆ نموونە: لە ماوەی (١٠) ساڵدا لە کرداری سەربازییانەدا (١٥ ئابی ١٩٨٤-١٤ئابی ١٩٩٤) (٣٢) هەزار کەس کوژراون, لە ئەندامان و لایەنی حکومەتی تورکیا (٢٤,١٨٠)کەس, لەوانە(٦٤٢١٦) سەرباز ,(

٥٠٩) ئەفسەر, (٣٠٠٥) پۆلیس لە هێزەکانیش نزیکەی(٤٥٠٠) چەکدار کوژراوە. هەر لە ئەنجامی پەلامارە سەربازییەکانی سوپای تورک (٤٢٥٠) کەسی مەدەنیش کوژراون (١٥, ٨, ١٩٨٤) (٨,١٩٩٤) (١٩٩٤,ب.م).لەوانەیە ئەم ژمارانە بە تایبەت لە کوژرانی سوپای تورك زیادی پێوەنرابێ، بەلام لە ناوەڕۆکدا شتێك ناگۆڕێ چونکە گشتییان گەواهی ئەوە دەدەن کە لە ناوچەکەدا لێدان و کوشتن و بڕینی توند هەیە و گەواهی لەسەر چالاکی پارتیزانە کوردەکان دەدەن.

حکومەتی تورکیا بە ئومێدی ئەوە بوو پەرلەمانی ئەورووپی رێککەوتننامەی ئەورووپی-تورکی لە بارەی یەکێتی گومرگ پەسەند بکات بۆ ئەم مەبەستە لە (٢٦ تەمووزی ساڵی ١٩٩٥) لە (١٧٧) مادەی دەستووری(١٧) مادەیان هەموار کرد, کە لە لایەن رژێمی عەسکەری ساڵی (١٩٨٢) ەوە دانرابوون. سەرۆك وەزیران تانسۆ چیەلەر (١٩٩٣-١٩٩٥) ڕایگەیاند کە بە هۆی ئەو هەموارکردنانەوە تورکیا زیاتر دیموکراسی بووە, زۆر لەو مادانەی دەستوورەکە (لە لایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە ڕیسوا کراوە وەك: ماددەی رەشبگیری لە یاسای تاوان و یاسای دژە تیرۆردا) کە تا ئێستە پێڕەوکردنیان لە دەست نەداوە. ئەو دۆخ و بارەی لە سەرەتای دەستوورەکەدا هەیە هەروەك خۆی ماوە کە لە راستیدا دان بە بوونی نەتەوەی کورددا نانێ. هەر لەم پێشەکییەدا بە تایبەت هاتووە و دەڵێ: سەروەری بێ قەید و شەرت بۆ نەتەوەی تورکە و نابێ هیچ ڕێگە بدرێت بە وتەو ڕاگەیاندن و بۆچونێك لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی تورك و لەگەڵ ئەخلاق و بەها و مێژووی تورکدا ناکۆك بێت, هەروەها نابێت ڕێگە بە بۆچونێك بدرێت لەگەڵ پرینسیپەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی و ئەتاتورکدا ناکۆك بێت.

لە مادەی دووەمی دەستووری کۆماری تورکیادا راستەوخۆ دەڵێت: دەوڵەت پشت بە بیری نەتەوەپەرستی ئەتاتورك دەبەستێ, لێرەدا گرنگە باس لەوە بکەین کە ئەم دەستووورە هێشتە زۆر ناکۆکە و لەگەڵ دۆخی میساقی ئەورووپی لە بارەی مافی مرۆڤەوە ناگونجێ.

سەرباری ئەوەش ئەنجومەنی بالآی نەتەوەیی تورکیا پێشنیازی نەهێشتنی (قەدەغەکردنی مانگرتن و لێکۆڵینەوەی توندی دژی ئەو کەسانەی سیاسەت دەکەن) رەت کردەوە.

ئێستە ئەو مادده سەرەکییانەی دەستوور دەخەینەڕوو کە دژی دیموکراسین و حکومەتیش قبوولّی نەبووە لابرێت یان هەموار بکرێت.مادەی (١٤): هیچ ماف و ئازادییەك نابێ بوونی هەبێ ئەگەر ئامانجیان تێکدانی یەکپارچەیی دەوڵەت و خاکەکەیی و دانیشتوانەکەی بێت, و ببنە مەترسی و هەڕەشە لە بوونی دەوڵەتی تورکیا و ببنە هۆی پەیدابوونی زاڵبوونی چینێك بەسەر چینێکی تردا, یاخود ببنە هۆی هێنانەکایەی فەرق و جیاوازی و چەوساندنەوە لەسەر بنەمای زمان, رەگەز, ئاین یان مەزهەب, یان دروستکردنی سیستێمی پۆلیسی لەسەر بنەمای ئەو چەمك و بۆچوونانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن.

ئەم مادەیە رێگرتنە لە هەر هەوڵێك بۆ دروستکردنی رێکخراوی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای نەتەوایەتی یان زمان بێت, بە وتەیەکی تر چینی کرێکار, گەلی کورد,

کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان مافی ئەوەیان نییە رێکخراو دروست بکەن و تەعبیر لە بیروبۆچوونی خۆیان بکەن.

ماددەی(١٥): لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی یان هەڵگیرساندنی جەنگدا, جێبەجێکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان سنووردار دەکرێت یان هەر نامێنێ.

ماددەی (٢٦): مافی تەعبیرکردن و بڵاوکردنەوەی بۆچوون و بیروباوەڕ لەوانەیە سنووردار بکرێت بۆ ئەوەی تاوان نەمێنێت و سزای تاوانباران بدرێت, نابێ رێگە بدرێت هەواڵ و دەنگوباسی نهێنی ئاشکرا بکرێن و بڵاوبکرێنەوە، کە نهێنی دەوڵەتن و دانیان پیانراوە یان بۆ ئەوەی ئەرکەکانی دەسەڵاتی دادوەری جێبەجێ بکرێت (واتا مەوقعی یاسا بەرقەرار بێت).

هەر زمانێك کە بەپێی یاسا قەدەغەکرابێت نابێ بەکاربێت بۆ تەعبیرکردن و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکان.

ماددەی(٢٨): خەڵك دەتوانن کتێب بنوسن و مافی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەشیان هەیە, بەڵام ئەگەر هاتوو ناوەڕۆکی نووسینەکان بریتیبێت لە هەڕەشەکردن لەسەر ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوە یان هەڕەشە بێت لەسەر یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت و خەڵکەکە و ڕووبەرەکەی یان ناوەڕۆکی ئەو نووسینانە هاندان بێت بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی تاوانکارانە یان بۆ راپەڕینی یاخیبوون دژی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت, ئەوا دووچاری لێکۆڵینەوەی دادگەیی دەبن بە گوێرەی یاسای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە.

هەموو بڵاوکراوەیەکی وەرزی و یا هەر جۆرە چاپەمەنییەك لەوانەیە بە فەرمانی دەزگەیەکی دەسەڵاتدار قەدەغە بکرێت کە بە شێوەیەکی یاسایی دەسەڵات بەو دەزگەیە دەبەخشێ لە حاڵەتێکدا ئەگەر بینییان ئەو بڵاوکراوەیە زیانی بۆ یەکپارچەیی دەوڵەت هەیە.

بە بڕیاری دادگە چاپەمەنی و بڵاوکراوەی ڕۆژانە یان هەفتانە یان مانگانە دەوەستێنرێت ئەگەر نووسەرەکانیان تاوانبار کرابێت بەوەی ئەو شتانەی دەینووسێت یەکناگرنەوە لەگەڵ یەکێتی دەوڵەت و, بنەما و پرینسیپەکانی کۆمار, ئاسایشی نەتەوەیی, یان ئەخلاقی کۆمەڵایەتی. هەموو چاپەمەنییەك بریتی بێت لە درێژەپێدانی ئەو چاپەمەنییەی کە ڕاگیرابوو, دەبێ قەدەغە بکرێت یان بە بڕیاری دادگە دەستی بەسەردا بگیرێت.

ماددەی (٣٠): چاپخانەو کەرەستەکان دەستیان بەسەردا ناگیرێ ئەگەر کارمەند و فەرمانبەرەکانیان گوناهبار نەکران بە کاری تاوانباری دژی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت یان لە دژی بنەما و پرینسیپەکانی کۆماری یان ئاسایشی نەتەوەیی، بەڵام لە وڵاتدا ئەم کارە بەردەوام پێشێلکراوە.

ماددەی (٣٤): ئۆرگانی تێکەڵاو (مەبەست لە دەزگە سەرکوتکەرەکانە) دەتوانێ کۆبوونەوەی لابەلا و خۆپیشاندان تا دوو مانگیش دوابخات ئەگەر وا پێشبینی بکرێت کە ئاژاوەی لێدەکەوێتەوە یان ئاسایشی نەتەوەیی تێکدەدا یان چالاکی دژی بنەماو بناغەکانی کۆمار ئەنجام دەدات. ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراو و سەندیکایانەی کە لە چوارچێوەی یاسادا دروستکراون نابێ کۆڕو کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی وا بکەن ژمارەیان

زۆر لەوە زیاتر بێت کە خۆیان هەن و لەو قەوارەیە تێپەڕێت کە لە بەرنامە و ئامانجی خۆپیشاندانەکە یان کۆبوونەوەکەدایە.

ماددەی (٤٢): لە خوێندنگەکاندا جگە لە وانە وتنەوە و خوێندنی بابەتی زانستی و کاری زانستی و مەنهەجی خوێندن کە بۆیان دیاریکراوە نابێ هیچ کارو چالاکییەکی تر ئەنجام بدرێت. جگە لە زمانی تورکی نابێ هیچ زمانێکی تر لە وانە وتنەوەدا بەکاربهێنرێ و قسەپێکردنی ئەم زمانە وەك زمانی رەسەنە بۆ هاوولاتییانی تورك.

ماددەی (١٣١): حکومەت پێویستە سەرکردایەتی و چاودێری زانکۆکان بکات و ئاسایشییان بۆ دابینبکات... زانکۆ و ستافی مامۆستایان و یاریدەدەرەکان بە ئازادی دەتوانن کاری زانستی و توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن, بەلام نابێ ئەم کارانە دژی بوونی سەربەخۆیی دەوڵەت و یەکپارچەیی و یەکێتی نەتەوەیی ولات بێت. ماددەی(٨): لابردنی یاسای دژە تیرۆر ئەو یاسایەی کە:- هەموو جۆرە ڕاگەیاندن و بلاوکراوە و دۆکۆمێنتێکی قەدەغە کردبوو کە دەبوونە هۆی ڕێگە خۆشکردن بۆ(پڕوپاگەندەی جوداخوازی) یان پیاهەڵدانی ڕێکخراوێك کە بە یاسا قەدەغەکرابوو. بەلام لایەنە سیاسییەکان کە حکومەتی تێکەلاویان دروستکردبوو نەیانتوانی چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماددەیە بدۆزنەوە.

جگە لەمەش سەرکردە گەورەکانی سپاش لای خۆیان ڕایانگەیاند کە دژی هەڵوەشاندنەوەی ئەو مادەیەن.

دوای ئەمە, پرۆژە یاساکە لە خشتەی کارەکانی ڕۆژانەی پەرلەماندا لابردرا. ئەمە لە کاتێکدا کە زۆر لە دۆخەکانی دەستوور دەسەلاتی بێ سنوورییان داوەتە جەنرالەکان، تەنانەت لە کاتی حکومڕانی مەدەنیشدا هیچ حکومەتێکی مەدەنیش زاتی ئەوەی نەکردووە لە شکۆی سوپاو ئەو ئیمتیازانەییان بێبەش بکات. بە گوێرەی دەستوور دامەزراوەکانی دژە دیموکراسی بەردەوام بوون لە درێژەپێدانی کارو چالاکییەکان. بەم شێوەیە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە زۆربەی ئەندامەکانی لە ئەفسەرە پایەبەرزەکانی سوپا پێکهاتبوون, توانای ئەوەیان هەبوو ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیارەکانی خۆیان ببەستنەوە. خەسڵەتی کۆنەپەرستانەی مادەکانی(١٢, ١٢٢), لە

بواری عەسکەری و نائاساییدا هەر مابۆوە تا ساڵی (١٩٨٧) یش کاری پێ دەکراو باری نائاسایی لە ویلایەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا ڕادەگەیەنرا.

مادەی (١٢٢): ئەنجومەنی وەزیران کە کۆبوونەوەکانی خۆی لە ژێر سەرکردایەتی سەرۆك کۆمار بەڕێوە دەبات, دەتوانێ دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی باری نائاسایی لە ناوچەیەك یا چەند ناوچەیەك یان لە تەواوی وڵاتدا ڕابگەیەنێ.

لە قۆناغی دۆخی جەنگدا ئەنجومەنی وەزیران لە ژێر سەرپەرشتیکردنی سەرۆك کۆماردا کۆبوونەوەکانی خۆی دەکات و دەتوانێ لە بارەی ئەو کێشانەی کە پەیوەندییان بە باری عەسکەرییەوە هەیە یاسا دەربکات. ئەو کەسەی کە بەرپرسی دۆخی عەسکەرییە پێویستە ئەرکەکانی خۆی لەژێر کۆنترۆڵی سەرۆکی فەرماندەیی گشتییەوە جێبەجێ بکات. شایانی باسە هیچ کام لەم مادانەی کە پەیوەندییان بە دادگەکانی ئاسایشی دەوڵەتەوە هەبوو نەگۆڕدران.

مادەی (١٤٣): دادگەکانی ئاسایشی دەوڵەت بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتانە دروست دەکرێن کە دژی پارچەکردنی خاك و دەوڵەت و نەتەوەی تورکیا ئاراستە کراون, دژی پێکهاتەی ئازادی و دیموکراسی کۆمار ئاراستەکراون یان راستەوخۆ پەیوەندییان بە ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەتەوە هەیە. لە حاڵەتی باری راگەیاندنی نائاساییدا ئەم دادگەیانە لەوانەیە بگۆڕدرێن و بنن بە دادگەی سەربازی.

بە گوێرەی ئەم مادەیەو لە بارودۆخی تورکیادا, دادگەکانی ئاسایش سەدان کێشەی تاوانییان بەسەر نیشتمانپەروەرانی کورددا سەپاندووە، لە هەمان کاتدا دژی رۆشنبیران بوون بەو تۆمەتە تاوانبار دەکران کە بۆچوونی جیاوازییان هەیە و لەگەڵ بیروباوەڕی دەوڵەت ناگونجێ و زیانی هەیە, ئەمانە گشتییان حوکمی جیاجیایان بەسەردا سەپێنرا و ئازادییان لێ زەوت کرا .

لە (٢٠) ئۆکتۆبەری (١٩٩١) دا هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیا دەستی پێکرد, لە ئەنجامدا حکومەتی(سلێمان دێمیرێل و ئینیۆنیو) دەسەڵاتیان گرتە دەست. لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەدا(٢١-٢٢) کورد کورسی پەرلەمانییان بەرکەوت,

جگە لە (٧) نوێنەری تر کە گوایا بێلایەنن. بە گوێرەی سەرچاوەیەکی تر (١٨) نوێنەر لە ئەندامی پێشووی پارتی گەلی کار هەڵبژێردرابوون, هێشتا پێش سوێند خواردنیان چاویان بە ئینونۆ کەوتبوو نامەیەکییان پێدا بوو کە لە بیست مادده پێکهاتبوو کە بریتیبوو لەو مەرجانەی ئەوان دایانناوە بۆ ئەوەی بێنە ناو پارتی سۆسیال - دیموکراتی گەلی، ماددەکانیش ئەمانە بوون:-

١-دانان بە بوونی نەتەوەی کورددا لە دەستوور و یاساکاندا بە پێی واقیعی سۆسیۆلۆجیای تورکیا .

٢-ڕەتکردنەوە و کێشانەوەی ئەو دۆخانەی کە لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا کراوە لەسەر حسابی هەبوونی نەتەوەی کورد بۆ پشتگیریکردنی تورکیا .

٣-بۆ ئەوەی چەمکی هاوچەرخانەی نەتەوەی کورد دەستنیشان بکەین پێویستە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە نووسین و قسەکردن زمانی کوردی ئازاد بکرێت و بە کولتووری کوردی بدرێت و قوتابخانە بە زمانی کوردی بکرێتەوە، هەروەها ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیشیان بۆ دابین بکرێت .

٤-دۆخێکی دیموکراسیانە بخولقێندرێ بۆ ئەوەی لە هەموو ئاست و بوارەکاندا لێدوان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کوردی بکرێت.

٥-ڕاگرتنی باری نائاسایی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە .

٦- هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەی کە حوکمی قانوونیان هەیە .

٧-کێشانەوە و لابردنی هێزی تایبەتی سەربازی لە هەرێمەکەدا (کوردستانی تورکیا).

٨- هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوی دژە گریلاو (دژی پێشمەرگە) لەناوبردنی .

٩- لابردن و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پاسەوانی دێهات .

١٠- قەدەغەکردنی بەکارهێنانی یاسای دژە تیرۆر .

١١- هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی(١٢) ی ئەیلول و ڕاگەیاندنی لێبووردنی گشتی بێ مەرج.

١٢- دابینکردنی بارودۆخی وا لە زیندانەکاندا کە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ بگونجێ، رێگەدان بە ئەندام پەرلەمانەکان سەردانی زیندانییەکان بکەن و کۆنترۆڵییان بکەن و جێگەی زیندانییەکان بەسەر بکەنەوە .

١٣- ماوەی حجزکردن کەمبکرێتەوە بۆ (٢٤) سەعات، لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسی گیراودا پێویستە بە ئامادەیی پارێزەر بێت .

١٤-ئاشکراکردنی ئەو تاوانانەی کە ئاشکرا نەکراوە و سزادانی ئەنجامدەرانی .

١٥- دەرکردنی یاسایی عادیلانە لە بارەی هەڵبژاردنەوە .

١٦- سەر لە نوێ دروستکردنەوەی ئەو دێهاتانەی کە وێرانکرابوون و سوتێنرابوون یان بە زۆر چۆڵکرابوون لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بەر خەڵکەکەی کەوتووە.

١٧- ژیاندنەوەی جێگەکانی پەیوەندی بەرهەمهێنان کە پێشتر لەناوبرابوو، هەڵوەشانەوەی یاسا لە بارەی گوند و دێهاتەکان .

١٨- داننان بە مافی سەندیکەکان بۆ مانگرتن و بەستنی رێککەوتننامەی هاوکاری .

١٩- بە یاساکردنی مانگرتنی گشتی، مافی مانگرتن و مانگرتنی وەك سیمبولی سۆلیدارێتی. هەڵوەشاندنەوەی راگەیاندنی توندوتیژی .

٢٠- بە دیموکراسیکردنی دەستوور، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، ملکەچ بوونی فەرماندەیی گشتی بە وەزارەتی بەرگری.(٣٦ ، لا ، ١٧٤ ، ١٧٥) .

دوای ئەوەی ئەندام پەرلەمانەکان ئەم بیرخەرەوەیان پێشکەش بە(ئینۆن) کرد کۆبوونەوەیەك رێکخرا بۆ ئەوەی بە گوێرەی مادەی (٨١) ی دەستووری تورکی بڕیارێکی سوێندخواردن بدەن و دواجاریش سوێندخواردنەکە بەم شێوەیەك بوو:

بە ناوی نەتەوەی تورکی بلیمەت، سوێندبێت بە شەرەف و ویژدانم داکۆکی لە بوون و سەربەخۆیی و دەوڵەت و یەکپارچەیی نیشتمان و نەتەوە بکەم، داکۆکی بێ قەید و شەرت و مەرج لە سەروەری نەتەوە بکەم، پابەندی یاسایی باڵا و دیموکراسی و

علمانییەتی کۆمار بم، پابەندی پرینسیپەکان و وەچەرخانە شۆڕشگێرییەکەی ئەتاتورك بم، لە ئیدیالی (میپالی) پێشکەشکردنی ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆ ئەندامانی کۆمەڵ لانەدەم، پابەندبم بە یەکێتی و عەدالەتی نەتەوەیی، لانەدەم لە بەکارهێنانی ماف و بنەماکانی ئازادی مرۆڤ ، هەر بە دڵسۆزی بۆ دەستوور بمێنمەوە . (١١،لا،١٢) .

لە (٥) ی نۆڤەمبەری (١٩٩١) دا یەك ڕۆژ پێش ئەوەی بە ڕەسمی سوێند بخۆن، نوێنەرانی یان پەرلەمانتارەکانی سەر بە پارتی کاری گەل لەناو ئەنجومەن و هۆڵی پەرلەماندا کۆنفرانسێکی رۆژنامەگەرییان بەست کە لە ناویاندا نوێنەری دیاربەکر(فەهی ئیشلکەر) بوو وتی : (ناوەرۆکی ئەم سوێند خواردنە بوونی نەتەوەی کورد ڕەت دەکاتەوە لەگەڵ دیموکراسی مافی مرۆڤ و ئاشتی و برایەتی گەلی کورد و تورکدا ناکۆکە) .(٥١ ،٦، ١١، ١٩٩١) .

ئەندامانی پەرلەمان کە سەر بە لیستی پارتی کاری گەل بوون و بە لیستی پارتی سۆسیال دیموکراتی گەلی تورکیا هەڵبژێردرابوون رایانگەیاند کە ئەوان لەژێر فشاری دەستووردا ئەو سوێندە دەخۆن . وتەکانی هەردوو پەرلەمانتاری سەر بە پارتی کاری گەل کە بە زمانی کوردی بوو لە کاتی سوێند خواردنەکە بووە هۆی ناڕەزایی توند لە لایەن سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی گەل و ئێردال ئینۆن و سەرۆك کۆمار (تۆرگۆت ئۆزال) و ......هتد .

لە درێژەی سیاسەتی ڕەشبگیری و سەرکوتکردنی نیشتمانپەروەرانی کورددا دادگەی ئاسایشی دەوڵەت لە ئەنقەرە لە (٩) ی ئۆکتۆبەری (١٩٩٣) دا دەستی بە پرۆسەی دادگەییکردنی پارتی دیموکرات کرد. حکومەتی تورکیا پارتی دیموکراتی بەوە تاوانبارکرد کە پڕوپاگەندە بۆ پارچە پارچەکردنی وڵات دەکات. ئەو وڵاتەی کە بە هیچ جۆرێ خۆی و نەتەوەکەی قابیلی لێکترازان نیە.

دەسەڵاتداران داوایان لە دادگە دەکرد ئەندامانی پارتی دیموکرات بە مادەی(٩و٢٠) ی یاسای ژمارە (٣٧١٣) ی دژی تیرۆریزم تاوانبار بکات. دادوەر بڕیاریدا یەشا کایە(١٠) ساڵ بە گوێرەی مادەی (٩-٢٥) لە یاسای ژمارە(٢٨٤٥) و مادەی (١-٨) ی یاسای تیرۆریزم زیندانی بکرێت. دواتر یەشار کایە دوای(٨٢) ڕۆژ زیندانی لە (٨) ی

دیسەمبەری ساڵی (١٩٩٣) دا لە کۆبوونـەوەی دادگـەیی ئاسایـشدا ئـازادکرا .پـارتی دیموکرات کە بە دۆخێکی سەختدا تێپـەر دەبـوو (١٤) ئەنـدامی شـارەوانی و پارێزگـە بڕیاریاندا ببن بە ئەندامی ئەم حیزبە. ئەمەش وا لێکدرایـەوە کـە پـشتگیری سیاسـی و پشتگیری جەماوەری لەم پارتە دەکەن .لە راستیدا رەوشی ولات بە جۆرێك گرژببوو کـە کاربەدەستتان ورەیان نەمابوو، چونکە زەرەر و خەسارەتێکی زۆریـان لـەوە کردبـوو کـە کێشەی کورد بە بێ چارەسەر مابۆوە. لەو بار و رەوشەدا و لە نۆڤەمبـەری (١٩٩٣) دا کۆمەڵەی پیشەسازان و سەرمایەدارانی تورکیا روویان لە حکومەت کردوو داوایان لێکرد کێشەی (تیرۆر) لە وڵاتدا چارەسەر بکات، چونکە هێشتنەوەی ئەم کێشەیە هەروا بـەبێ چارەســەرێکی ئـابووری ولات تووشـی لـەرزین دەکـات. لـە راگەیاندنەکـەدا هـاتبوو سەرمایەدارانی تورکیا زۆر نیگەرانن لەوەی کە لـە نێـوان کـورد و تورکـدا پێکـدادانی ترسناك هەیە و تا دێت فراوانتر دەبێت. هـەر بۆیـە پێیـان وابـوو کـە پەرلـەمان دەبـێ خەریکی دانانی بەرنامەیەکی بەهێزبێت بۆ چارەسەرکردنی ئـەو کێـشە کۆمەڵایـەتی و نەتەوەییە توندوتیژە . بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو قەیرانەشدا پێویست بە دانانی یاسای گونجاو دەکات بۆ ئەوەی لە رۆژهەڵاتی وڵاتدا ئەو بارودۆخە نـەمێنێ، رێگـە چارەی دووەم بـە بۆچوونی سەرۆك حکومەت بریتییە لە پێکهێنانی هێزێکی سەربازی ئەوتۆی کۆماندۆس کە تایبەت بێت بۆ ئەوەی لە هەرکات و ساتێکدا و بەپەلە بەرپەرچی تیرۆرستان بداتەوە و لە هەموو خاڵە گەرمەکانـدا وێـرا بگـا و ڕاویـان بـنێ (١٥ ، لا ، ١٢٨) سـاڵی (١٩٩٤) دا هەڵبژاردنی دەسەڵاتی ناوچەکان دەستیان پێکرد کە لە ژێر چاودێری سوپادا بەڕێوە دەچوو. (PKK) فەرمان یدا خەڵکی دەنگ بەو هەڵبژاردنە نـەدەن و بەشـداری تێدا نەکەن، پارتی دیموکراتیش بە هەمان شێوە بڕیاریـدا بەشـداری لـەم هەڵبژاردنـەدا نەکات، چونکە پێشتر بەر ڕەشبگیری بەرفراوانی لەشکری ئاسایشی تورك کەوتبوون، ئەم بانگەوازە بێ وەڵام نەمایەوە، بەڵکو لە کوردستانی تورکیادا زیاتر ئەو کەسانەی مـافی دەنگدانییان هەبوو پشتیان لە هەڵبژاردنەکە کرد، بە پێی یاسای تورکی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرەملییە واتە هەموو ئەوانەی مافی دەنگدانییان هەیە و دەبێ بەشدار لە پرۆسەی دەنگداندا، ئەوەی نەچێ دووچاری سزا دەبێتەوە ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە

لە تیرۆری دەوڵەت .لە ئازاری (١٩٩٤) دا حکومەتی تورکیا مافی پاراستنی ئەندامێتی پەرلەمانییان لە گروپێکی پەرلەمێنتاری کوردی سەر بە پارتی دیموکرات سەندەوە (خەتیب ،دیجلە، ئۆرخان دۆغان، ئەحمەد تورك، لەیلا زانا، سیرِی ساکیك، سەلیم سادق، مەحمود ئەلنق) ئەوانە لەو گروپە بوو کە زۆرترین دەنگییان بە دەستهێنابوو لە هەڵبژارنەکانی شارەوانی و دەسەڵاتە لۆکالییەکانی ئەو ناوچانەی کە کوردی تێدا دەژیا، ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیا مافی پارێزراوی ئەندامێتی پەرلەمانییان لێسەندنەوە تەنها لەبەرئەوەی لە پێش هەڵبژاردنەکان و لەناو پەرلەماندا باسی کێشەی کوردییان کردبوو .هەموو ئەو تاوانانەی کە ئەو پەرلەمانتارانە کردبوو یان وەك لە ناوەڕۆکی حوکمەکەدا دەردەکەوێ کە دەسەڵاتدارانی تورك ئاراستەیانی کردبوو، تەنها باسیان لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد کردبوو لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی، هەندێ لەو تۆمەتانەی کە خرابوونە پاڵ ئەندام پەرلەمانەکان بە رووکەش هەر زۆر ناکۆکبوون، بۆ نمونە: (لەیلا زانا) بەوە تۆمەتبارکرابوو کە لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا ڕەنگی ئاڵای کوردستانی لە جلوبەرگەکانی خۆیدا بەکارهێنابوو، هەموو ئەمانە زۆر بە قووڵی و توندی پێشێلکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤە کە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڕیاری لەسەر دراوە، پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتییە لەبارەی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی مرۆڤەوە کە بۆی زامنکراوە جا لە هەر شوێنێك بژی (٤٣ ، ١٩٩٤ ، ژ ، ٧ ، لا ، ١٤)(نوری باتور) لە وتارێکیدا لە هاوینی (١٩٩٤) دا * کە لە رۆژنامەی (میللەتدا) بڵاوی کردبۆوە سەبارەت بە رووداوە سیاسییەکانی تورکیا لەوە ئاگاداری کردبوونەوە کە سەرۆکەکانی وڵات لەم دواییەدا هەندێ ئاگاداری وایان داوە کە زەرەری زۆریان بە تورکیا گەیاندووە. قسەکە زیاتر لەسەر زەوتکردنی مافی پارێزراوی کوردەکانی ئەو پارتانەن کە سەر بە حکومەت نین، (نوری باتور) ئەوەشی وتبوو کە تورکیا ناتوانێ حساب بۆ ڕای دیموکراسیيانەی ئەورووپا نەکات و دەبێ گۆڕانکاری بەرچاویش لە دەستووردا بکات لە پێناوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا (هەمان — سەرچاوە — ١٩٩٤ — لا ٦ لا ٨) هەر ئەو کاتە سەرۆکی(CIA) پاوەڵ کە لە تورکیا لە شاری (خەنزە) بوو لە تەمووزی(١٩٩٤) دا وتی: دەوڵەتی تورکیا وەك چۆن

لە رابردوودا ناوەندی بوو هەرواش دەمێنێتەوە، ئەگەرچی کێشەی کورد کێشەی سەرەکی تورکیایە، دەکرێ چارەسەر بکرێ، بۆ ئەمەش پێویست بە سەرکردایەتییەکی سیاسی تێکەڵاو دەکات کە ناکرێ کێشەی کورد بە رێگەی عەسکەری چارەسەر بکرێت، پاول لە درێژەی قسەکانیدا وتی: پێویستە رێگەچارەی سیاسی بۆ ئەو ململانێیە بدۆزینەوە (هەمان سەرچاوە ۱۹۹٤ ، ژ٦ ،/ لا ۹) (سەکین سریەنجی)کە یەکێکە لە هەرە سەرمایەدارە گەورە و ناودارەکانی تورکیا لە وتەیەکیدا لە بەرەو رووی جەماوەری (دیاربەکر) پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئەزموونی ئیسپانیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەکاربهێنرێ لێرەشدا مەبەستی لە باسکەکان بوو، کە کوردیش وەك ئەوان لە تورکیا ئۆتۆنۆمییان پێبدرێت .ئەم راگەیاندنانە راستەوخۆ لە دوای ئەوە کرا کە راپۆرتێکییان بڵاوکردبۆوە تیایدا هاتبوو: تورکیا ناتوانێ لە رێگەی سەربازییەوە چارەسەری کێشەی کورد بکات، سەرمایەدارەکە ئەوەشی وت کە پێش ئەوەی سەرمایە بخرێتەگەڕ بۆ ناوچەکە پێویستە هێمنی و ئارامی تیایدا بەرقەرار بێت و سیاسەتمەندارانی بەوە تاوانبارکرد کە تا ئێستە نەیانتوانیوە سەقامگیری لە ناوچە کوردییەکاندا دابین بکەن .ئەو پیاوە حسابی ئەوەی نەکردبوو کە قسەکانی لەلایەن دادوەری دادگەی ئاسایشی دیاربەکرەوە تۆمارکراوە و بە تێکدەر قسەکانی لێکدراوەتەوە. (سریەنجی) وەك تاوانبار لە دادگە داوای لەسەر تۆمارکراو بە پێی یاسای دژە تیرۆر و بە پێی مادەی (هاندان و ئاژاوەنانەوەی نەتەوایەتی) هەڕەشەی زیندانی لێکرا. ئەم جۆرە یاسایە کۆسپی سەرەکییە لەسەر رێگەی تورکیا بۆ بوونی بە ئەندام لە یەکێتی گومرگی ئەوروپادا. لەبەرئەوە پەرلەمانی ئەوروپی داوایانکرد بە زووترین کات ئەو یاسایە لاببەن کە پێشێلکەری مافی مرۆڤە و رێخۆشکەری سزادانی هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی جیاوازە . ئەوسا تورکیا بە دەست قەیرانێکی نەتەوەیی گشتییەوە دەیناڵاند کە بێ شك ئەنجامی جەنگێکی دڕندانەی ساڵانێکی دوورو درێژ بوو کە لە کوردستاندا بەرپایان کردبوو. سەرهەڵدانی ئەم جۆرە قەیرانە بووە هۆی ئەوەی(تانسۆ چیلەر) ی سەرۆك وەزیران لە ساڵی (۱۹۹٥) دا دەست لەکار بکێشێتەوە. لە ژێر رۆشنایی قسەکانی پێشوومانداا دەتوانین بڵێین کە لە نیوەی یەکەمی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا و سەرباری

هەموو سیاسەتی کۆنەپەرستانەی حکومەتی تورکیـا لەگـەڵ ئەوەشـدا پـارتی سیاسـی ئۆپۆزسیۆنی سەر بە کورد بە ئاشکرا وەك خاوەن ڕێکخستنێکی بەهێز سەری هەڵدا و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆماری تورکیادا تـوانی ئەنجومـەنی بـاڵای نەتـەوەی تورکیـا بەکاربهێنێ بۆ بەرژەوەندییەکانی جوڵانەوەی نەتەوەی ڕزگاریخوازی کوردسـتانی بـاکوور. ئەم کێشەیە خەسڵەتێکی نێودەوڵەتی بەخۆوە گـرت کاتێـك شـەش ئەنـدام پەرلـەمانی نەرویژ سیاسـەتی ڕژێمـی تورکیـای دژ بـە کوردییـان ڕیـسواکرد و بـەردەوامبوون لـە پشتگیریکردنی ورەی پەرلەمانتارە کوردەکـان و ئەنجومـەنی بـاڵای نەتـەوەی تورکیـا و پێشنیازی ئەوەشیان کرد خەڵاتی(نۆبڵ)پێشکەش بـە(لـەیلا زانـا) بکرێـت بـۆ ئـەو کارانەی کە لە پێناوی ئاشتیدا نواندبووی.(لەیلا زانا) کە ئەنـدامی ئەنجومـەنی بـاڵای نەتەوەی تورکیا بوو لەسەر لیستی پارتی دیموکرات لە دیسەمبەر و لە کانوونی یەکەمی (١٩٩٤) دا بۆ ماوەی (١٥) ساڵ حوکمی زیندانی لە لایەن دادگەی تورکیـاوە بەسـەردا سەپێندرا (٤٢ ، ب/م ، ١٩٩٥ ،ژ،٢٥) بەمجۆرە تورکیا لە دۆخێکـی سـەختدابوو کـە دواجار کەلێنێکی دۆزییەوە بۆ ئەوەی هەندێجار لە ماددەکانی دەستووری وڵات بگـۆڕێ و مکیاجیان بکات. دوای دوو هەفتە لێدوان و قـسەکردن لەسـەر هـەمواركردنی (٢١) ماددەی پێشنیازکراو تەنها(٥) ماددەیان هەمووارکرد. ئەگەر داواکارییەکانی ئەوروپا لە هەموارکردنی ماددەکانی دەستووری تورکیا جێبەجێ نەکرێت، ئـەوا بـە پێـی هـەواڵی ڕۆیتەر پەرلەمانی ئەوروپا ئامادە نییە پشتگیری لە ڕێککەوتننامەی گـومرگی لەگـەڵ تورکیادا بکات (٤٣ ، ١٩٩٥ ،ژ ، ١٠ ، لا ، ٢٥) .

*هێزەکانی تورکیا بە ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، هاتبوونە ناو خاکی کوردستانی عێراق، بە هیچ جۆرێ دووچاری شەڕ و پێکدادان نەهاتن لەگەڵ هەروەها چەند ڕۆژێك پێش دەستوور لە چەندین شاردا دەستیان بە گـرتن و ڕاونـانی خـەڵك کـرد. حکومـەت هەڕەشەی لە خەڵك دەکرد ئەوەی دەنگ نەدا بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانی دەکرێت ئەم جۆرە هەڕەشـەلێکردنە جۆرێـك لـە تـرس و دڵەڕاوکێ و نائارامی خستبووە دڵی خەڵکەوە .

*هێزی پ.م، چونکە ئەو کاتە هێزەکانی (پ.د.ك) ئەوەندە لاواز بوو تەنها پێیان دەکرا خۆیان لـە شـەڕ بـە دوور بگـرن نـەك بەرگری بکەن، نووسەر لە نووسینی ئەم بابەتە ئاماژەی بە هیچ سەرچاوەیەك نەکردووە کە ڕۆڵی نێودەوڵەتی ئەم پەلامارە عەسکەرییەی تورکیای مەحکوم کردبێ، بە تایبەت کە ڕەزامەندی حکومەتی عێراقی لەسەر بووە. تەنها (ی.ن.ك)و هێزەکوردییەکان ڕیسوایان کرد .(وەرگێڕ)

ئەنجام

لە دیسەمبەری (١٩٩٨) دا وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بانگەوازێکی بۆ میللەتانی ئەوروپا لەژێر ناوێکی ئیستفزازی (تیرۆریزم PKK) دا ئامادەکرد.

(٤، ١٩٩٨، لا، ٥٥-٤٤) ئەم دەکومێنتە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە کارو چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا باس لە هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی تورك دەکات سەبارەت بەوەی داخوا کێشەی کورد بوونی هەیە لە تورکیا ؟ ئایا بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تورکیا قەدەغەیە ؟ لە خوارەوە بە کورتی ناوەڕۆکی ئەو دەکومێنتە دەخەینە ڕوو .

لە دەکومێنتی یەکەمدا هاتووە :

(دەوڵەت جیاوازی لە نێوان هاووڵاتییاندا بە ماکی نەتەوەیی ناکات و باس لە وابەستە نەتەوەییەکان ناکات لە کاتی سەرژمێرییەکانی هاووڵاتییاندا لە تورکیا و هیچ حساب بۆ ڕەگەز و خاڵی نەتەوەییان نەکراوە. بەڵام ئەمە هیچ کات ڕێگر نەبووە لە بەردەم هاووڵاتییانی ئێرەو ئەوێ لە روانگەی دەستنیشانکردنی چەمکی نەتەوەیی کە خۆیان بە چی دەزانن یان سەر بە کام نەتەوەن ئەمە کارێکە پەیوەندی بە تاك خۆیەوە هەیە و تەواو بوارێکی کەسێتییە. راگەیاندنی ئاشکرای ئەمانە کە سەر بە کام ڕەگەزی نەتەوایەتین ئەوا نە بە یاساو نە بە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان قەدەغە نییە، سیاسەتی فرە حزبی و ئازادی هەڵبژاردن کە دەسەڵاتی لۆکالی خۆبەڕێوەبردن بەهێز دەکەن بە خەسڵەتێکی دیموکراسییانەی ژیانی تورکیا دەژمێررێت. دەوڵەت و میللەت لە لایەن دەستووری تورکیاوە لە یەکتر جیانابنەوە، یەکسانی هاووڵاتییان بەرامبەر یاسا بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزی ئاینی و نەژادی و (ئێتنیکی) نەتەوەییان بە هۆکاری مێژووی و کولتووری و بە گوێرەی پابەندییەکانی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە

چەمکی کەمینە) بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ هەندێ گروپی لابەلا بەکاردێت کە موسوڵمان نین. هاووڵاتییانی ئێمە کە بە ڕەگەز و نەژادی نەتەوەیی بە کورد دادەنرێن دووچاری چەوساندنەوە نابنەوە و هەستدەکەن ئەندامێکی یەکسانی کۆمەڵگەن و زۆر لەوانە پۆستی بەرزییان لە کۆمار وەرگرتووە، ئەوان توانایەکی یەکسان و چارەنووسێکی هاوشێوەی باقی تری دانیشتوانی وڵاتیان هەیە. لە جوگرافیای سیاسی تورکیادا فاکتەری نەتەوەیی هیچ رۆڵێکی نییە بۆ نمونە بەشی هەرە زۆری هاووڵاتییانی تورکیا بە ڕەگەز کوردن لە ڕۆژئاوای وڵات دەژین. زۆربەیان لە(ئەستەمبوڵ) نیشتەجێبوون، تەنانەت لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا هاووڵاتییانی تورکیای بە ڕەگەز کورد بە زۆرینە حسێب ناکرێن، دروستبوونی دەوڵەتی سانای (موحدە) (ساکاری) یەکگرتوو تەعبیر لە یەکسانی و یەکگرتووی ناوچە جوگرافیاکانی جیاجیای تورکیا دەکات. لەبەرئەوەی تورکیا ناتوانێ لە هەوڵ و کۆششی کوردەکان تێنەگا و پەسەندی نەکات و لێدوان و ڕێز لە هەوڵە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییە یاساییەکانی نەگرێ وەك ئەوەی هاووڵاتییانی تورکیا کە ڕەگەزی نەتەوایەتییان کوردە بریتیین لە کۆمەڵێکی لابەلای تر. ئەوان بەشێکن لەو میللەتەی کە چەندین سەدەیە هاوبەشن لە زمان و بەها و ئاین و کولتوور و نیشتیمانپەروەری، مێژووی هاوبەش دادەنرێت. دانیشتوانی باشووری-ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ وەك تەواوی دانیشتوانی بەشەکانی تری وڵات لە ژیانی سیاسی تورکیادا بەشدارن: لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانییان ئەوان بە ئازادی خۆیان لەبارەی بەڕێوەبردنی خۆیان لە ناوچەکاندا ڕادەگەیەنن لە شارەوانی و پەرلەمان و لە حکومەتی ناوەندیدا.

بنەماکان و مافی ئازادی گشتی هاووڵاتییانی تورکیا بە شێوەیەك دابیندەکرێ کە لەگەڵ دۆخی دەستووردا بگونجێ.هیچ یەك لەو هاووڵاتییانەی کە بە نەتەوە کوردە و بەشداری کاری سیاسی دەکات و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا تەعبیر لە کوردبوونی خۆی دەکات نە دەچەوسێنرێتەوە و نە ئیهانە دەکرێت و نە ڕاودەنرێت هەرچەند تاوانباریش کرابێت بەبێ پێچەوانە لەم بوارەدا. بەڵام کار و ڕاگەیاندن دژی یەکپارچەیی خاکی تورکیا

بەپێی یاسا دووچاری لێپرسینەوە دەبێت (٤, لا, ٣٠, ٣٠). لە دەکومێنتی دووەمدا هاتووە:

بە پێچەوانەی هەندێ لەو کوردانەی کە پێشوەخت حوکمی خۆیان دەدەن لە تورکیا هیچ سنوورێك دانەنراوە بۆ بەکارهێنانی زمانی جیاجیا، ئەمڕۆ لە تورکیا لە سەرانسەری وڵاتدا چەندین رادیۆ و تەلەفزیۆنی جیاجیا هەن و تایبەتن لە بڵاوکردنەوەی چۆن بە زمانی تورکی ئاواش بە دیالێکتی جیاجیای زمانی کوردی. پێویستە باس لەوەش بکەین کە زمانی کوردی زەحمەتە بە زمانێکی یەکگرتوو دابنرێ. چۆن لە بواری زانستی زمان و ئاواش لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە زۆر لە زانایان جەخت لەسەر ئەو بەڵگەیە دەکەنەوە کە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا زۆر زمان و دیالێکتی ناوچەی جیاجیا هەن وەك زازا و کرمانجی کە لێکچوونەکانی نێوانییان لە لێکچوونی نێوان فەرەنسی و ئینگلیزی زیاتر نیە. ئەو زمان و لەهجە ناوچەییانە ئەوەندە لە یەکتر دوورن کە خەڵکی گوندێك ناتوانێ لە دانیشتوانی گوندێکی دراوسێی خۆی حاڵی ببێ، هەر بۆیە پەنا دەبەنە بەر زمانی تورکی وەك زمانی یەکگرتووی نێوانیان بۆ یەکتر تێگەیشتن و حاڵیبوون. زمانی رەسمی لە تورکیا زمانی تورکییە، بەڵام زمانەکانی وەك ئەرمەنی، یۆنانی، دیالێکتی جیاجیای کوردی و لە تەك زمانەکانی تر لە ژیانی رۆژانەدا بە ئازادی هەڤپەیڤییان پێدەکرێ، بەڵام لە وڵاتدا تەنها یەك زمانی فەرمی هەیە کە ئەویش تورکییە.

هەروەها دەبێ بگوترێ کە تەعبیرکردن لە پێوەنداریتی(إنتمای) نەتەوەیی وەك بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی وەك کارێکی کەسی و تایبەت تەماشا دەکرێت. لەبەرئەوە ئەم پرسە لە یاسارێژیدا (تشریع) باسی لێوە ناکرێ و لە لایەن دەوڵەتیشەوە رێکناخرێن .

زمانی تورکی بە زمانی کۆماری تورکیا دادەنرێت، لەبەرئەوە بە تاکە زمانی فەرمی خوێندن و نووسین دادەنرێت. زۆربەی وڵاتە دیموکراتییەکانیش هەروان . ئەگەرچی توانایی گەشەپێدانی زمانە ناوچەییەکان هەیە، هەروەها دیالێکتەکان بە رەسمی بکرێنە زمانی دەوڵەت بەڵام ئەمە واقیعی نیە و ناگونجێ. (٤ ، لا ، ٣٢).

لە درێژەی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی تورکیا دەربارەی کێشەی کورد لە ئەیلولی (سێپتەمبەر) ساڵی (٢٠٠١) پەرلەمانی تورکیا یاسایەکی لە بارەی زمانەوە

هەموارکرد و بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ رادیۆ و رۆژنامەکان ئازادکرد. بۆ ئەم هەموارکردنە لە (٥٥٠) پەرلەمانتار(٣٩٧) کەس دەنگیدا بۆ گۆڕانکاری لەو یاسایانەی کە هەیە، هەر بەم بۆنەیەوە برۆکسل پێشنیازی زنجیرەیەك هەموارکردنی کردبوو پێش هەمووشیان گۆڕینی یاسای لە سێدارەدان (تەنها تاوانی عەسکەری و تیرۆریستی نەبێ) کە لابردنی ئەمەش قەدەغەیە چونکە لەسەر هەندێ پارت و رێکخراوی سیاسی دانراوە. لەوانەیە ئەم هەموارکردنە سەرەتایەك بێت بۆ دەسپێکردنی ریفۆرم و لەژێر ستانداردی ئەوروپیدا بەڕێوەبچێ، کە لەوانەیە یارمەتی تورکیا بدات ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا .

بەڵام هەموارکردنەکە بە جۆرێ کرا کە هەندێ سنووردار بوو، بۆ نموونە تیایدا هاتووە : بەکارهێنانی زمانی کوردی لەوانەیە سنووردار بکرێت بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و یاسا و داکۆکیکردن لە نیزامی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و بنەما و پرینسیپەکانی کۆمار و بۆ هێشتنەوە و پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی . هێشتا کانونی یەکەم (دیسەمبەر) ی (١٩٩٩) بوو کە یەکێتی ئەوروپا چەندین مەرجی لە بەردەم تورکیا دانا بۆ ئەوەی قەدەغەکردنی هەموو زمانەکان جگە لە زمانی تورکی هەڵبوەشێتەوە. بەڵام حکومەتی تورکیا هەموو جار دژی جێبەجێکردنی دەوەستا، ئەوەیان بە بیانوو دێنایەوە کە ئەو جۆرە کارە دەبێتە هۆی ئەوەی جوداخوازەکان چەند هەنگاوێك بەکاربێنن بۆ لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی دەوڵەت .

لە ئۆکتۆبەری(٢٠٠١) دا جوڵانەوەی خوێندکارانی کورد چالاکانە کێشەکەیان بەرزکردەوە، ئەویش چاوخشاندنەوە بوو بە مادەی (٤٢) دەستووری کۆماری تورکیا، کە دەڵێ هاووڵاتییانی تورکیا جگە لە زمانی تورکی ناتوانن بە هیچ زمانێکی تر بخوێنن .لە سەرەتایی ساڵی(٢٠٠٢) دا زیاتر لە (١٥٠) خوێندکاری زۆربەی زانکۆکانی تورکیا داوایان لە حکومەت کرد چاوێك بەو مادەیەدا بخشێنێتەوە و رێگە بدەن بە زمانی کوردی بخوێندرێ .

بەڵام دەزگەکانی تۆقاندن بە توندی بەرپێچی ئەو داواکارییەیان دایەوە هەروەها دەزگەکانی سەربازی و رۆشنگەریش هەمان هەڵوێستیان هەبوو. خوێندکارە کوردەکان

دەستییان بە پڕوپاگەندەیەکی بەربڵاوکرد بۆ دروستکردنی رای گشتی بە مەبەستی پێشکەشکردنی داواکاریە رەواکەیان، بە مەبەستی لابردنی هەرە لەسەر یەکپارچەیی وڵات داواکاری خوێندکاران پشتگوێ خرا. جگە لەمەش دەیان کەس لە خوێندکارانی کوردی چالاك دەستگیرکران و بە جوداخواز و نانەوەی دووبەرەکی تۆمەتبارکران (٤٥ ، ٢٠٠٢ ، جەنیوەری ، لا ن ١) .

سەرچاوەکان

Использованные источники и литература

1. Итоги войны в Северо-Западном(Турецком) Курдистане (15.ШУ.1984 - 14.УШ.1994), 1994 б/м.
2. Конституция Турецкой республики - "Современная Турция". 1958.
3. Международная политика новейшего времени в договорах, нотах и декларациях". Т.Ш. вып. П.М., 1929.
4. Министерство иностранных дел. Терроризм РПК. Анкара 1998.
5. Севрский мирный договор и акты, подписанные в Лозанне. М., 1927.
6. Güneydoğu. Birinci Genel Müfettişlik Bölgesi İstanbul, 1939.
7. [illegible]
8. İstatistik yıllığı.
9. T.C. Resmi Gazete.
10. Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, Ankara, İstanbul, 1960.
11. Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, Ankara, 1982.
12. 14 Ekim Seçimlerinde kitlelere gerçek yolunu gösterecem. Bitlis, 1979.
13. Васильев К. Причины и движущие силы курдских восстаний,- "Аграрные проблемы" М., 1931, кн. 9-10.
14. Гасратян М.А. Курды Турции в новейшее время, Ереван, 1990.

15. Гасретян М.А. Курдская проблема в Турции. М., 2001.

16. Мустафа Кемаль. Путь новой Турции. т. I., М., 1929.

17. Новичев А.Д. Крестьянство Турции в новейшее время. М., 1959.

18. Прокофьев. Агрессивный блок СЕНТО., М., 1963.

19. Сасуни К. Национальные движения курдов и армяно-курдские отношения. Бейрут, 1969 (на арабском языке).

20. Aydemir Ş. S. İkinci Adam. İsmet İnönü, cilt I, İstanbul, 1968.

21. Akşin V. E. Sivas Kongresi. İstanbul, 1963.

22. Atatürk'ün Söylev ve Demeçleri, cilt I, İstanbul, 1945.

23. Aytar Osman. Hamidiye Alaylarından Köy Korucuiluğuna. İstanbul, 1992.

24. Baksı M. Kürt tarihi (kısaca). Stockholm - Sverige, 1992.

25. Destroying ethnic identity. The Kurds of Turkey. A Helsinki Watch Report. 1988.

26. Beşikçi İ. Doğu Anadolu'nun Düzeni. Sosyo-ekonomik ve etnik temeller. 2. baskı, İstanbul, 1970.

27. Beşikçi İ. Tunceli Kanunu (1935) ve Dersim jenosidi 1990.

27a. Bozbeyli. Parti Programları (I. cilt), Ankara, 1976.

28. Dersimi M.N. Kürdistan Tarihinde Dersim, Halep, 1952.

29. Gökman M. 50 yılın Tutanağı. 1923-1973, İstanbul, 1973.

30. İnanç A., Coşar İ. İttihatçıların İç Yüzü, cilt I, İstanbul, 1966.

31. Gönen Gözey [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]
20 yılı (1923–1943), Ankara, 199[illegible].
32. Karal E. Z. Türkiye Cumhuriyeti Tarihi
(1918–1960), İstanbul, 19[illegible].
33. Kavukçuoğlu H. 27 Mayıs ve yön hareketinin
sınıfsal eleştirisi. İstanbul, 19[illegible].
34. Kinnane D. The Kurds and Kurdistan
London – New York, 1964.
35. Köseleciler [illegible] Eski ve yeni toprak, toprak kanunları
ve uygulama kılavuzu. Ankara, 1952
36. Ölmez A. O. Türkiye siyasetinde dağram.
ikinci baskı. Köln, 1996.
37. Öztürk K. Türkiye Cumhuriyeti Anayasası
(Tutanakları), cilt I. Ankara, 1966.
[illegible], Ankara, 1973.
38. Tip Dergisi, Ankara, 1968.
39. Tamer M. Şeyh Sait ve isyanı. Ankara, 1963.
40. Vang. de Kurdistan et la Question nationale,
Paris, 1966.

41. Известия
42. Комитет Курдистан. (Информационный бюллетень) Б.М.
43. Курдистан рапорт
44. Новое время.
45. Новейший Курдистан
46. Правда
47. Проблемы мира и социализма.
48. Akjam

49. Azina Welat
50. Avanti
51. Cumhuriyet
52. Durum
53. Dünya
54. Geno-doğru
55. Denge Komkar
56. Forum
57. Gazet
58. Hürriyet
59. Yodanlml
60. Kurdish facts and West = Asian affairs
61. Kürdistan
62. Milliyet
63. Nistiman
64 New-week
65. Özgürlük
66. Riya Azadi
67. Ronahi
68. Serxwebun
69. Somut
70. Son Posta
71. Tercuman
72. Turkish Daily News
73 Türkiye Postası
74. Vatan
75. Yeni Ülke
76. Bahoz